# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە چوار- ١٩٩٢

## لەم ژمارەیەدا:

■ بەرەو سەرکەوتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لەبەردەم مێژوودا !

■ کورتەیەک دەربارەی ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا

■ ڕۆڵی فاکتەری مەزهەبی لە لکاندنی کوردستانی خواروو بە عیراقەوە

■ سیستەمی نوێی جیهانی و کێشەی کوردستان

■ کۆتایی کابووس

■ دۆسییەی ئافرەتی کورد

هەواڵنامەی کتێب

# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە چوار - ١٩٩٢


سەرنووسەر: رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم



ناونیشان
RaBûN
Post Restante
126 11 Stockholm 32
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 5 - 1121 626



ISSN 1102-4372

دەروازە

# سوپاس بۆ ماندێلا

لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، هەواڵی بەخشینی (خەڵاتی ئەتاتورک) بە تێکۆشەر و خەباتگێڕی (٢٨) ساڵ لە زینداندا، نێلسۆن ماندێلا لە چاپەمەنییەکانی جیهاندا بڵاوکرایەوە.

ماندێلا رابەری رێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا (CNA) کە بە بەرجەستەترین سەرکردەی ئەفریقیایی دژ بە رەگەزپەرستی ناسراوە و، ئەرازی جیهان بە ناوبانگی ناسیان و، بۆتە نیشانەی ئازادی یەکسانی نێوان مرۆڤ و سەربەخۆیی گەلان. بەڵکو ئەم خەڵاتەی رەتکردەوە و رێگای تێدا حوکمڕانانی چرترکی خوێناوی تورکیای رەگەزپەرست بەرامبەر بە کورد و، پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا، پێچی خۆیان لە پەنای ئەودا بشارنەوە و کەڵکی خراپ لە ناوداریی تێکۆشەرانەی وەرگرن.

رۆژی ١٣/٥/١٩٩٢ پێش خاتوو (جیبل مارکوس) قسەکەری کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا رایگەیاند کە ماندێلا ئەم خەڵاتەی بۆیە رەتکردەوە، چونکە حکومەتی ئەنقەرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: وەهەر کەسێکیش لەم رووەوە پرسیاری هەیە بایەرا بۆ ماوەیەکی کەم خۆی بکا بە کورد.

ئەم هەڵوێستەی ماندێلا سەرەڕای ئەوەی پشتیوانییە لە مافی مرۆڤ لە تورکیا، هەڵوێستێکی دۆستانە و داکۆکیکردنیشە لە گەلی کوردستان. بە تایبەتی ئەگەر سەرنجی کاتی بەخشینی خەڵاتەکە بدەین، کە لەگەڵ لەشکرکێشی ئەنقەرا بۆ سەر کوردستان هاوکات بوو.

سوپاس بۆ زیندانشکێنی کێشوەری رەشتاڵەکە.

---

* تکا لە هەموو ئەو نووسەرە هێژایانە دەکەین کە بابەتمان بۆ دەنێرن، بەرهەمەکانیان بە خەتێکی رەوان بنووسنەوە و، چەند دەتوانن، یان چەند بە باشی دەزانن، شێوە رێنووسی گۆڤارەکە لەبەرچاو بگرن.

* هەر بابەتێکی وەرگێڕدراو ئەگەر راستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە، واتا لەو زمانەوە کە پێی نووسراوە، نەکرابێ بە کوردی بڵاوی ناکەینەوە.

---

بەرگی دووەم:
خێزان - هونەرمەند: مدحەت کاکەیی

# بابەتەکان


بەرەو سەرکەوتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لەبەردەم مێژوودا.......... ٥ دەستەی نووسەران
با ئەم دەستکەوتە نەتەوایەتییە لەدەست نەدەین.......... ٩ کاروان


## باس و لێکۆڵینەوە


کورتەیەک دەربارەی ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا ١١ ڕەشاد میران
ڕۆڵی فاکتەری مەزهەبی لە لکاندنی کوردستانی خواروو بە عێراقەوە .......... ٢١ ڕەفیق سابیر
سیستەمی نوێی جیهانی و کێشەی کوردستان .......... ٣٢ هاشم کۆچانی


## دۆسییەی ئافرەتی کورد


بە دایکبوون، ناوی دایک .......... ٤٣ بیرتۆلت بریشت
ئافرەتی کورد لە سایەی ژیانی پەنابەریدا .......... ٤٥ سامیە چاووشلی
ئافرەتی کورد لە ئەورووپا چۆن لە خۆی دەدوێت؟ .......... ٤٩ ئەزەند بەگی خانی
ژنی کورد و تابوو - ەکان .......... ٦٣ موحسین ئەحمەد عومەر
کێشەی ئافرەت، یان کێشەی نێوان هەق و ناهەق؟ .......... ٦٨ ڕێواس ئەحمەد
ئافرەت لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا (ئەزموونی کوردستان).......... ٧٣ سەحەری قارەمان
باسێ جەفاروّڤا: هەر چۆنێک بێت من هەست بە پەراگەندەیی خۆمان دەکەم! .......... ٩١ ئارام عەلی
شازادەی بێ تاج عادیلەخانم .......... ٩٥


## هونەر و داهێنان


مەرگ ...... ستان (کورتیلە چیرۆک) .......... ٩٦ زایەر عەبدوڵڵا
دە کورتیلە چیرۆک .......... ٩٨ سابیر ڕەشید
کێل .......... (شیعر) .......... ١٠٢ فرەیدون سامان
چوار هۆنراوە .......... ١٠٣ جەلال مەلەکشا
کۆتایی کابووس .......... ١٠٥ مەحموود دەوڵەت ئابادی
ئاخاوتن لەگەڵ کوردێک .......... ١١٥ مەهاباد کوردی

# بەرەو سەرکەوتنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە بەردەم مێژوودا!

یەکەمین جار بریاربوو لە مانگی ئاداردا هەڵبژاردنی پەرلەمان دەستپێبکات. بەڵام بە نیازی رێکوپێکترکردنی پرۆسەکە چەند جارێک رۆژی دەنگدان دواخرا و، ئاکام لە رۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا بە رێوەبرا.

لە دیرۆکی تازەماندا ئەم پرۆسەیە، وەک رووداوێکی مێژوویی گرنگ و بەرهەمی راپەرینی گەلەکەمان دەنووسرێتەوە و، شەوق بەو راستییە دەداتەوە کە (٧٠) ساڵی داگیرکردن و شەری جینۆساید و پرۆژەکانی ئەنفال و راگوێزان و خاکسووتان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ و کیمیایی بارانکردن نەیانتوانیووە گیانی شارستانیەت لە کوردستاندا ریشەکێش بکەن و تامەزرۆیی گەلەکەمان بۆ ژیانی دیموکراسی و رزگاریی و سەربەخۆیی بتاسێنن.

بە هەڵبژاردنی پەرلەمان، نوێنەری شەرعی و گونجاو لەگەڵ سەردەمدا، یەکێک لە داخوازییەکانی خەڵکی راپەریوی کوردستان بە دیهات. ئەگەر کەموکوری و ناتەواوییەکیش لەگەڵ پرۆسەکەدا هاوکات بوویێ (یان لێرە و لەوێش غەل و غەش روویدابێ وەک حیزبەکان رایدەگەیەنن) بایی هێندە نەبوون لە بەرامبەر مەزنی رووداوەکەدا کە نزیکەی ملیۆنێک هاوڵاتی دەنگی تیاداوە، شتێکی ئەوتۆ پێکبێنن. لەلایەکی ترەوە هەڵسەنگاندنی ئیجابیانەی هەڵبژاردنەکە لەلایەن چاودێرە جیهانییەکانەوە کە لە (١٣) وڵاتەوە چووبوونە کوردستان و، سەرپەرشتی (١٤١) لە سەرجەمی (١٧٦) مەڵبەندی هەڵبژاردنیان کردووە و، بە گەرمەوە پێشوازیکردنی خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی هەڵبژادرنەکە، شەرعیەتی ئەم پرۆسەیە دەسەلمێنن.

بە رای ئێمە رێزگرتنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و رای دەنگدەران و، چەسپاندنی ژیانی دیموکراسی و حوکمی یاسا و سەربەخۆیی و پاراستنی ئەم پرۆسە مەزنەی کە لە کوردستاندا پێی گرتووە، ئەوە دەستەبەر دەکات کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو تۆکمەتربێ و کەمتر ناتەواویی تێکەوێ.

ئەرکی هەرە لە پێشی ئەو حیزبانەی گەیشتوونەتە پەرلەمان ئەوەیە، لە رۆژانی داهاتوودا شایستەی ئەو متمانەیە بن کە خەڵک پێی کردوون.

ئەو حیزبانەش کە لەم هەڵبژاردنەدا نەگەیشتوونەتە پەرلەمان، پێویستە چاویان لە چەسپاندنی دیموکراسی وسەرکەوتنی پەرلەمان لە کاروبارەکانیدا بێ و خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکی تر ساز و ئامادە بکەن.

***

لەسەر گوتاری ژمارەی رابردووی گۆڤارەکەماندا (بەرەو پەرلەمانی کوردستان، بەرەو کۆماری کوردستان) کۆمەڵێک دیدوبۆچوون و ئەرکی پەرلەمانی چاوەڕوانکراومان وەک پێشنیار خستبووە روو. بۆیە لێرەدا تەنیا لەسەر گرنگترین ئەرکەکان جەخت دەکەین. پێمان وایە کە سێ ئەرکی بەپەلە و فرە گرنگ و چارەنووسساز کە دوارۆژی گەلەکەمان دیاری دەکەن، دەکەونە ئەستۆی پەرلەمانی ئێستای کوردستان:

یەکەم:

حکومەتی کوردستانی پێکبێنێ. حکومەتی کارو و دامەزراندن و رێکخستنەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان بێ، بە پێکهێنانی لەشکری یەکگرتووشەوە. بە نیازی گێڕانەوەی هەرچی زیاتری ژیانی ئاسایی و مەدەنی بۆ کۆمەڵگای کوردستان.

بەرای ئێمە پەرلەمان و حکومەتەکەی دەبێ لە خەباتێکی بەردەوامدابن بۆ رزگارکردنی تەواوی خاکی وڵاتەکەمان و پاراستنی یەکێتی خاکی خوارووی کوردستان لەهەر چ پەلامار و دەستدرێژیی و لووشدانێک. لە هەمان کاتدا ئەو دیموکراسیەی بەدەستهاتووە بچەسپێنرێ و ئازادییە سیاسیەکانی کۆمەڵانی خەڵک بپارێزرێ.

دووەم:

یاسای گشتی کوردستان بڕیار بدات و بیخاتە دەنگدانەوە و، هەوڵبدات مۆرکێکی یاسایی بەو سەربەخۆیی و سەرکەوتنانە ببەخشێ کە بەدەستهاتوون.

یاسا گشتییەکە پشت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس ببەستێ و، پێوەندی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق وەک دوو نیشتمان و دوو قەوارەی خاوەن دەسەڵات سەیر بکات و، بکرێتە چوارچێوە و زەمینەی هەر چ گفتوگۆ و پێوەندییەک لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، یان هەر چ لایەنێکی تردا. هیچ پرۆتۆکۆل و رێککەوتنامەیەکیش بڕیار نەدرێ، ئەگەر لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و گۆڕینی عێراق بە دەوڵەتی فیدرالی کەمتر بێ و، بە هیچ جۆرێک بۆبەر لە رۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ نەگەڕێینەوە.

لە یەکەمین دەرفەتدا ئەم یاسا گشتییە بخرێتە بەردەم رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتان و، داوایان لێبکرێ یارمەتی گەلەکەمان بدەن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکووک و خانەقین و...... هتد بۆ ناوچەکانی خۆیان تا ئەم پرۆسە دیموکراتیە و دەسەڵاتی یاسا بگاتە ناوچەکانی هێڵی (٣٤) و (٣٥)یش. لە هەمان کاتدا داوا لە UN و جیهان بکرێ فشار بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق (لە ئێستا و داهاتوودا) دەست لەشەڕی رەگەزپەرستانە و کاولکردنی کوردستان هەڵگرێ و، مل بۆ ئەو داخوازییانەی گەلەکەمان بدات کە لە رێگەی ریفراندۆم و پەرلەمان و حکومەتە شەرعییەکەیەوە دەخرێتە روو، رێگای هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکەش نەدرێ هەڕەشە و دەستدرێژیی بکاتە سەر خوارووی کوردستان و دەزگا هەڵبژێردراوەکانی.

هەر لەم چوارچێوەیەدا پەرلەمان بانگەوازێکی دۆستانە ئاراستەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رژێمی عێراق بکات وپێ لەسەر ئەوە دابگرێ کە یەکێتی خەباتی گەلی کوردستان و گەلی عێراق لە رۆژگاری ئێستادا، تێڕوانین و پێوەندییەکی تازەی گەرەکە، کە پشت بە دانان بە یەکتر و بڕیاردانی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان و گۆڕینی عێراق بە دەوڵەتێکی عەرەبی-کوردستانی ببەستێ. ئەمەش رێگا لەبەردەم هەردوو گەلەکەدا بەرەو دیموکراسی و ژیانی دەستووریی ئاسانتر دەکات. پێویستە هێزە بەرهەڵستکار و دیموکراتەکانی عێراق واقیعی تازەی کوردستان و جیهان دەرک کەن و، لەو بۆچوون و کەوڵانە بێنە دەر کە زیان بە خەباتی کوردستان و عێراق دەگەیەنێ و خزمەتی پێوەندی یەکسان و دراوسێتی و ئایندەی باشی هەردوولا ناکات.

سێیەم:

کۆششکردن بۆ چاری کێشەی ئابووری و گوزەرانی خەڵک و کەمکردنەوەی بێکاری و برسیەتی

کە بە چەشنێکی ترسناک بڵاوبوونەتەوە.

بێگومان لەم رووەوە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان رووبەرووی گەلێک سەختی دەبنەوە و رەنگە تا ماوەیەکی زۆریش نەتوانن بەسەر هەندێ لایەنیدا زاڵبن. بە تایبەتی ئەو لایەنانەی کە زادەی (٧٠) ساڵی داگیرکردنە. چجای چارەکە سەدەی ئەم دواییە کە رژێمی رەگەزپەرستی ئێستای عێراق هەموو رێگایەکی گرتۆتەبەر، بۆ ئەوەی گەلەکەمان لە بەرهەمهێنان دابڕێ و بیخاتە بارێکی ئەوتۆوە هەمیشە چاوی لەدەستی ئەو بێ. گەمارۆدانە ئابوورییەکەی ئێستاش کە ئەلقەیەکی زەقی حوکمی کۆلۆنیالیستانەی عێراقە دەرهەق کوردستان، بەو نیازەیە، کە چۆک بە گەلەکەمان و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی دابدات.

راستە لە مەیدانی ئابووری و بازرگانیدا پەرلەمان و حکومەت رووبەرووی ئەم بارودۆخە بە تاک هەڵکەوتووەی کوردستان دەبنەوە، بەڵام وەنەبێ بواری کارکردن و خۆراگرتن داخرابێ. کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و ئەگەر گەلەکەی بخرێتەوە سەرباری ئاسایی بەرهەمهێنان لە زۆر رووەوە دەتوانێ گوزەران و بژێوی ناوخۆیی مەیسەر بکات.

بەرای ئێمە پەرلەمان و حکومەت دەتوانن بەرنامەیەکی نائاسایی بۆ نموونە (شەش مانگیی یان یەکساڵیی) لەم رووەوە بڕیار بدەن بۆ:

١- ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و زیندووکردنەوە و بایەخدان بە سامانی کشتوکاڵی بە تایبەتی دانەوێڵە و، بە سامانی ئاژەڵداریی.

٢- وەکارخستنەوەی ئەو فابریکە و کارگانەی هەن.

٣- دانانی ژمارەیەکی بانکیی لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا بۆ خڕکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی مانگانە و بەردەوام لە کوردەکانی هەرچوار بەشی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. هەروا داوا لەو هاووڵاتیە کوردستانیانەش بکرێ کە بەشێکی بەرچاویان لە دەرەوەدا دەژین، بە تایبەتی برا ئاشوورییەکان لە ئەمریکا و کەنەدا، کە چالاکانە لەم رێگایەوە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیاندا بکەن. لەم رووەوە بانگەوازێک بۆ نزیکەی یەک ملیۆن کوردی ئەوروپا بنێردرێ و گرنگی ئەم ئەرکە نیشتمانیە بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەڕێوەبردنی کوردستان روونبکرێتەوە.

٤- بە توندی و بە چەشنێکی یاسایی بەربەرەکانی دزیی و (مافیا)ی سنوورەکان بکرێ. کە بوونەتە (ئابووری پێنجەم) و لە ماوەی ئەمساڵدا لێدانی قورسیان لە باری ئابووری و دارایی کوردستان سرەواندووە.

٥- هەوڵی پەیوەندی بەستنی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئێران و تورکیا و سووریادا بدرێ. بەرامبەر بەمەش باسی ئەو قازانجانەیان لەگەڵ بکرێ کە لە رووی ئابوورییەوە بۆیان دەگەرێتەوە.

لە رووی سیاسی ئەم پەیوەندییەشەوە دڵنیا بکرێن کە خوارووی کوردستان دەست لە کاروباری پارچەکانی تری کوردستان نێوەرنادات، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەن کێشەی سێ پارچەکەی تری کوردستان بەرێوشوێنی شارستانی و دیموکراتییانە چارەسەر بکرێن و یەکسانی یاسایی و نیشتمانی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی حوکمرانی ئەو سێ دەوڵەتەدا بە دەستبێ و، ئاسایش بۆ تەواوی کوردستان و ناوچەکە بگەرێتەوە.

٦- بە نیازی بەردەوامی و پتربوونی ئەو یارمەتیانەی تائێستا بۆ کوردستان نێردراون، پەیوەندی توند وتۆڵی کوردستان بە ئەوروپا و دنیاوە زیاتر بکرێ. پێ لەسەر ئەوەش دابگیرێ کە

کوردستان ناوچەیەکی رزگارکراوە و دامودەزگای هەڵبژێردراو و شەرعی خۆی هەیە و، هیچ بیانوویەکی یاسایی نەماوەتەوە، کە ئابڵوقە ئابوورییەکەی جیهان دژ بە عێراق، لەسەر کوردستان هەڵنەگیرێ. داوا بکرێ تا ئەو کاتەی پەیوەندی نێوان جیهان و عێراق و پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق بەلایەکدا دەکەوێ کوردستان بخرێتە ژێر سەرپەرشتی UN و، بە هاریکاریی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا ئەرکی گەیاندنی یارمەتی و پێویستیەکانی ژیان و وەکارخستنەوەی دامودەزگا دەوڵەتی و بەرهەمهێنەکان بۆ کوردستان وەئەستۆ بگرێ و، پێوەندیکردنی کوردستان بە جیهانەوە ئاسانتر بکات و، یارمەتی دەرهێنان و ناردنی نەوت بۆ دەرەوە بدات تا گەلەکەمان بتوانێ بە سامان و خێروبێری وڵاتەکەی خۆی بژی و ئەرکی یارمەتیدان و کۆمەککردن بە کوردستان لە ئەستۆی UN و کۆمەڵگای نێودەوڵەتان کەم بێتەوە.

هەروا کاتی ئەوەش هاتووە لەو پارە و دراوەی عێراق کە لە بانکەکانی جیهاندا راگیراوە، بەشی کوردستان دەربهێنرێ و، بەسەرپەرشتی UN بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرێوەبردنی کوردستان و قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانە زەبەندەی لە گەلەکەی کەوتووە، خەرج بکرێ.

ئەگەر پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بەرنامەییەکی لەم چەشنە بخەنە کار و، پێی لەسەر داگرن، دەتوانن یەکپارچەیی گەلەکەمان لە خوارووی کوردستاندا راگرن و، پشتیوانی سەرانسەری نەتەوەکەمان بەدەست بێنن و، روون و راشکاوتریش خۆمان بە گەلان و رای گشتی جیهان بناسێن کە (ئێمە چیین و چمان دەوێ) و هاوکاریی زیاتر و کاریگەرتر مسۆگەر بکەین و، جارێکی تر ملی خۆمان نەخەینەوە ژێر شمشێری دەوڵەتی رەگەزپەرستی عێراق.

**دەستەی نووسەران**



# با ئەم دەستکەوتە نەتەوایەتییە لە دەست نەدەین!

کاروان عەبدوڵلا

کێشەی گەلانی ژێردەستە و مافی چارەنووسیان، بەر لە چەند ساڵێک لە نێو گێروگرفتێکی کوشندە و بێ چارەسەریدا مابۆوە و ئەو گەلانە جگە لە ڕێگەی توند و تیژ و خەباتی هەمە لایەنە چیتریان بە دەستەوە نەبوو، ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ ئەو دوو سیستەمە دەگەڕایەوە کە جیهانی کردبووە دوو لەت، ئیدی هەر یەکەیان لە دید و بەرژەوەندی خۆیەوە دیروانییە تاکتیک و ستراتیژی بزووتنەوەی ئەو گەلانە و مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، بەڵام پێدەچێ ئەمڕۆ کە جیهان ڕووە و سیستەمێک بچێ، کە هاوبەرژەوەندی و تەبایی گشتی بە خۆوە بگرێ و هەلومەرجێکی وا بێنێتە ئاراوە، کە گەلانی ئازادنەبوو سوود لە خێر و بێری ئەو سیاسەتە جیهانییە نوێیە وەرگرن.

گەلی کوردستانیش، کە بایی خۆی باجی بۆ سیاسەتی زاڵمانەی دوو سیستەمەکەی پێشو داوە، ناکرێ لە ژێر کارتێکردنی ئەو وەرچەرخانە جیهانییەدا، دەربچێ و کێشەکەی پشتگوێ بخرێ بەڵام، لەبەر ئەوەی ئەم گەلە بەسەر چەند دەوڵەتێکی داگیرکەر دابەشکراوە و کەموزۆر هەر بەشە و لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا دەژی و ڕەنگە بۆ یەکێک لەو بەشانە زەمینەیەکی باشتر بخولقێ، کە بتوانێ لە ئامانجی سەرەکی (مافی چارەی خۆنووسین و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ) نزیک بێتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کارێکی ئیجابی دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان، وەک ئەو بارودۆخە نوێیەی کە لە کوردستانی عێراقدا سەری هەڵداوە و ڕووە و گەشەسەندن دەچێ، گومانی تیانییە کە ئەمە فرسەتێکی مێژووییە لە خەباتی گەلی کوردستان و بۆ یەکەمین جارە، خەڵکی بەرفراوانی کوردستان، لەسەردەمێکی پێشکەوتوو، بە ئاگاییەکی هاوچەرخانە، ئیرادەی خۆیان و هێزە سیاسییەکانیان تاقی دەکەنەوە و خۆیان لە قەرەی پرۆسەیەکی شارستانیی، وەک هەڵبژاردنی گشتی و پێکهێنانی پەرلەمان دەدەن. نکوڵی لەوە ناکرێ، کە سەرکەوتنی ئەو تەجروبەیە، دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ جۆشخستنی گیانی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە پارچەکانی تر و بۆ ڕاقی ئەم گەلەش لەسەر ئاستی جیهاندا بەرەوپێش دەبا.

بۆیە، بەرخوردکردن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە تازەیەی کوردستانی عێراق، پێویست بەوە دەکا، ڕەچاوی بەرژەوەندی گەلی کوردستان بکرێ و هێزە سیاسییەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان، بە چاوێکی تەسک و ناتەبایی حیزبایەتی سەیری نەکا و کۆسپ و تەگەرەش نەخاتە سەر ڕێی ئەو تاقیکردنەوە پڕ بایەخە، بە پێچەوانەوە ئەم قۆناخە نوێیە، مەسولییەتێکی مێژوویی و ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەهەر پارچەیەکی نیشتماندا بن.

مەسەلەی ناتەبایی حیزبایەتی و جیاوازی بۆچوون و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی شتێکن و ئامانجی خەڵکی کوردستانیش شتێکی ترە، خۆ هەر لە خودی کوردستانی عێراقدا چەندان حیزب و

گروپی سەربە بیر و بۆچوون و ڕێبازی جیا هەن و ڕەنگە تا دوێنێش هەر یەکە و ئەوی تری بە دوژمنی سەرەکی و لەمپەری خەباتی خۆی دادەنا، کەچی ئەمڕۆ کە لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی دونیا و ڕەخسانی ئەو زەمینە نێوخۆیی و جیهانییە بۆ گەلانی ژێردەست، بۆچوونی گشتی لەلایەن ئەو هێزانەوە هاتۆتە کایەوە، کە ئەوەی گرنگە پاراستن و لەبارنەچواندنی ئەم وەزعەیە و هاوکاریکردنە لە نێوانیاندا بە نیازی سەرخستنی ئەو ئەزموونە. چونکە بۆ جاری یەکەمە، کە خۆیان لە نێو جەماوەرێکی بەرفراوان دەبیننەوە و هەر ئەو جەماوەرەش حوکمی ڕاستەقینەی خۆی لەسەریان دەردەبڕێ، وێڕای ئەمانە دەبێ ئەوە بزانین، کاتێک گەلی کوردستانی عێراق، وەبەر شالاوی دڕندانەی ڕژێم و هێرشی کیمیایی کەوت، خەڵکی کوردستانی هەموو پارچەکانی تر، وەک یەک یەک خێزان و یەک کێشە، بە هانای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان هاتن و ئەوەی لە دەستیان هات کردیان، بەمەش گەلێک کۆسپ و تەگەرە و ئازار و تەنگەتاوییان لەبەر پێی خەڵکی کوردستانی عێراق وەلانا و دڵسۆزی ڕاستەقینە و هاوئامانجی خۆیان دووپاتکردەوە......

بەڵێ ئەم هاریکارییە لە کاتی لێقەومان و پێویستی دابوو، ئەمڕۆش ئەوەی لە کوردستانی عێراقدا ئەنجام دەدرێ، هەمان هەڵوێستی پێشوو دەخوازێ، نەک لە خەڵکی کوردستان و بەس، بەڵکو لە هێزە سیاسییەکانی تەواوی کوردستان، هەر هەڵوێستێکی تر، و بە پێچەوانەی بە جێگەیاندنی ئەرکی نەتەوایەتی، زیانێکی گەورە لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان دەدا و ئەم گەلە لە مافی چارەنووس دوور دەخرێتەوە و مێژووش بەم کارە لەکەیەکی ناحەز لە هەنیەی ئەو هێزانە دەدا کە لەو سات و ئانە ناسکەدا ئەرکی پێویستی خۆیان ئەنجام نەداوە......


## پەیڤی نوێ

گۆڤارێکی کولتووریی دیموکراتیی ئازادە.

سەرنووسەر: کەمال میراودەلی

دەتوانن بە ناونیشانی ڕابوون داوای بکەن.

# کورتەیەک دەربارەی ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا

(بەشی دووەم)

# جوولەکە و ئاینەکەیان

ڕەشاد میران

بڵاوبوونەوەی جوولەکە و ئاینەکەیان لە کوردستاندا لە هەمان کاتی پەیدابوونیاندا بوو لە ئێران و میسۆپۆتامیا و ئاسیای بچووکدا. ئەمەش بە هۆی هاتنی دوو شەپۆلی جوولەکانەوە بوو بۆ ئەم ناوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵە و گرووپی ئاینی و دوورەپەرێزەکانی خۆیان لە سەرانسەری ئەم ناوچە بەرفراوانەدا دامەزراند. یەکەمین شەپۆلی ئەمانە دوای هێرشەکەی شای بابل (نەبوخەد نەسر) بوو بۆ سەر ئیسرائیل و یەهودا لە ساڵی ٥٨٧ پ.ز.دا و بە دیل گرتنی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی و هێنانیان بە کۆیلەیی بۆ بابل.

دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتداریتی بابل بە دەستی ئەخمینییەکان، گەلێک لە جووەکان بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە، بەڵام زۆریشیان مانەوە و بە پانایی دەوڵەتی ئەخمینیدا بڵاوبوونەوە. (بڕوانە: پەراوێزی ٢٦، ل٣٢٤). دووەمین بڵاوبوونەوە و دەربەدەریی جووەکان لە ئەنجامی هێرشی ڕۆمانییەکاندا بوو بە سەرکردایەتی «تیتۆ» کە لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا فەلەستینی داگیرکرد (پەراوێزی ٢٧، ل٣٦١). ئاساییەکە ئەم جووانەی دوایی هەر زوو لەگەڵ ئەوانەی پێشتر لەو شوێنانەدا بوون یەکییانگرتەوە.

جووەکان، لە تاراوگەکانیاندا، زیاتر خەریکی پاراستن و قایمکردنی کۆمەڵەکانی خۆیان بوون نەک بڵاوکردنەوەی ئاین و دۆگماکانیان لەناو میللەتانی تردا. ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم- ئاینی جوولەکەیی ئاینێکی نەتەوەیی «ئێتنیکی»یە و مرۆڤی جوو دەبێ لەدایک و باوکێکی جوولەکەوە بێت.[1] دووەم- جووەکان لەم بارەدا نەبوون، نەلە ڕووی ژمارە و هێزیانەوە و «ڕەنگە» نە لە ڕووی دۆگما و لۆژیکی ئاینییانەوە، کە ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ کۆمەڵە ئاینییەکانی تردا بکەن- زەردەشتی، مەسیحی، ئیسلام. بۆیەش ئامانجی سەرەکی ئەمان پاراستنی

١- لە ڕاستیشدا جووەکان هەموو جارێک ڕەچاوی ئەم مەبدەئەی خۆیان نەکردووە. لەسەدەکانی یازدە و دوازدەمدا (خەزارەکان)، بە تایبەتیش ئەجیبزادەکانیان، کە میللەتێکی زمان تیورکی بوون، ئاینی جوولەکەییان وەرگرت. تاتەکانی ئێرانی و کارایمەکانی تیورکی، ئێستاش هەرماون و بە ڕەگەز پەیوەندییان بە جوولەکانەوە نییە، کەچی بە ئاین جوولەکەن. بۆیە ناکرێ گریمانی ئەوە ئەکەین کە ڕەگەزی جۆراوجۆر لەناو جووەکاندا هەن و یەکێکیش لەمانە ڕەگەزی کوردییە.

«پاکیی و خاوێنی» ئاین و ڕەگەزی خۆیان بوو. مەزەبناس وئاینزاناس- Hairetikograph)ی عەرەبی سەدەی یازدەم (ئەلشەهرستانی) نووسیویەتی کە «پڕوپاگەندەی بەنو ئیسرائیل لە سوریا و مەغریبدا بەهێز بوو و لە وڵاتی فارساندا لاواز بوو» (بڕوانە پەراوێزی ٢٨ ل.١٨). جووەکان وەکو کەمینەیەکی ئاینی، بە شێوەی گرووپی بچووک بچووک، لەم ناوچانەدا و لە هەمان کاتدا لە کوردستانیشدا نیشتەجێ بوون و لەگەڵ گۆشەگیری و باری سەختیشیاندا گوزەرانی خۆیان دەکرد.

دوای هاتنی ئیسلامیش بۆ ئەم ناوچانە، جووەکان نەک هەر مانەوە بەڵکو لە ڕۆژگاری عەباسییەکاندا جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیشیان پێدرا بوو. (پەراوێزی ٢٩ ل١٤٩).

هەموو ئەوەی گوترا دەربارەی ڕەوشی جووەکان لە ئاسیای بچووک و ئێران و میسۆپۆتامیا ئەمانەی کوردستانیش دەگرێتەوە. چونکە لە شارەکانی کوردستانیشدا گرووپی ئاینی- ئیتنیکی Ethnic- Confessionalis جووەکان هەبوون و لە هەندێکیاندا ئێستاش هەر ماون.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٨ زۆربەی زۆری جووەکان، بەشێکی کەمیان نەبێ، دەرکران یان خۆیان بۆ ئەوێ کۆچیانکرد. سەبارەت بە جووەکانی کوردستان، لە ڕۆژی ئیمڕۆدا، دەکرێ تەنها باسی ئەوانەی کوردستانی ئێران بکەین «جووەکان ٢٠٠٠-٣٠٠٠ هەزار کەسێک دەبن، لە هەندێ گوندی بانە و بۆکاندا دەژین و بە زمانی کوردی دەدوێن». (پەراوێزی ٣٠، ل١٨٦) تاقە ئاماژەیەک بۆ جووەکان لە کوردستانی عێراقدا ناوی گەڕەکەکانیانە لە شارەکان- «گەرەکی جولەکان» کە ئێستاش جار جارە بەکار دێت، یان بەبۆنەی ئەو کەسانەی بە بنەماڵە جوو بووین و ئێستاش موسڵمانن پێیان دەڵێن «بن جوو».

جووەکان، بە گشتی، بە زمانی کوردی باش دەدوان، بەڵام لە نێوان خۆیاندا و لە کاتی کاروباری ئاینیاندا زمانی «ئارامی»یان بەکار دەبرد، «جووەکانی سەرووی عێراق و باکووری ڕۆژئاوای ئێران بە زمانی ئارامی، کە تەئسیرێکی زۆری زمانی کوردیی لەسەرە، قسە دەکەن و دەنووسن» (پەراوێزی ٣١، ٥٤) ... و «هەتا ئەم زووانەش جووەکانی شاری زاخۆ بە زمانی ئارامی دەدوان»(٢٦، ٦٧).

جووەکان لە کوردستاندا، بە هۆی دەستگرتنیان بە ئاینەکەیانەوە، دەچەوسێندرانەوە و بە چاوێکی کەم سەیر دەکران. جاران جوو دەبوایە نیشانەیەکی تایبەتی هەڵگرێ- دەبوایە پەڕۆیەکی شین لەجلی خۆی بدا و ئاچاریش بوو باجی «سەرانە» بدات. بەڵام حەمە حوسێن خان سەرداری شاری بۆکان، لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، جووەکانی لەم بارە رزگار کرد.(٣٢، ٢٩). جووەکان، لەگەڵ گۆشەگیری و دوورەپەرێزیشیاندا، بای ئەوەندە تێکەڵ بە کوردەواری بووبوون کە بکەونە ژێر کارتێکردنی هەندێ لایەنی کولتووری گیانی و مادیی کوردان. ناوی کورد پێیانەوە نووساوە و خۆیان بە کورد دەزانن- ئێستاش لە ئیسرائیل کە لە یەکێکی خەڵکی کوردستان دەپرسن دەڵێ «من کوردم» و ناوی «ئەنا کوردی» بووە بە ئێتنۆنیمیان. هەروەها لە جل و بەرگ وخواردن و هونەر و ژیانی ڕۆژانەیاندا شەقڵ و سیمای کوردانەیان پێوە دیارە. زانیاریمان، بە داخەوە، لەسەر «کوردەکانی» ئیسرائیل بە دەستەوە نییە و سەرچاوە دەست ناکەوێ، ئەوە نەبێ کە «نزیکەی ٦٠ هەزار جووی کوردستانی لە ئیسرائیل دا دەژین. زۆربەی ئەمانە لە کوردستانی عێراق و سوریاوە هاتوون»(٣٣، ١٤٢).

## ئاینی مەسیحی

خوالێخۆشبوو تەوفیق وەهبی سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستاندا بۆ سەدەی شەشەم دەباتەوە (٧، ٦٧). بەڵام، بەپێی سەرچاوەی تر مەسیحیەت گەلێ زووتر گەیشتبووە ئەم ناوچەیە. لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا هاتووە کە «مارماری» لە سەدەی سێیەمدا پروپاگەندەی لەناو خەڵکی شاری «شەهر کەرد»دا بۆ مەسیحیەت دەکرد، ئەم شارەش دەکەوتە نێوان هەولێر و تاوق و لەوێدا بتپەرستی و دارپەرستی باو بووە (٣٤، ١١٥١). ئەم فاکتەش، لە لایەکەوە، بەرپەرچی بۆچوونەکەی تەوفیق وەهبی دەداتەوە دەربارەی کاتی پەیدابوونی مەسیحیەت لە کوردستاندا و لە لایەکی تریشەوە، پشتگیری ڕاکەی ئەو دەکات سەبارەت بەوەی زەردەشتی، لەو رۆژگارەدا، تاقە ئاینێکی زاڵی ناوچەکە نەبووە، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە. بەپێی هەمان سەرچاوە، «مارسابا» ساڵی ٤٨٥ ز، مەسیحیەتی لەناو کوردەکاندا بڵاوکردۆتەوە کە هەتاویان دەپەرست (٣٤، ١١٥١)، بەم بۆنەیەشەوە تەوفیق وەهبی دەڵێ، کە ئەم هەتاو پەرستانە زەردەشتی نەبوون، بەڵکو هەڵگرانی ئاینی گەلێ کۆنتر بوون (٧، ٦٦). لێرەدا، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێین کە زەردەشتی تاقە ئاینی ئەو ساکە نەبوو، بەڵام لەوکاتەی مەبەستی ئێمەدا، ٤٨٥ی زاینی، رۆژپەرستی ئیتر کەوتبووە ناو مەزدایزمەوە، بۆیە ئەوەی لەم سەرچاوەیەدا هاتووە دەبێ مەبەست «زەردەشتی» بووبێ.

کەچی (گیو واید) پەیابوونی مەسیحیەت لە ناوچە کوردییەکاندا بۆ رۆژگارێکی زووتریش دەباتەوە. بەڕای ئەو مەسیحییەکان، لە سەدەی یەکەمدا، چەند بنکەیەکیان نەک هەر لە سەرووی نێوان دوو زێ لە جزیرە و ئادیابینا، بەڵکو لە فارس و خوزستانیشدا بۆ خۆیان دامەزراند بوو (١٩، ٢٣).

دیاریکردنی کات و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە ئاسیای بەرایبدا کارێکی ئاسان نییە و سەرچاوەی پێویست لە بەردەستدا نییە، ئەوەش ڕاستییەکە هەموو لێکۆڵەرەوەکان دانی پێدادەنێن (٢٧، ٣٥٨). کاتێکیش قسە دێتە سەر مەسەلەی پەیوەندیی کورد و مەسیحییەت، کارەکە سەختتر دەبێت. بەڵام، لەگەڵ کەمیی سەرچاوەشدا، دەتوانین بڕیار بدەین کە ئەم ئاینە لە سەدەی یەکەمەوە کەوتۆتە ناوچەی دەسەڵاتدارییەتی مەزدایزمەوە و هەر لەو کاتەشەوە زۆرانبازی ئەم دوو ئاینە دەستیپێکردووە و مەسیحییەت وردە وردە جێپێی خۆی گرتووە. بەڵگەی ئەوەش ڕەوشی ئاینی ئێستای کوردستانە کە کۆمەڵە و گرووپەی مەسیحی زۆری گرتۆتەخۆ. مەسیحییەکانی میسۆپۆتامیا و ئێران و ئاسیای بچووکی سەردەمی ئێمە نەوەی مەسیحییەکانی رۆژگاری مەزدایزمن، چونکە، ئەوەش فاکتە، دوای هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە ئیتر وەرگرتنی ئاینی مەسیحی لەلایەن خەڵکەکەوە، بە تایبەتیش موسڵمانەکانەوە، کارێکی پڕ مەترسی بوو، ئەوەی لێدەرچێ کە ئێزیدییەکان، لە هەندێ حاڵەتدا، لەترسی ئیسلام دەبوون بە مەسیحی (٣٥، ٣٢).

شای ئەرمینیا «تیریداتی سێیەم» لە سەدەی چوارەمدا مەسیحییەتی کرد بە ئاینی دەوڵەتی خۆی (١٦، ٢٢٥) کە بەشێکی کوردستانیشی دەگرتەوە. بەڵام کوردەکان، بە تایبەتیش لە جێگەکانی دووری دەسەڵاتی ئەم- وەکو هەورامان، بەرەنگاری ئەمە بوونەوە و هەر بە زەردەشتی مانەوە (٢١، ١٠). ئاینی مەسیحی، بە جۆرێکی سەرەکی لە شارەکاندا و لەناو بازرگان و

پیشەکارەکاندا بڵاوبووەوە (٣٦. ١٢٢). بەڵام دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە بەشێکی زۆری مەسیحییەکان لەبەر جەور و ستەمی زەردەشتییەکان، بۆ سەرچیاکان ڕایانکرد و ئێستەش ئاسەواری دێر و کڵێسەکانیان لەو جۆرە شوێنانەدا ماون.[٢] فشاری ساسانییەکان لەسەر پەیڕەوکەرانی ئەم ئاینە بە تایبەتی لە شاری هەولێردا شێوەیەکی توند و تیژی وەرگرت، چونکە هەولێر، هەر لە زووەوە، سەنتەرێکی گرنگی مەسیحییەکان بوو (٣٧. ١٣٨-١٤٣). دوای هەولێر، بۆ مەسیحییەکانی ڕۆژهەلات «کەرخا بێت سیلوخ» کەرکوکی ئێستا بە پلەی دووەم دەهات (١٦. ٢٥)

مێژوو و جیوگرافیناسی عەرەبی سەدەی دەیەم (عەلی کوڕی حوسێن ئەلمەسعوودی) لە باسی کوردە مەسیحییەکاندا، دوو دەستەی لەناودا دیاریکردوون: «یاقوبیی و جورقان- مەسیحین، جێگەی ژیانیان دەکەوێتە نێوان موسڵ و چیای جودی» (٣٨. ٢٥٤). ئەلمەسعوودی یاقوبیی و جورقانی لێک جیا کردۆتەوە، کەواتە جورقان، کە کوردەکانی ناوچەی حەلوان بوون (٣٦. . ٥)، دەبێ نەستووری بووبن، ئەوەش ڕێی تێدەچێ، چونکە مەزهەبی نەستووری لە ڕۆژهەلاتدا لە یاقوبیی کۆنترە و زیتر بڵاوبووبووەوە. (مارکۆ پۆلۆ)ش، لە سەدەی دوازدەمدا، ئەمەی ڕوونکردۆتەوە، کە باسی دانیشتوانی دەوروبەری موسڵ دەکا، «لە چیاکانی ئێرەدا کاردەکان دەژین، ئەمانە مەسیحین- نەستووری و یاقوبیی، بەڵام ساراسینیشیان[٣] لەناودا هەن کە موحەمەد دەپەرستن» (٣٩. ٥٨).

زانای ڕوس (پ. لێرخ)، لە سەدەی نۆزدەدا دەڵێ: «زۆربەی کوردی مەسیحی نەستوورین» (. ٤. ٤٥)، بۆیەش لە کوردستاندا هەمیشە مەڵبەندی گرنگی نەستوورییەکان هەبووە. لە ماوەی چەند سەدەیەکدا لە ناوچەکانی نێوان دیجلە و دەریاچەکانی وان و ئورمێ دا ئەم سێنتەرانە هەبوون: سەدەی شازدە- شاری هەولێر، سەدەی حەڤدە- شاری جزیرە (بۆتەردا) و لە سەدەی نۆزدەوە شاری کۆژان (کوجان) بوو بە مەڵبەندی هەمیشەیی پاتریارکی نەستووری (٤١. . ١٧-١٧١).

ئاسوورییەکان- کۆنترین کۆمەڵەی مەسیحی ناوچەکەن. بەشێوەی گروپی ئێتنۆ- ئاینی نزیکەی بە هەموو کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە میللەتێکی سەربەخۆن و زمانی خۆیان «سریانی» پاراستووە کە دەچێتەوە سەر زمانەکانی ڕۆژئاوا لە گروپی باکووری خێزانە زمانی سامی.[٤]

هەر بەم پێیەش، ئاسوورییەکان دەبنە نەوەی ئارامییەکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سوری یان سوریان ناویان هاتووە و خۆیان و زمانەکەیان دەورێکی باڵایان لە جیهانی کولتووریی سەدەکانی ناوەڕاستدا بینیوە (٢٢. ٢٩٥).[٥] ئاسوورییەکان خۆشیان بە خۆیان دەڵێن «ئاتورای»، هەرچەندی ئەم ناوە خۆییەیان لە ناوی ئاشوورییەوە نزیک بێت، بەڵام جگە لە «سامی»یەتی

---

٢- بەڵام دواتر، وەکو لە جێی خۆی ئاماژەی بۆکراوە، کۆچکردنێکی پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدا- نەستوورییەکان لە ئاسیای بچووکەوە ڕوودەکەنە ئێران و میسۆپۆتامیا.

٣- Saraceni - موسڵمان.

٤- لە کاتێکدا زمانانی بابلی و ئاشووری کۆن بەشێکن لە زمانەکانی ڕۆژهەلاتی هەمان گروپە و خێزانە.

٥- هەروەها بڕوانە: هادي العلوي «الساميون وحضارتهم ... تأريخ موجز» الثقافة الجديدة، العدد ١. ٢/١٩٨٨.

هاویەش هیچی تر بە مانەی دواییەوە نایانبەستێتەوە. لە راستیشدا ناوی «ئاشوری» یان زیاتر لەوەوە بەسەردا برا، کاتێک مار نەستوورس ساڵی ٤٨٤ لە کەنیسەی بیزەنتی جیا بووەوە و مەزهەبی تایبەتی خۆی «نەستووری» دامەزراند و نزیکەی هەموو مەسیحییەکانی رۆژهەڵات بە دوای کەوتن و ساسانییەکانیش، لە ڕکابەری دەوڵەتی رۆم (بیزەنتی) وکەنیسەکەی، پشتگیریانکردن و ئیتر نەستوورییەکان بە «مەسیحییەکانی وڵاتی ئاشوور» ناویان دەرکرد (٦٩, ٤٢)

ئاسوورییەکانیش، هەندێکیان بە هەڵە و زۆریشیان لەبەر ناوبانگی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، ڕەسەنی خۆیان دەبەنەوە سەر ئاشوورییان، کەچی ئارامییەکان، باپیرە گەورەی راستەقینەیان، نەک هەر لە ئاشوورییەکان کەمتر نەبوون، بەڵکو لە مێژووی کولتووری رۆژهەڵات و جیهاندا دەورێکی پڕ شانازیشیان بینیووە.

ئاسوورییەکان زۆربەیان نەستوورین، بەلام تیایاندا یاقوویی، کلدانی[6]، مارۆنسی و پرۆتستانتیش هەن.(٢٢, ٢٩٨) لە کوردستاندا تەنها نەستووری و یاقوویی و کلدانی دەژین- نەستوورییەکان بە جۆرەکی سەرەکی لە بادینانی کوردستانی عێراق و لە رەزاییە و ناوچەی ئورمێی کوردستانی ئێراندا و هەروەها لە ناوچەی هەکاری کوردستانی تورکیادا دەژین. یاقووبییەکانیش بە گشتی لە کوردستانی تورکیا دان، لە چیای تورعابدین و ناوچەی جزیرە و شارەکانیدا (٣٥, ٣٣). کەچی مەسیحییەکانی سۆران و گەرمیانی کوردستانی عێراق، بەگشتی، کلدانین بە تایبەتیش هی ناوچەی هەولێر- عەنکاوە، شەقلاوە، هاودیان (٤٣, ١٥٩) هەروەها کۆمەڵێکی گەورەی ئاسووری- کلدانی لە شاری کەرکوکدا هەیە. لە کوردستانی سووریاشدا، لە دەوروبەری شاری قامشلی، ئاسوورییەکان لە چەند لادێیەکدا کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوە.

لە کوردستاندا، جگە لە ئاسوورییەکان، مەسیحی واش هەن خۆیان بە کورد دەزانن، بێگومان بە ژمارە کەمترن. لێرەدا خاڵی جیاکەرەوەی ئیتنیکی نێوان کوردی مەسیحی و ئاسوورییەکان هۆشیاری نەتەوەییە، کە د. عیزەدین مستەفا رەسولْ ڕەوایانە ئاماژەی بۆ کردووە (٤٤, ٦٧). ئەم کوردە مەسیحییانە ڕەنگە لە گەلێ ناوچەی کوردستاندا بن، بەلام وەکو گروپ و کۆمەڵەی تایبەتی زیاتر لە سلێمانی و کۆیە، گوندی هەرمۆتەدا، کۆبوونەتەوە.

کوردایەتی ئەمانە، جگە لە هۆشیاری نەتەوەییان، هەروەها لە زمانەکەیاندا بەدی دەکرێ کە بە کوردییەکی پەتی وپاراو دەدوێن[7] بە پێچەوانەی ئاسوورییەکان. بەلام ئەمانەش، لە کەنیسە و کاروباری ئاینیاندا، زمانی ئارامی (سریانی) بەکار دەبەن.

گومان لەوەدا نییە کە ئاسوورییەکان بە رادەیەکی زۆر لەژێر کارتێکردنی کولتووری مادی و روحی کوردان دان. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئاسوورییەکان بە کورد لە قەڵەم بدەین- هەرچەند توخمی کوردیش، وەکو گەلێ توخمی تر و میناى زۆربەی میللەتانی جیهان، دەوری لە دروستبوونی ئیتنۆسی ئاسووریدا بینیبێ. وەکو چۆن ئەمین زەکی بەگ پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ

٦- کلدانی- ئەمانە مەسیحی کاتۆلیکن، ئەو نەستوورییانە بوون کە لە سەدەی شازدەدا جیابوونەوە و چوونەوە ژێر ئاڵای کەنیسەی رۆما «فاتیکان».

٧- باشترین نموونەی زمانی پاراویان، ئەوەی گۆرانیبێژی ئەمر «سیوە»یە کە مەسیحییەکی گوندی هەرمۆتە بوو.

کە مەسیحی و جووەکانی کوردستان بە نەژاد کوردن (٣٦. ٣٠)، یان زوبێر بلال ئیسماعیل پشتگیری رای دکتۆر مانجان دەکات کە زۆربەی مەسیحییەکانی جدیاب بە نەژاد بە فارس دادەنێ نەک ئارامی (٤. ١٢١)- دیارە لێرە مەبەست لە وشەی «فارس» ئێرانییە. هەروەها (پ. لێرخ)یش بە پشت بەستن بە زانیاریی ئەنترۆپۆلۆگی، مەسیحییەکان بە کورد دادەنێ (. ٤. ٤٥). لێرەدا، کەس نابێ نکۆڵی لەوە بکات کە ئاسوورییەکان دانیشتووانی رەسەنی ناوچەکەن و ئاینی مەسیحی لەناو خەڵکی ناوچەکەدا، بە هەمو میللەتەکانییەوە، بڵاوبۆتەوە و کوردیشی گرتۆتەوە. جا ئەگەر بمانەوێ زانستیبانە لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە و ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی سەر بە ئاینی جۆراوجۆر دیاری بکەین و خومان لە بۆچوونی پان کوردیزمانە بپارێزین دەبێ بۆ زانستی ئیتنۆگرافیا بگەرێینەوە. تیۆریای ئیتنۆس بۆ پێناساندنی میللەت چەند نیشانە و ماکێکی ئێتنیکی دیاریکردووە کە هەرە گرنگەکانی ئەمانەن: خۆناسی ئیتنیکی، ناو «ئێتنۆنیم»، زمان، کولتووری مادی و گیانی هاوبەش، سایکۆلۆگیەتی هاوبەش و هی تر، هەموو ئەمانەش لە رەوتێکی مێژوویی دوورودرێژ و هاوبەشی ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا کە پێی دەگوترێ میللەت دروست دەبن (٤٥. ٨٨-٢١٢).

ئاینیش، هەرچەندی دەوری گرنگ دەبینی لە ژیانی روحی و فیکریی میللەتاندا، ناببێت بە توخمێکی پێناساندنی نەتەوەیی(٨) لەم رووەوە خۆناسی دەوری هەرە بالاَ و گرنگ دەبینی، واتە مرۆڤ خۆی بە ئەندامی چ میللەتێک دادەنێ و چ ناوێک لە خۆی دەنێ. لێرەشدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئاسووری واهەن خۆیان بە کورد دەزانن، لە کاتێکدا رەنگبێ هەندێ جار راست بێ و کورد بن، بەلاَم بە گشتی ئەم بۆچوونەیان لەبەر کزی و لاوازی یان هەر نەبوونی هۆشیاری نەتەوەییانەوەیە و رەنگبێ لە هەندێ حاڵەتدا. کوردی مەسیحیش، لەبەر هۆکاری ئاینی خۆیان بە ئاسووری لەقەڵەم بدەن. ئەگەر ئەمە وابێ، زۆریش رێی تێدەچێ، کەواتە ئاینی مەسیحی، وەکو هەموو ئاینێک، دوو دەوری ناکۆک بە یەکی بینیوە. لەلایەکەوە سەبارەت بە ئاسوورییەکان دەوری کۆکەرەوە و یەکگرتنی بینیوە، کەچی لەلایەکی ترەوە، دەرحەق کوردەکان دەوری جیاکەرەوە و لێکدابڕاندنی بینیوە کە کوردە مەسیحییەکانی لە جەماوەری سەرەکی کوردان دابڕیوە- واتە لە موسڵمان و پەیرەوکەرانی ئاینەکانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسوورییەکان، هەروەها کوردە مەسیحییەکانیش، بە هۆی زمان و مێژووی هاوبەشیانەوە لەگەڵ کورددا، هەمیشە بەشداریی چالاکانەیان کردووە و دەکەن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا.

جێگەی سەرنجە کە لە کوردەواریدا مەسیحییەکان یەک ناویان نییە. لە کاتێکدا ئاسوورییەکان خۆیان بە خۆیان دەڵێن «ئاتورای»، واتە ئەمە «ئێندۆ ئێتنۆنیم»- ناوی خۆیی نەتەوەییانە کەچی کوردە موسڵمانەکان تەنها هیما بۆ ئاینەکەیان دەکەن و ئەوەش بە چەند ناوێک. لە بادینان، هەر بە گشتی کرمانجەکان، پێیاندەڵێن «فەلە»، کەچی لە سۆران- هەولێر و ناوچەکانی سەربە ئەوێ، ناوی «دیان»یان بۆ بەکار دەبەن، لە هەندێ شوێنی دیشیدا «فەلە»ش بەکار دێنن. رایەکی وا هەیە گوایە لەم ناوچەیەدا وشەی «دیان» بۆ کوردە مەسیحییەکان بە کاردێ و «فەلە»ش بۆ ئاسووری و مەسیحییەکانی تر. هەرچەندە ئەمە رێی تێدەچێ، کەچی لە شوێنێکی وەکو شەقلاوەدا

٨- لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێ، وەکو جوولەکەیی و ئێزیدی و هی تر.

کە کۆمەڵەیەکی گەورەی ئاسوورییەکانی لێیە، موسڵمانەکان پێیاندەڵێن «دیان». بەهەرحاڵ ، ئەم وشەیە، واتە «دیان» ماناکەی دیار نییە، بەڵام ڕەگی وشەی «دین» تیایدا ڕوونە و ڕەنگە لە وشەی «بێ دین»یان «غەیرە دین»ەوە هاتبێ. وشەی «فەلە»ش بە هەمان جۆر- بە قسەی یەکێک لە قسەکەرانی دیالێکتی کرمانجی، ناوی «فەلە» رەنگبێ لە وشەی عەرەبی (فەلاح- جوتیار»ەوە هاتبێ، بەڵام ئەمە لەڕاستی ناچێ- مەسیحییەکانی ناوچەی هەکاری بە جۆرێکی سەرەکی شوانکارن، مەڕومالأت بەخێو دەکەن و جوتیارنین. لە سلێمانی و دەوروبەریشیدا ناوی مەسیحی و دیان بەکار دێنن، بەڵام خوارووتر لە گەرمیان ناوی «گاور» زاڵە کە لەوەدەچێ لەوشەی «کافر»ەوە هاتبێ.

هەروەکو لە پێشەوە گوترا، دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و زاڵبوونی لە ناوچەکەدا، بوون بە مەسیحی ئەگەر نەڵێین بە جارێک نەما، ئەوا یەکجار کەمبووەوە. کەچی زانای روس ڤ.ف. مینورسکی دیاردەیەکی دەگمەنی لەم بابەتە دەگێڕێتەوە. دکتور سەعیدخان لە بنەماڵەیەکی موسڵمانی شاری سنە بوو، بەڵام هەر لە منداڵییەوە ئاینی مەسیحی وەرگرتبوو و کتێبێکی لەسەر لێکدانەوە و تەفسیری ئاینی مەسیحی، بە دیالێکتی گۆرانی، دانابوو (٤٦، ١٦). ئەمەش ڕووداوێکی ئاسایی نییە، چونکە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی یەکێک هەڵگەرێتەوە و بچێتە سەر ئاینێکی تر- بڕیاری کوشتنی دەدرێ.[9] لێرەشدا، دوکتور سەعیدخان نەک هەر لە ئیسلام هەڵگەراوەتەوە، بەڵکو بەو کتێبەی پروپاگەندەشی بۆ ئاینی مەسیحی لە کۆمەڵگایەکی موسڵماندا کردووە. ڕەنگە بتوانین ئەم فاکتە بکەین بە ئاماژەیەک بۆ «تسامحی دینی» بە تایبەتیش لە کوردستانی ئێراندا.

هەرچی پێچەوانەی ئەمەشە، واتە مەسیحی ببێت بە موسڵمان، ئەوا زیاتر باوە، جاچ بە زۆرداری و زۆرەملی بێت، کە جاران پەیرەودەکرا، چ بە ئارەزووی خۆی بێت و ئەمەش، بە تایبەتی لە حاڵەتی «ڕەدوکەوتنی» ئافرەتی مەسیحی دا. ئەو کاتە مەسیحییەکە، ئاسووری بێت یان هی تر، لە کۆمەڵەکەی خۆی دادەبڕێ و دەبێ بە موسڵمان و بەو پێیەش دەبێ بە کورد، بەڵام تا چەند پشتێک ناوی «بن دیان»ی پێوە دەنووسێ. وەکو چۆن «بن جوو»ش لە کوردستاندا هەن- ئەوانەی لە بنەماڵەیەکی جوو بوون و بوون بە موسڵمان.

لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە، ئەو کۆمەڵە ئاینییانەی وەکو مەسیحی، جوو، هەروەها ئێزیدی و کاکەیی و عەلەوی.. هتد بە بەراوورد لەگەڵ موسڵمانەکاندا ڕەوشێکی یەکسانیان نییە. موسڵمانەکان بە چاوێکی نزمەوە سەیری ئاینەکانیان دەکەن، ئەو بارەش لە هەموو لایەنێکی ژیانی رۆژانەی ئەم کۆمەڵانەدا ڕەنگی داوەتەوە. جاری ژنهێنان لە نێوان کۆمەڵە ئاینییەکاندا باو نیبە، هەرچەندە ئیسلام رێگەی ژنهێنانی داوە لە مەسیحی و جوولەکان. موسڵمانەکان لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ نوێنەرانی ئەم ئاینانەدا دەبێ بە جۆرێکی تایبەتی ڕەفتار بکەن و ئێتیکێتی دیاریکراو بەکاربێنن.[10] بە سەلام «سەلامو عەلەیکم»ی ئیسلامی بەسەریان ناکەنەوە،

٩- بێگومان بۆ کەسان و بنەماڵەی بەهێز و دەسەلأتدار چاو لەم حاڵەی شەریعەت دەپۆشرا- شاژنی میسر «نازلی» (خەسوی شای ئێران) خۆی و دوو کچی (فەتحیە و فایزە) هەڵگەڕانەوە و بوون بە کاتۆلیک. (محمد حسنین هیکل، زیارە جدیدە للتاریخ، بیروت ١٩٨٥، ص٦٢).

١٠- لە کۆندا باو بوو کە عیسایییەکان «لەبەر هەر موسڵمانێک کە ڕادەبورد دەبوایە بەرزەپێ هەڵسن یان جل و بەرگی تایبەتی بپۆشن» بەڵام میر بدرخان لە ساڵانی شۆڕشەکەیدا (١٨٤٣-١٨٤٧) ئەو یاسا شەرمهێنەرەی تورکی لادا.» (٣٣، ٨٧).

بەڵکو مەرحەبا، ڕۆژباش و شەوباش بەکار دەبەن (٧٧.٤٧). موسڵمان بۆ هیچ سەرەخۆشیایەکی مەسیحی و جووەکان ناچێ، جگە لە پرسە. لەوێشدا نابێ بڵێ «خوای لێخۆش بێ» بە حسێب خوا تەنها لە موسڵمانان خۆش دەبێ، پێویستە بڵێ «بە خۆتان خۆش بێ» یان شتی لەو بابەتە (١.٥.٤٧). لە کوردەواریدا قسەی وا باوبوو کە ئاغایەک، دەرەبەگێک یان سەرکردەی خێڵێک دەیگوت فلانەکەس «دیانی منە» یان «جووی منە» (٣٣.٣٥) هەرچەندە ئەم جۆرە کەسانە دەستیان بەسەر موسڵمانیشدا دەڕۆیشت و ئەمانیشیان بە «پیاوی خۆ»یان دادەنان، بەڵام بەرامبەر بە جوو و دیانەکان بارەکە توووند و تیژتر دەبوو. ئەو بارودۆخەی نوێنەرانی ئاینەکانی دی لە کوردەواریدا کە بە گشتی کۆمەڵگایەکی ئیسلامییە، بووە هۆی ئەمەی بە جۆرێکی گۆشەگیر و دوورەپەرێز بژین، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا بارەکە گۆڕاوە- لەلایەکەوە، نیگاتەنگیی جارانی موسڵمانان بە رادەیەکی زۆر خاوبۆتەوە و، لەلایەکی تریشەوە، مەسیحییەکان هۆشیارانەتر و بوێرانە خەبات دەکەن و بەمەشەوە تێکەڵاویی هەردوو لاو ڕێز و حورمەتیان بۆ یەکتر زێتر بووە.

لە سەرەوەدا، بە کورتی، بەسەر ئەو پەرستن و توخمە ئاینییە کۆنانەدا چووین کە لە ڕەوتێکی مێژوویی درێژدا بوون بە بنچینەی ڕەوشی ئاینی ئێستای کوردان. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەشدا دەڵێین کە لە کوردستاندا لە ڕۆژگارەکانی پێش ئیسلامدا، دۆخێکی فرە ئایینی Polykonfessionalis هەبوو، واتە لە یەک کاتدا هەمیشە چەند پەرستن و ئاینێک پەیڕەو دەکران وەکو: زەردەشتی، جولەکەیی، مەسیحیەت وهی تر. ئەم ئاینانە خۆشیان ئەوەندە «پاک» و بێ خلت نەبوون، بەڵکو چەندەها توخم و پاشماوەی بیروباوەڕی کۆن و بتپەرستییان تێکەوتبوو کە تا ڕۆژانی ئیمڕۆش جێپەنجەیان لە کۆمەڵگادا هەرماوە.

ئەم دۆخە فرە ئاینییەی کوردستان لە قۆناغی دوای ئیسلامیشدا نەک هەر مایەوە، بەڵکو زێتریش بوو- بە هۆی جیابوونەوەی هەندێ ئاینزا لە ئیسلامەوە، یان دروستبوونی ئاینی تازە لە ئەنجامی کارتێکردنی ئیسلامدا. لێدوان لە ئاینی ئیسلام وەکو ئاینێکی دەسەڵاتدار و دەوری کاریگەری لە ژیانی ڕوحی و مادی ئێستای کورداندا، هەروەها باسی ئایینەکانی تری کوردی (ئێزیدی، کاکەیی، عەلەوی) لە بەشەکانی تردا دەبێت.

سەرچاوەکان:


١- وینبێرگ ی.پ «مرۆڤ لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا» مۆسکۆ ١٩٨٦.
٢- مێژووی تەواوی جیهان، بەرگی یەکەم، مۆسکو ١٩٥٧.
٣- زبیر بیلال ئیسماعیل، میتانی، گۆڤاری کاروان ١٢/١٩٨٣، هەولێر.
٤- زبير بلال اسماعيل، أربيل في أدوارها التاريخيه\، النجف، ١٩٧٠.
٥- ئی.م. دیاکۆنۆڤ، میدیا، برهان قانع لە فارسییەوە کردوێتی بە کوردی، بەغدا ١٩٨٧.
٦- تۆ. ڤیلچێفسکی، کورد و سەرەتایەک بۆ مێژووی ئێتنیکی میللەتی کورد، مۆسکۆ- لینینگراد ١٩٦١.
٧- تەوفیق وەهبی، دینی جارانی کورد، گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ١١ و ١٢/ .١٩٤، بەغدا.
٨- محمد جميل الروزبياني. يتدنجين (مندلي) في التاريخ، قديماً و حديثاً، مجلة المجمع العلمي العراقي، الهيئة الكردية، بغداد ٧/ -١٩٨.
٩- بۆنگراد، لیڤین، شارستانیەتی هیندیی کۆن: فەلسەفە، زانست، ئاین. مۆسکۆ .١٩٨.
١٠- عبدالغني علي يحيى، العملاق ذو الرؤوس السبعه\، مجله\ كاروان، عدد ١٢/ ١٩٨٠.
١١- تەوفیق وەهبی، لەناوچوونی مادەکان کردارەکی دین بوو، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٨/ .١٩٤.

١٢- J.C. Coeper, Symboler- En Uppslagsbok, :vers'tuning Margareta Ekl;f och Ingvar Lindblom. Forum, Helsingborg. 1990.

١٣- ک. مارکس، ف. ئینگلس، بەرهەمەکان، چاپی دووەم، بەرگی ٢١، مۆسکۆ.

١٤- ئی.م. پاکۆنۆڤ، مێژووی میدیا، لە کۆنەوە تاکۆتایی سەدەی چوارەمی پێش زایین، مۆسکۆ- لینینگراد ١٩٥٦.

١٥- مێری بۆیس، زەردەشتییەکان- باوەر و رەوشتییان، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە و پەراوێز لەلایەن ی.م. ستێبلین- کامینسکی، مۆسکۆ ١٩٨٧.

١٦- آرثر کریستنسن، ایران في عهد الساسانيين، ترجمه\ يحيى الخشاب، بيروت ١٩٨٣.

١٧- مەسعوود محەمەد، ریشەیەک لە ریشاڵی زمانەکەمان، نووسەری کورد، بەغدا ١٩٨٦، ژمارە ٦.

١٨- آدینفر.م، دائره المعارف زرین، تهران ١٣٦٣ شمسی.

١٩- جيو وايد نغرين، ماني والمانويه، ترجمه سهيل زكر، دمشق ١٩٨٥.

٢٠- شاکیر فەتاح، یەزیدیەکان و ئایینی یەزیدی، سلێمانی ١٩٦٩.

٢١- محمد بها ءالدین ملا صاحب، پیری شالیاری زەردەشتی و هەندێ لە بەرز و پیاوە بەتوانایانگەکانی هەورامان، بەغدا ١٩٨٥.

٢٢- میللەتانی ئاسیای بەرایی، مۆسکۆ ١٩٥٧.

٢٣- محمد احمد محمود، حلقه مفقوده من تاريخ شهرزور، مجله\ كاروان، اربيل ١٩٨٥، العدد ٣٦.

٢٤- عبدالرقيب يوسف، التراث المعماري والزخارف في طويله\، مجله\ كاروان، اربيل ١٩٨٣، العدد ٧.

٢٥- جەماڵ نەبەز، دزی ناسیۆنالی کورد: ئۆتۆنۆمی، یا کوردستانێکی سەربەخۆ، یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد. سوید ١٩٨٥.

٢٦- أحمد سوسه، العرب واليهود في التاريخ، دمشق ١٩٧٣.

٢٧- شیشرقا.ی.ئا، باوەری ئاینی لە میسۆپۆتامیادا، لە کتێبی: جیهانی کۆن، مۆسکۆ ١٩٦٢.

٢٨- الشهرستاني، محمد بن عبدالکریم، کتاب الملل والنحل، بەشی یەکەم، ئیسلام. س.م. پرۆزۆرۆڤ لە عەرەبییەوە کردوویە بە رووسی، مۆسکۆ ١٩٨٤.

٢٩- شپاژنیکۆڤ. گ. ئا، ئاینی ولاتانی ئاسیای رۆژئاوا. مۆسکۆ ١٩٧٦.

٣٠- ئۆ. ڤیلچێڤسکی، کوردەکانی موکری، لە کتێبی، کۆمەڵە وتار دەبارەی ئێتنۆگرافیای ئاسیای بەرایی، بەرگی یەکەم مۆسکۆ ١٩٥٨.

٣١- تەوفیق وەهبی، شەیتانپەرستی یەزیدییەکانی ئەمرۆ تەتەوریکی تەخیری تەبیعەتپەرستی هیندۆ-ئەوروپییەکانە. گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا، ١٩٤٠، ژمارە ١١ و ١٢.

٣٢- عەبدولقادر دەباغی، چەند دێرێک لە مێژوودا، بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان، هەولێر ١٩٨٧، ژمارە ٥٤.

٣٣- جەماڵ نەبەز، کوردستان و شۆرشەکەی، وەرگێرانی بە زمانی کوردی: کوردۆ عەلی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید ١٩٨٥.

٣٤- The Encyclopaedia of Islam. London 1927, vol. II, 1934 vol. IV, 1960, vol. I.

٣٥- Van Bruinessen M.M, Agha, Shaik and State. on the social and political organization of Kurdistan. Utrecht 1978.

٣٦- محمد أمين زكي، خلاصه تاريخ الكرد وكردستان، ترجمه محمد علي عوني، القاهره ١٩٣٩.

٣٧- وليد عبدالمسيح جرجيس، الشريفة الاربيلية يزداندخت، مجلة كاروان، أربيل ١٩٨٥، ژمارە ٣٧.

٣٨- المسعودي، علي بن حسين، كتاب مروج الذهب، پاريس، ١٨٦٤، جلد ٣.

٣٩- کتێبی، مارکۆ پۆلۆ، میناێڤ.ی.پ، لە فەرەنسی کۆنەوە کردوویە بە رووسی، مۆسکۆ ١٩٥٦.

٤٠- پێتەر لێرخ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردە ئێرانییەکان و باپیرەگەورەیان، خالدییەکانی باکوور. بەرگی یەکەم، سانت پەترسبۆرگ ١٨٥٦.

٤١- Vine Aubery R. The Nestorian Churches.A. Concise history of Nestorian Chris-

tianity in Asia from the Persian Schism of the modern Assyrian. London 1937.

٤٢- عزيز برخو عزيز، الآشوريون، ستوكهولم ١٩٨٥.

٤٣- زبير بلال اسماعيل، أسماء وتواريخ، مجله\ كاروان، اربيل ١٩٨٣، العدد ١٠.

٤٤- د. عزالدين مصطفى رسول، شيء عن التصوف في الادب الكردي، مجله\ كاروان، اربيل ١٩٨٧، العدد ٥٣.

٤٥- برۆملین. یو. ف، کورتەی تیۆریای ئیتنۆس، مۆسکۆ ١٩٨٣.

٤٦- مینۆرسکی. ڤ، «گۆران» وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە تاجی عەباس، گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا ١٩٤٤، ژمارە ٦-٩.

٤٧- تاهیر ئەحمەد حەویزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٨٤.

روونکردنەوەیەک

لە ژمارەی رابردوودا، بەشی یەکەمی وتاری (ئاین و باوەڕی پێش ئیسلام لە کوردستاندا) هەندێ هەڵەی چاپی تێکەوتبوو. لەگەڵ داوای لێبوردن لە نووسەری بابەتەکە (د. رشاد میران)، وا لەخوارەوە هەڵەکان راست دەکەینەوە.

| هەڵە | لاپەڕە | دێڕ | ڕاست |
|---|---|---|---|
| جەرحز | ١٥ | ٩ | جەرمۆ |
| ئیتنۆلیتی | ١٥ | ٢١ | ئێنیۆلیتی |
| دەکەنەوە | ١٥ | ٢٤ | دەکەونەوە |
| گوتیبیەکان | ١٥ | ٢٤ | گووتیبیەکان |
| کارتێکردنی | ١٦ | ٨ | کارتێککردنی |
| لاسیداب | ١٦ | ١١ | لاسیراب |
| گوتی | ١٦ | ٢٣ | گووتی |
| هەنگری | ١٧ | ١٦ | هەڵگری |
| مێژووناس کورد | ١٧ | ٢٤ | مێژووناسی کورد |
| بەخستان | ١٧ | ٢٦ | بەغستان |
| باووپیران | ١٧ | ٢٧ | باو و باپیران |
| لە پۆلیتیئیزمەوە بەرەو مۆنۆتیزم | ١٩ | ٢١ | لە پۆلیتیئیزمەوە بەرەو هینۆتیئیزم |
| مەزدانیزم | ٢١ | ١٣،١٢ | مەزدایزم |
| | ٢٢ | ٢٦ | |
| ئەوانە | ٢٢ | ٢٧ | ئەوا |
| بابی | ٢٢ | ٢٨ | بابی خۆی |
| | ٢٣ | سەرچاوەی ژمارە ٨ | محمد جمیل الروژبیانی |
| المحلات ذو الرووس السبعه | ٢٣ | سەرچاوەی ١٠ | العملاق ذو الرووس السبعه |
| مێری بۆزی | ٢٣ | سەرچاوەی ١٥ | مێری بۆیس |
| ماین والمانویه | ٢٣ | سەرچاوەی ١٩ | مانی والمانویه |
| حلقه مفقوده في تاريخ شهرزور | ٢٣ | سەرچاوەی ٢٣ | حلقه مفقوده من تاريخ شهرزور |

# ڕۆڵی فاکتەری مەزهەبی
# لە لکاندنی کوردستانی خواروو
# بە عێراقەوە

ڕەفیق سابیر

ئاشکرایە تایەکەمین جەنگی جیهانی قەوارەیەک بە نێوی دەوڵەتی عێراقەوە نەبوو. عێراقی ئیمڕۆ لە سێ ویلایەتی عوسمانی (بەغدا، بەسرا، شارەزوور- کە دواتر بە ویلایەتی موسڵ نێونرا) پێکهاتبوو.

کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، کە لەساڵی ١٩١٤دا، عێراقی داگیرکرد. لەسەرەتادا، لە هەردوو ویلایەتە عەرەبییەکە قەوارەی عێراقی داتاشی. دوای دابەشکردنی کوردستان و، هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی سیڤەر و، ڕوخاندنی حکومەتی شێخ مەحموودی نەمر، دەوڵەتی بەریتانیا، لەنێوەڕاستی بیستەکاندا، کوردستانی خواروی داگیرکرد و لکاندی بە دەوڵەتی عێراقەوە.

ئەم قەوارە سیاسییەی دەسەڵاتی بەریتانیا، بە نێوی دەوڵەتی عێراقەوە دایتاشی، یەکێکە لە قەوارە هەرە شێواو و ناتەبا و ناشەرعییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین. چونکە لە سەرێکەوە ئەم دەوڵەتە، وەک دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان، بەشێکی کوردستانی، بە دوور لە ویست و ئیرادەی گەلەکەی، پێوە لکێندراوە. لە سەرێکی دیکەوە بەریتانیا لەسەرەتاوە دەسەڵاتی کەمایەتی عەرەبی سونی، بەسەرزۆرایەتی عەرەبی شیعەدا سەپاند و، بەپێی هەمان مێتۆدی تایفەگەری تورکە عوسمانییەکان، کاروباری بەڕێوەبردنی حوکمیان بە عەرەبە سونییەکان سپارد، شیعەکان تائێمڕۆیش بە تەواوی لە حوکمڕانی کردنی دەوڵەتی عەرەبی عێراق بێ بەشکران. لەکاتێکدا عەرەبی عێراق لە ٨٠٪ی شیعەیە و تەنیا نزیکەی (٢٠٪)ی سونەیە (١)

کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی و ئامانجی ستراتیژیی خۆیەوە سنووری دەوڵەتی عێراقی دیاریکرد و بناخە و پرنسیپی دەوڵەتەکەی، وەک سەپاندنی حوکمی کەمایەتی تایفەچی سونی عەرەب، دارشت. لە تەواوی ئەم پرۆسەیەدا هیچ جۆرە فاکتەر و هەلکەوت و تەبایەکی نەتەوەیی، مێژوویی، ئایینی، کولتووری، جوگرافی و ئینسانی لەبەرچاو نەگرت. بۆیە عێراق، لە سەرەتاوە تائێمڕۆ، گەورەترین کێشەی خوێناوی نەتەوەیی و مەزهەبی- تایفگەریی و سیاسی بەخۆیەوە دەبینێ. هەروا ڕاگرتنی ئەم قەوارە ناتەباو ناڕەسەن و ناشەرعییە و سەپاندنی حوکمی کەمایەتی، پێویستی بەشێوە حوکمێکی دیکتاتۆریی و مێتۆدی فاشییانە بووە. بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی کارتۆنی عێراق جۆری حوکم و ڕژێم لەبەغدا هەر چۆنێک بووبێت کێشەی نێوان کوردستان و دەوڵەتی داگیرکەری عێراق درێژەی بووە. هەروا کێشەی نێوان زۆرایەتی شیعەی ستەمدیدە و کەمایەتی سونی حوکمڕان بەردەوام بووە. ئەم دوو کێشەیە لەهەر قۆناخێکدا شێوە و ڕواڵەتی نوێ و سەختتریان بە خۆیانەوە گرتووە، کە ئیمڕۆ لەهەر کاتێکی تر دژوارتر و خوێناوی ترن و بە تەواوی ڕەوایی دەوڵەتی عێراقیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

# ستەمی تایفەگەری

شیعەکانی(٢) ئێمڕۆی عێراق سەدان ساڵە ڕووبەڕووی ستەمی مەزهەبی-تایفەگەریی دەبنەوە. ئەمەوییەکان، کاتێ خەلافەتی ئیسلامیان زەوت کرد، زاڵمانە لەگەڵ خەڵکی ویلایەتی بەسرا و کوفەدا، کە لایەنگری ئیمامی عەلی بوون، دەجوڵانەوە. هەروا (بیت المال)ی مسوڵمانانیان لە کوفەوە گواستەوە شام، کە ئەم کارە زیانێکی ئابووری گەورەی بە خەڵکی هەردوو ویلایەتەکە گەیاند.

لەسەردەمی عەباسییەکاندا ستەمی تایفەگەری بەرامبەر بە شیعەکان هەر بەردەوام بوو. دوای ئەوە، کاتێ عوسمانییەکان خەلافەتیان زەوت کرد چەوساندنەوەی خەڵکی شیعە سەختتر بوو. چونکە شیعەکانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرای عوسمانی وەک لایەنگری ئیمپراتۆریی شیعە مەزهەبی ئێرانی سەیردەکران. بۆیە بەردەوام توشی چەوساندنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵ دەهاتن.

سوڵتان سەلیم کە لە ساڵی ١٥١٢دابوو بە خەلیفەی عوسمانی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی سەفەوی بە دیاردەیێکی ساماناک دەزانی، بۆیە لە هەوەڵین مانگەکانی خەلافەتیدا دەستووری دا شیعەکان لە هەر شوێنێک بن دەبێ لەناوببرێن. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ مەلای سوننی فەتوایان دا کە شیعەکان لە ئایینی ئیسلام لایان داوە.(٣) لەو سەردەمەدابوو سوڵتان سەلیم بە نێوی سوننیچێتییەوە شەڕی لە دژی سەفەوییەکان هەڵگیرساند. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٥١٤ هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی- ئێرانی، یان سوننی- شیعی لە چالدێران بەشەرهاتن کە ئەم شەڕە گەورەترین زیانی مێژوویی بە نەتەوەی کورد گەیاند. چونکە وەک دەزانین لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا بوو کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریدا دابەشکرا.

هەروا زۆربەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆرییە بەوە دوایی دەهات کە ئەگەر لەشکری ئێرانییەکان بگەیشتایەتە بەغدا دەستێکی توندی لە عەرەبە سوننییەکان دەوەشاند. کاتێکیش لەشکری عوسمانییەکان دەهاتەوە تۆڵەی خۆی لە شیعەکان دەکردەوە.

بۆیە بە درێژایی ئەو ماوە دوورودرێژەی عوسمانییەکان حوکمرانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرایان دەکرد تەنیا پشتیان بە عەرەبە سوننییەکان دەبەست (شیعەکان بۆیان نەبوو بەشداری دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری بکەن. ناوچەکانیان لە هەموو جۆرە پرۆژەیەکی ئاوەدانی و خوێندن و تەندروستی و...... هتد بێبەش کرابوون. دەوڵەتی عوسمانی تەنیا سوننییەکانی لەریزی سوپا و لە کۆلێجی عەسکەریی عوسمانییدا وەردەگرت.(٤)

لەگەڵ ئەو هەموو ستەمە تایفەگەرییەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە شیعەکانی هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا پەیڕەوی دەکرد کەچی، کاتێ بەریتانیا عێراقی داگیرکرد، شیعەکان داکۆکییان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد. ئەوان لەژێر کارتێکردنی ئایین و فتوای (جیهاد)، کە خەلافەتی عوسمانی ڕایگەیاندبوو، بەزەبری چەک بەرەنگاری لەشکری بەریتانیا بوونەوە.

هەروا لە ساڵی ١٩١٨دا ڕاپەرینێکی چەکدارییان لە شاری نەجەف دژی دەسەڵاتی بەریتانیا هەڵگیرساند کە زۆربەی ناوچەکانی فوراتی نێوینی گرتەوە. ڕاپەرینی چەکداریی ساڵی ١٩٢٠ کە بە شۆڕشی (گەلی عێراق!) دادەنرێ لە بنەڕەتدا ڕاپەرینی خەڵکی شیعە بوو. ڕابەرە ئایینییەکان،

سەرۆک خێڵە شیعەکان سەرکردایەتییان دەکرد.

کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا کە بە توندی ئەم ڕاپەڕینانەی دامرکاندەوە هەڵوێستی ستراتیژیانەی خۆی بەرامبەری شیعەکان دیاری کرد و وەک خەڵکی گومان لێکراو و دوژمن سەیری دەکردن.

کەچی ڕابەرە ئایینی و سەرکردە عەرەبە سوننییەکان کە پەروەردەی دەستی عوسمانییەکان و تاکە باوەڕپێکراویان بوون لە هەردوو ویلایەتەکە، نەک هەر بەپیر بانگەوازی (جیهاد)ەوە نەچوون بەڵکو لە سەرەتاوە بە نهێنی پەیوەندییان بە ئینگلیزەکانەوە کرد و توانییان، لە سایەی ئەواندا، پێگە و دەسەلاتی سیاسی و مەزهەبی خۆیان بپارێزن و دەوڵەتی قەومی خۆیان لەسەر بنچینەیەکی مەزهەبی سوننی دژ بە شیعە دابمەزرێنن.

ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٠ی خەڵکی شیعەی عێراق دوو ئەنجامی گرنگی هەبوو:

یەکەم: دەسەلاتی بەریتانیا لە شیعەکانی عێراق بێ ئومێد بوو، بە تەواوی پشتی بە کەسایەتییە ئایینی و سیاسی و عەسکەرییە عەرەبە سوننییەکان بەست. بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٤٠ ئینگلیزەکان ٢٣ جار تەنجوومەنی وەزیرانی عێراقیان گۆڕی کەچی تاکە جارێکیش کەسێکی شیعەیان بە سەرۆکی وەزیران دانەنا. زۆربەی جاریش لە نێوان ١٠ تا ١٢ وەزیردا، شیعەکان وەک جوولەکەکانی ئەو سەردەمەی عێراق، تاکە وەزیرێکیان هەبووە.(٥)

دووەم: بەریتانیا شێوەی حوکمڕانیکردنی عێراقی گۆڕی. لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠دا، بە هاریکاری قەومییە سوننییە عەرەبەکان یەکەمین دەوڵەتی قەومی دامەزراند و کەسایەتێکی سوننی تایفەچی (عەبدولڕەحمان نەقیب)ی بە سەرۆکی وەزیران دانا.

ئەم بنچینە تایفەگەرییەی دەوڵەتی عێراق لە یاسای عێراق و، یاسای ناسنامە (الجنسیە)ی عێراقدا، کە لە ساڵی ١٩٢٤دا بڕیاردرا، بە زەقی ڕەنگی دایەوە. کاتی زۆربەی شیعەکانی عێراق بە (هاوولاتی نانەسڵی دانران).(٦) لەو ڕۆژەوە تائێستا نووسەر و ئایدیۆلۆجیستە قەومییەکانی عەرەب، لەوانە ساطع الحصری، گومان لە عەرەبایەتی شیعەکانی عێراق دەکەن و هەر شیعەیەکی عێراقی بە ئێرانی دەزانن. حەسەن عەلەوی دەڵێ: (هەر لە شۆڕشی ١٩٢٠ەوە تائێمڕۆ ڕێبازێکی فراوانی پرۆژەی قەومی لە عێراق هەوڵ دەدات شیعەکان لە عەرەبایەتی بێبەری بکات و بە عەجەمیان دابنێ).(٧) ئەم ڕێبازە ئێمڕۆ سیاسەتی ڕەسمیی ڕژێمی بەعسە.

بە کورتی دەوڵەتی قەومی عێراق، لە سەرەتاوە، لەسەر بنچینەیەکی تایفەگەری سوننی دژ بە شیعە دامەزرا. دواتریش کاتێ لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤دا کوردستانی خواروو داگیرکراو بە عێراقەوە لکێندرا ئەم دەوڵەتە لە پاڵ خەسڵەتە تایفەگەرییە- مەزهەبییەکەیدا سروشتێکی شۆڤێنی- ڕەگەزپەرستانەی دژ بە کوردیشی بە خۆگرت. بەم جۆرە دژایەتی شیعە و دوژمنایەتی کورد و ڕێگرتن لە سەربەخۆیی کوردستان بوو بە ئامانجی هاوبەشی قەومییە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق و کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا. ئینگلیزەکان بۆ چەسپاندنی ستراتیژ و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، قەومییە عەرەبە سوننییەکانیان کردە دارەدەستیان. قەومییە عەرەبە سوننییەکانیش سودیان لە هێز و دەسەلاتی داگیرکەری بەریتانیا وەرگرت بۆ پاراستنی دەسەلاتی تایفەگەری- ڕەگەزپەرستی خۆیان و داگیرکردنی کوردستان و چەسپاندنی دەوڵەتی قەومی- مەزهەبی دژ بە کورد و شیعە.

بە ڕای من بزووتنەوەی قەومی عەرەب لە عێراقدا، کە لە نێو عەرەبی سوننیدا سەریهەڵدا و

گەشەی کرد، هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی تایفەگەری- ڕەگەزپەرستی بوو: تایفەگەری بەرامبەر بە خەڵکی شیعە و، ڕەگەزپەرست بەرامبەر بە کورد و ئاشوری و تورکمان و جولەکە.

ئەم بزووتنەوەیە بەرهەمی سروشتی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کۆمەڵگای عێراق و سەرهەڵدانی چینی نوێی کۆمەڵایەتی نەبوو. هەروا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی نەبوو کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان خەڵکی عەرەبی عێراق و نێوان داگیرکەری بێگانەدا سەریهەڵدابێ بەو ئامانجەی ئەم ناکۆکییە نەهێڵێ و دەسەڵاتی بێگانە لە وڵاتدا وەدەرنێ و دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێ. بە پێچەوانەوە دەوڵەتی بەریتانیا خۆی ئەم ئەرکەی بۆ قەومییەکانی عێراق بە ئەنجام گەیاند. دەوڵەتەکەیشی بەو فەرمانبەر و ئەفسەرە عەرەبە سوننییانە سپارد کە پێشتر لە دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کاریان دەکرد. لەویش زیاتر خودی بەریتانیا، بە لەشکری خۆی کوردستانی خوارووی داگیرکرد و بە دەوڵەتی قەومی عێراقییەوەی لکاند. لەسەر ئاستی جیهانی، لە ڕێگەی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە)، کە ئامرازی دەستی وڵاتە کۆلۆنیالیستەکان بوو، ڕواڵەتێکی (یاسایی) بە قەوارەی داتاشراوی عێراق بەخشی.

بۆیە بزووتنەوەی قەومی عەرەب، کە لە کۆشی بەریتانیادا گەورە بوو، تۆخمی ڕۆشنگەری (التنویر) و ڕاسیۆنالیزم و ڕزگاریخوازی و ئینسانیی بەخۆی نەگرت، بگرە وەک بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستی دژ بە کورد و تایفەگەری دژ بە شیعە مایەوە.

ئەوەتا هەموو لایاڵەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە (لە بەعسی حوکمڕانەوە تا هێزە قەومییە ئۆپۆزیسیۆنەکان) زۆر تا کەم ئەم خەسڵەتانەی سەرەوەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە و بگرە لای ئەوان وەک غەریزەی لێهاتووە.

بۆیە سەیر نییە کە لە نێو ئەم بزاڤە قەومییە شێواو و تایفەگەر و ڕەگەزپەرستەدا نموونەی وەک بەعس هەڵبکەوێ. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم بەعس نوێنەری سروشتی پرۆژەی قەومی و بزووتنەوەی قەومی عەرەبی عێراقە و، بە ئەمانەتەوە پەیام و ڕێبازی ئەم بزووتنەوەیە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و خەڵکی شیعە پیادە دەکات.

## میکانیزمێکی نوێ بۆ پاراستنی تایفەگەری لە عێراقدا

ئەو پرینسیپەی بەریتانیا لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠دا بۆ دەوڵەتی قەومی عێراقی دارشت، ئاسان نەبوو لە سایەی ئەو جیاوازییە گەورەی لەنێوان ڕێژەی شیعە و ڕێژەی سوننیدا هەیە سەر بگرێت و کەمایەتییێکی مەزهەبی حوکمی زۆرایەتییەک بکات کە چوار ئەوەندەی خۆیەتی. بۆیە ئەم پارسەنگە لەنگەی نێوان ڕێژەی شیعە و ڕێژەی سوننی پێویستی بە گۆڕانێکی گەورەبوو کە بە قازانجی زۆربوونی ڕێژەی خەڵکی سوننی لە نێو قەوارەی داتاشراوی عێراقدا تەواوببێ. پێدەچێ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە باشترین ڕێگە بووبێ کە بە هۆیەوە ڕێژەی سوننییەکانی نێو قەوارەی عێراق لە ٤٠٪ تێدەپەڕی. لام وایە ئەمە یەکێک بێت لەو هۆکارە سەرەکیی و گرنگانەی کە پاڵی بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە نا تا کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبەوە بلکێنێ، نەک وەک کۆلۆنیایێک خۆی ڕاستەوخۆ بەڕێوەی بەرێت(٨)

پرسی کۆکس لە ئەیلولی ١٩٢١دا دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ مەلیکی عێراق بۆ دەوڵەتی

بەریتانیا دەنووسێ: مەلیک ترسی ئەوەی هەیە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەبێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش بچنە پاڵ ئەم دەڵەتە، ئەمەیش گەورەترین مەترسی هەمیشەیی بۆ سەر عێراق دەبێت. هەروا مەلیک دەیەوێت بە هۆی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە زۆرایەتییەکی بەردەوامی سوننی (لە چاو شیعە) لە پەرلەمانی چاوەڕوانکراو دادەستەبەر بکات.(٩)

پێدەچێ قەومییە عەرەبەکانی عێراق هەر لە سەرەتاوە کۆلۆنیالیستانە چاویان لە داگیرکردن و تالانکردنی کوردستان بڕیبێت، بەڵام خۆیان نەک هەر ئەم کارەیان پێنەدەکرا، بەڵکو بەبێ کۆمەکی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، نەیاندەتوانی حوکمرانی بەشە عەرەبییەکەی عێراقیش بکەن. لەشکری بەریتانیا ئەم ئەرکە قەومییەی بۆ بەجێ گەیاندن، کە لە بنەڕەتدا بە قازانجی بەرژەوەندی ستراتیژی خۆیشی بوو. لە ئەنجامدا ئەم قەوارە ناتەباو شێواوەی لێکەوتەوە، کە کەمایەتییەکی سوننی عەرەب حوکمرانی دوو زۆرایەتی شیعە و کوردستانی دەکات:

یەکەم: **لە رووی مەزهەبییەوە**، وەک باسکرا، حکومەتی کەمایەتی سوننەیە، کە زۆرایەتی شیعەی عێراق دەچەوسێنێتەوە.

دووەم: **لە رووی نەتەوەییەوە**، هەمان کەمایەتی عەرەبی سوننی حوکمران بە ژمارە نیو نەوەندەی گەلی کوردستان (کورد و ئاشووری و تورکمان) نابێت. چونکە تەنیا گەلی کورد ٢٨٪ی گەلانی عێراقە.(١٠) کەچی عەرەبی سوننی عێراق نزیکەی ١٥٪ی گەلانی عێراقە.(١١)

بەڵام عەرەبە سوننییە حوکمرانەکانی عێراق کەمایەتی مەزهەبی خۆیان، لە بەرامبەری شیعەکاندا، بەوە داپۆشیوە کە کورد سوننەیە. بەم جۆرە رێژەی سوننەکان (بە کوردەوە) لەنێو قەوارەی عێراقدا لە ٤٠٪ تێدەپەڕێ. **لێرەدا گەلی کورد، لە بەرامبەری شیعەدا، کراوەتە قەڵغانی مەزهەبی حوکمرانە سوننییەکانی عێراق.**

هەروا ئەم کەمایەتییە عەرەبییە حوکمرانە کەمایەتی خۆی لە بەرامبەری گەلی کوردستاندا بەوە شاردۆتەوە کە شیعەکانی عێراق، جگە لە کوردە فەیلییەکان و، بەشێک لە تورکمانەکان، عەرەبن. لێرەدا شیعەکان، **لە بەرامبەری گەلی کوردستاندا، کراونەتە قەڵغانی قەومیی حوکمرانە عەرەبەرەگەزپەرستەکانی عێراق.**

کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، لە رێگەی لکاندنی کوردستانی خواروو بە عێراقەوە، بەلای کەمەوە سێ ئامانجی گرنگی بەدەست هێنا:

یەکەم: پارسەنگی تایفەگەریی لەنێو قەوارەی داتاشراوی عێراقدا بە قازانجی زیادبوونی رێژەی خەڵکی سوننی هاتەگۆڕێن. رێژەی شیعەکان لە ٨٠٪را بو بە نزیکەی ٥٥٪ی هەموو عێراق. ئەمەش ئەو رەواییەیان ناداتێ کە دارای حوکمرانی بێ بەربەست (موتلەق) بکەن.

دووەم: دەوڵەتی بەریتانیا رێگەی لەسەربەخۆیی کوردستانی خواروو، یەکگرتنەوەی کوردستان، بەست و توانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا لە قالب بدات، (جۆری چارەسەرکردنی کێشەی میللەتەکەیش بخاتە نار قالبی کێشەی نیشتمانیی ئەو ولات و دەوڵەتە نوێیەوە. ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی خواروودا بە ئامانج و خواست و پاشەرۆژی ئەو عێراقەوە ببەستێتەوە. ئیتر بە تەواوی لە کێشەی کورد رزگاری ببێ و بە کاڵا و پێناوەوە بیکاتە عێراقی ئینگلیزانە و عێراقی ئینگلیز).(١٢)

ئەم لە قاڵبدانەی گەلی کورد و کێشەکەی لە چوارچێوەی عێراقدا، دواتر، وەک پەیامێکی پیرۆزی نیشتمانی و (ئاسمانی!) هێزە چەپ و راستەکانی عێراقی لێهات.
سێیەم: سوپاکەی خۆی لە شەری دژ بە گەلی کوردستان بە دوور گرت و قەومییەکانی عێراقی لە کوردستاندا کردە پۆلیسی خۆی.
ئەم قەوارە دووجار شێواو و دووجار ناشەرعییەی عێراق، کە لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و تایفەگەری دامەزراوە، تەنیا بە زەبری ستەم و زۆرداری دیکتاتۆری رادەگیرێت. لام وایە لەبەر ئەم هۆکارەبێت کە دەوڵەتی عێراق، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵی تەمەنی خۆیدا، دیموکراسی و ژیانی دەستووری و دەوڵەتی یاسای بەخۆیەوە نەدیوە. سەرەرای ئەوەی کێشەی سیاسی لە عێراقدا سروشتێکی خوێناوی بەخۆیەوە گرتووە. هەروا راگرتنی ئەم قەوارە داتاشراوە گەورەترین هۆکاری بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ستەم و دیکتاتۆری دەبێت. چونکە هەر کەمایەتییەکی قەومی، ئاینی، مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی تەنیا لە رێگەی دیکتاتۆری و تیرۆرەوە دەتوانێ درێژە بە حوکمرانیکردنی زۆرایەتی بدات. بۆیە دیموکراسی نەک هەر بە دەوڵەتی عێراق نامۆیە، بەڵکو پێم وایە گۆرهەڵکەنی ئەم دەوڵەتەیە.
داتاشینی قەوارەی عێراق، هەر لە سەرەتاوە، دوو جۆرە کێشەی مەزهەبی و نەتەوەیی لێکەوتەوە کە تا ئیمرۆ بەردەوامن. هەردوو راپەرینەکەی گەلی کوردستان و خەڵکی شیعەی عێراق، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، دەریان خست کە ئەم دوو کێشەیە زەقترین کێشەی سیاسی نێو قەوارەی عێراقن.

## بزاڤی سیاسی شیعەکان و مەسەلەی کوردستان

بزاڤی سیاسی شیعەکانی عێراق، لە بنەرەتدا بەرهەمی ستەمی مەزهەبی- تایفەگەریی حوکمرانە سوننییەکانی عێراقە. ئەم بزاڤە تا ئەو ئەندازەی دەخوازێ زوڵم و ستەم لەسەر شیعەکانی عێراق هەڵبگری و یەکسانییەکی راستەقینە لەنێوان شیعە و سوننەی عێراقدا بچەسپێنێ، بزاڤێکی رەوا و دیموکراتییانەیە. بەڵام کاتێک ئەم سنوورە دەبەزێنێ و، دەخوازێ رژێمێکی ئیسلامی- مەزهەبی مۆدێلی ئێران بەسەر گەلانی عێراقدا بسەپێنێ، ئەوا ئەم بزاڤە ناوەرۆکە دیموکرات و رەوایەکەی خۆی دەشێوێنێ. چونکە بە بەهانەی لابردنی ستەم و چەوساندنەوەیەکی تایفەگەریی- سیاسی دەخوازێ ستەم و چەوساندنەوەیەکی تری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی- مەزهەبی بسەپێنێ. هەروا کاتێ ئەم بزاڤە نکوڵی لە مافی سەربەخۆیی گەلی کوردستان دەکات، ئەوا دەشێ لە ئایندەدا هەمان رێبازی حوکمرانە رەگەزپەرستەکانی ئێستا و پێشووی عێراق بگرێتەبەر.

**بزاڤی سیاسی شیعەکانی عێراق، لە دوای تێکشکانی راپەرینی (١٩٢٠)ەوە بە دوو قۆناخی جیاوازداتێپەریوە:**

**قۆناخی یەکەم:** لە سەرەتای بیستەکانەوە تا سەرەتای شەستەکان.
لەم قۆناخەدا خەباتی رێکخراو وسەرکردە ئاینی و سیاسییەکانی خەڵکی شیعە بەو ئامانجە بوو

کە ستەم و چەوساندنەوەی تایفەگەری لەسەر شیعەکان هەڵبگیرێ. بۆ ئەم مەبەستەیش لەبەرنامە و یاداشتنامە و تەنانەت لە راپەرینەکانیشیاندا داوایان دەکرد کاروباری دەوڵەت بە جۆرێکی یەکسان لە نێوان کەسایەتییە شیعە و سوننەکاندا دابەش بکرێ، پرۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە ناوچەکانی ئەوانیش بگرێتەوە. مزگەوت و مەڵبەندە ئاینییەکانی هەردوولا وەک یەک بایەخیان پێ بدرێ..... هتد. هەروا لەسەر ئاستی نیشتمانی عێراق پێیان لەسەر کۆمەڵێک داخوازی سیاسی دادەگرت لەوانە دیموکراسی سیاسی، هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمان، ئازادی بیر و نووسین و دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی ...... هتد.(١٣) چونکە ئەوان لێیان روون بوو کە لەم رێگەیەوە حوکمی تایفەگەری و دەسەڵاتی کەمایەتی سوننە دوایی دێت و ئەوان زۆرایەتی لەنێو پەرلەماندا پێکدێنن.

بەڵام ئەم داخوازییانەی شیعەکان، بەردەوام، لەلایەن دەسەڵاتی بەریتانیا و دەوڵەتی عێراقەوە رەتدەکرانەوە. ئەم ستەمە تایفەگەرییە بە جۆرەها ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی تێکەڵ ببوو، کە تێکرایان، زەمینەیەکی بابەتییان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی شیعەدا، بۆ راپەرین و بەرهەڵستاکاری رەخساندبوو. بێزاری خەڵکی چەوساوەی شیعە بە جۆرێکی سروشتی و خۆرسکانە، لەگەڵ هەڵوێستی هێزە بەرهەڵستار و چەپەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا و رژێم تێکەڵ ببوو. بۆیە ئەم هێزانە زۆرترین ئەندام و لایەنگرانیان لەنێو شیعەکاندا هەبوو.

بەڵام ئەم شێوە خەباتەی شیعەکان ئەنجامێکی نەبوو. ئەو زنجیرە کودێتایەی لە تەمووزی ١٩٥٨را دەستیپێکرد گۆرانێکی چۆنایەتی بەسەر باروودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقدا هێنا. سوپای عێراق، کە هەمیشە سەرکردە دەسترۆیشتووەکانی عەرەبی سوننی بوون، وەک هێزی یەکلاکەرەوەی باروودۆخی سیاسی هاتە مەیدان. ستەمی تایفەگەریی بەرامبەر بە شیعەکان توندتر بوو. هێزە چەپەکانی عێراق، کە رۆژێک لە رۆژان مایەی ئومێدی خەڵکی شیعە بوون، هەڵوێستێکی بێ باکانە و هەڵپەرستانەیان بەرامبەر بە چەوساندنەوەی دڕندانەی شیعەکان وەرگرت.

قۆناغی دووەم: ئەم باروودۆخە نوێیە کۆتایی بەشێوە خەباتی کلاسیکیانەی شیعەکان هێنا و،(١٤) شێوە هۆشیارییەکی نوێی ئاینی- سیاسی لەلا دروستکردن، کە زۆری نەبرد لە شێوەی بزاڤێکی نوێی ئایینی- سیاسی، خاوەن بەرنامە و ئامانجێکی سیاسی جیاواز لە جاران، بەرجەستە بوو. لام وایە دامەزراندنی (حیزبی ئەلدەعوەی ئیسلامی) لە نێوەراستی شەستەکاندا، لە نێو شیعەکانی عێراقدا، نیشانەی ئەم هۆشیارییە نوێیە ئاینییە- سیاسییە بوو.

ئەم هۆشیارییە نوێیە بە خێرایی لە نێو شیعەکاندا گەشەی کرد و شێوەی بزاڤێکی رێکوپێکی جەماوەری بە خۆگرت.(١٥) لە ئەنجامدا چەند رێکخراوێکی نوێی خاوەن بەرنامە و ئامانجی وێکچوو دامەزران. بزاڤی نوێی شیعەکانی عێراق، لە راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٧٧دا، کە بە توندی سەرکوت کرا، خۆی وەک هەرەشەیەکی راستەقینە بۆ سەر رژێمی عێراق خستەروو.

سەرکەوتنی راپەرینی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران وزە و تینێکی نوێی بە بەر بزاڤی سیاسی- ئاینی شیعەکانی عێراقدا کرد. مەسەلەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوان لە خەون و تیۆرییەوە بوو بە هەقیقەت و پراکتیک. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هێزە سیاسییە- ئیسلامییەکان بە کۆمەکی کوماری ئیسلامی ئێران، لە بەرەیێکدا بە ناوی (ئەنجوومەنی

بالای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) یەکیان گرت و، بەرنامەیەکی تایبەتیبان بۆ شێوەی ڕژێمی ئیسلامی عێراق دارشت، کە تیایدا هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە شێوەی حوکم و دیموکراسی و مەسەلەی گەلی کوردستان و...... هتد ڕوونکردەوە.

## بەرهەمهێنانەوەی بیری شۆڤێنی عەرەب و فارس لە دژی کورد

هێزە سیاسییەکانی شیعە کە خۆیان بە جێگری ڕژێمی بەعس دەزانن، پرۆگرامێکی ڕیالیستانە و ئینسانییانەیان بۆ چارەسەری مەسەلەی گەلی کوردستان نییە. ئەوان دەخوازن ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنی خۆیان لەژێر هەندێ تیز و بۆچوونی گومراکارانەدا بشارنەوە، وەک: (ئیسلام دژی چەوساندنەوەی نەتەوەییە... موسڵمانان، سەرەڕای جیاوازی نەتەوەییان، یەکسان و بران... هتد) کە هەمان تیزی گومراکارانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و، لە پراکتیکدا جگە لە چەوساندنەوەی گەلی کورد و درێژەدان بە کۆلۆنیالیکردنی کوردستان شتێکی تر نییە.

هەقیقەتی ئەم (برایەتی) و (یەکسانییە) ئیسلامییە لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم هێزانە تەنانەت جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنیش بە گەلی کوردستان ڕەوا نابینن و، بە سەرەتایەکی دەزانن بۆ لەتکردنی عێراق!

ئەم ڕێبازەیان دەیسەلمێنێ کە ئەم هێزانە بە هەمان عەقلیەتی ڕەگەزپەرستانەی ناسیۆنالیستانی فارس و عەرەب، بۆ مەسەلەی گەلی کوردستان دەڕوانن، کاتێکیش دەسەڵاتدار دەبن هەر بە میتۆدی داگیرکەرانەی ئەوان لەگەڵ گەلی کوردستان ڕەفتار دەکەن. لەم حاڵەتەدا، دەشێ کێشەی نێوان گەلی کوردستان و دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، شێوەیەکی سەخت تر و خویناوی تر بەخۆی بگرێ. چونکە کینەی شۆڤێنیستانە و ئەماجی کۆلۆنیالییانە تێکەڵاوی بوغزی تایفەگەری-مەزهەبی دەبێ و، ئەم جارەیان قەتلوعامی خەڵکی کوردستان بەپێی فەتوای ئایینی، نەک بەپێی شەهامەت و کەرامەتی قەومی، حەڵاڵ دەکرێت. ئایەتوڵڵە شیرازی، کە تەنانەت ئۆتۆنۆمیش بە کورد ڕەوا نابینێ، دەڵێ: (ئەگەر ڕژێمێکی ئیسلامی دامەزرا و کوردەکان لە دژی ڕاپەڕین، ئەوا فتوا دەدەم پەلاماریان بدرێت، چونکە کەس مافی ئەوەی نییە لە دژی ڕژێمێکی ئیسلامی ڕاست ڕاپەڕێ). (١٦)

سەرکردەکانی بزاڤی سیاسی شیعەی عێراق، کە قەومییەکانی عەرەب بە عەجەم و (تەبەعیەی ئێرانی)یان دادەنێن، دەیانەوێ بۆ سڕینەوەی ئەم تۆمەتە و سەلماندنی عەرەبایەتی خۆیان، لە قەومییەکانی عەرەب ڕەگەزپەرستانەتر لەگەڵ گەلی کوردستان بجوڵێنەوە. ئەوان کوردستان بە خاکی عەرەب و گەلی کوردستان بە میوانی عەرەب دەزانن.

لام وایە ئەم هەڵوێستەی هێزە ئیسلامییەکانی عێراق، بەرامبەر بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان، لە چەند بنەمایەکەوە سەرچاوەی گرتووە:

١- بنەمای بیری قەومیی عەرەب لە عێراقدا کە لە جەوهەردا بیرێکی شۆڤێنیستانە و ڕەگەزپەرستانە و مەزنخوازانەیە. ئەم بیرە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندی بورژوازیی کۆلۆنیالی عێراق دەردەبڕێ.

٢- دوورەپەرێزی و دابڕینی ئەم هێزانە لە بیری دواکەوتووانەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە دژ بە

دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەربەخۆیی گەلانە.

٣- گرێکوێرەی سایکۆلۆژی نەتەوەیی، کە لە ئەنجامی بە عەجەم دانانی شیعەکانی عێراقەوە لایان دروست بووە.

٤- بنەمای بیری شۆڤێنیزمی فارس، کە ئەم هێزانە بە هۆی پەیوەندیی دێرینی مەزهەبی، روحی، کولتوریی وسیاسی نێوان شیعە و فارس، وەریانگرتووە. هەروا کۆماری ئیسلامی ئێران، کە لەژێر پەردەی ئاییندا، ئەم بیرە بەرامبەر بە گەلانی بندەستی ئێران پیادە دەکات، لەم رووەشەوە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ئەم هێزانە.

بزاڤی سیاسی شیعەکان لە کاتێکدا بە توندی بزاڤ و ئایدیۆلۆژیای قەومی رەتدەکاتەوە و بە دەستکردی ئیمپریالیزمیان دەزانێ، کەچی خۆی هەمان هەڵوێستی رەگەزپەرستانەی ناسیۆنالیستانی عەرەب و فارس بەرامبەر بە گەلی کورد و گەلانی تری بندەستی ئێران و عێراق وەردەگرێ. ئەمەیش شتێکی زۆر سەیر نییە، چونکە ئایدیۆلۆژیای ئایینی (ئیسلامی) هەوەڵێ ئایدیۆلۆژیایێک نییە کە بە ئێوی رەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای قەومییەوە، دەیەوێ رەوایی خۆی بسەلمێنێ، کەچی بەکردەوە هەمان بیر و هەڵوێستی شۆڤێنیستانەی قەومییەکان دێنێتەوە بەرهەم. بۆ نموونە هەڵوێستی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپا بەرامبەر بە سەربەخۆیی وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان. رێبازی شۆڤێنیستانەی کۆمۆنیستەکانی رووس، چین، سرب... بەرامبەر بە گەلە ژێردەستەکانی دەولەتەکانیان... هتد. ئەم دیاردانە دەیسەلمێنن کە ئایدیۆلۆژیا، هەر ئایدیۆلۆژیایێک، بە تەنێ ناتوانێ بیر و بۆچوونی شۆڤێنیستانە و مەزنخوازانە، لای خەڵکی نەتەوەی سەردەست ریشەکێش بکات. ئەم بیرە، کە دەربڕی بەرژەوەندیی بۆرژوازیی کۆلۆنیالییە، ریشەیێکی قووڵی مێژوویی لە کۆمەڵگادا هەیە و دەتوانێ سەرلەنوێ لە فۆرمێکی تردا و بە ئێوێکی ترەوە خۆی دەرخاتەوە. چونکە ستروکتوری ئابووری و کومەلایەتی و سیاسی و کولتووری ئەم جۆرە کومەڵگایانە لەسەر داگیرکردن و چەوساندنەوە راگیراوە. زۆرجار کاتێ هێزێک دەیەوێ لە کارتێکردنی ئەم ستروکتورە دەرباز بێ، رەنگە وەک ئەو کەسە بێتە بەرچاو کە دەخوازێ لە (جازبیە)ی زەوی رزگار بێت.

دەربازبوون لە شۆڤێنیزم و بیری داگیرکەرانە پێویستی بە گۆڕانکاریی ئابووری- کۆمەلایەتی هەروا بە ئاستێکی بەرزی شارستانی و دیموکراسی هەیە کە تائێستا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پێی نەگەیشتوون. بۆیە سەیر نییە کە نەک هەر هێزە سیاسییە ئیسلامییەکان، بەڵکو هێزە سیاسییەکانی تری عەرەب، فارس وتورک هەڵوێستێکی شۆڤێنیستانەی وێکچوویان سەبارەت بە مەسەلەی داگیرکردن و سەربەخۆیی کوردستان هەیە. چونکە هەموویان، کەم تا زۆر، کارتێکردنی بیری مەزنخوازانە و کولتووری داپلۆسینەرانەی سەدان ساڵی نەتەوەکانیان پێوەدیارە. ئەم هێزانە، هەر چەندە زوربەیان راونراو و ستەم لێکراون بەڵام، خۆیان بوونەتە ئامرازێکی بێ ئاگایانەی داپلۆسینی گەلی کوردستان. چونکە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، لە جەوهەردا، داکوکیکردنە لە چەوساندنەوە و داگیرکردن و رەگەزپەرستی. مەگەر میکانیزمی داگیرکردن بەبێ ستەم و دیکتاتۆری سەردەگرێ؟!

ئەم هەڵوێستەی بزاڤی سیاسی شیعەکان و هێزەکانی تری عێراق دەیسەلمێنێ کە هەموو ئەم هێزانە، سەرەرای جیاوازی ئایدیۆلۆژیی و سیاسی و ناکوکی نێوانیان، هەموویان بە هەمان عەقلیەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتی عێراق بۆ مەسەلەی گەلی کوردستان دەڕوانن. بۆیە ناکۆکی

نێوان ئەم هێزانە و رژێمی ئێستای عێراق، کە لە سەر دەسەلاتی سیاسییە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی رێژەیی (نیسبی) و فۆرماڵە، چونکە بە هەر بارێکدا بشکێتەوە کێشەی نێوان کوردستان و عێراق هەر درێژەی دەبێت. ئەم کێشەیە لە ئەنجامی داگیرکردنەوە سەری هەڵداوە و تەنیا بە نەهێشتنی داگیرکردنەکە دوایی دێت.

لە مێژووی حەفتا ساڵەی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراقدا دەیان جار شێوەی حوکم و جۆری رژێم لە بەغدا هاتنە گۆڕین ... چەندان هێزی سیاسی راست و چەپ دەسەلاتی سیاسیان گرتەدەست، کەچی کێشەی نێوان کوردستان و عێراق دوایی نەهات. بگرە قۆناغ بە قۆناغ سەختتر و ئاڵۆزتر بوو. ئاخۆ دەبێ چەند جاری تر رژێمی سیاسی لە عێراقدا بێتە گۆڕین تا ئەو هێزە سیاسیە دیموکرات و ئینسانی و شارستانییە دەردەکەوێ کە باوەر بە سەربەخۆیی کوردستان بێنێ و نەفرەت لە مێژووی داگیرکەرانەی دەوڵەتی عێراق بکات!

بەلاَم ئاخۆ مەرجە گەلی کوردستان چاوەڕوانی ئەورۆژە دوورە، بگرە یەکجار دوورە بکات؟!

**تێبینی و سەرچاوەکان:**

١- عبدالکریم الازری، مشکلە الحکم في العراق، لندن ١٩٩١، ص ٢٩ و ٧٢.

٢- شیعە، یان شیعەگەری- ئایتزا (مەزهەب)ێکە لە ئایینی ئیسلامدا، کە دوای مردنی پێغەمبەر سەری هەڵدا و کۆمەڵێک رێبازی فیکری، فەلسەفی و سیاسی لێ پەیدا بوو کە سەرەرای جیاوازییان هەموویان لەسەر ئەوە سووربوون کە عەلی کوری ئەبوتالیب تاکە جێگری رەوای پێغەمبەرە. شیعەکان بە درێژایی مێژووی خۆیان بەرهەڵستکاری توندی خەلافەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئیسلام بوون. بزووتنەوەکانیان ناوەرۆکێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و تەنانەت، وەک د. حوسێن مروە دەڵێ، چینایەتیشیان بە خۆیانەوە گرتبوو، کە زۆرجار بە توندی پەلاماردەدران وحوکمرانانی ئیسلامی بە کۆمەڵ لە ناویان دەبردن و تەنانەت ژن و منداڵەکانیان لە مەدینە و شارەکانی تری عەرەبدا هەراج دەکردن. (بروانە: د. حوسێن مروە- النزعات المادیە في الفلسفە العربیە الاسلامیە، الجزء الاول- دار الفارابي- بیروت ١٩٧٩ ص ٤٩٤.

٣- حسن العلوي- الشیعە والدولە القومیە في العراق (١٩١٤- ١٩٩٠) ط٢- ١٩٩٠ ص٥١-٥٢.

٤- العقید الرکن احمد الزبیدي- البناء المعنوي للقوات المسلحە العراقیە- بیروت، دار الروضە. الطبعە الاولی- ١٩٩٠ ص ٧٤.

٥- احمد الزبیدي- سەرچاوەی پێشوو ل٧٥.

٦-(هاوڵاتی نا ئەسلی) ئەوانەن کە تەسکەرەی عوسمانییان نییە، یان لەسەرژمێری سەردەمی عوسمانییەکاندا ناونووس نەکراون. دیارە بەشێکی زۆری شیعەکانی عێراق لەبەر پەیوەندییان لەگەڵ ئێران، یان بە هۆی کوشتاری دەوڵەتی عوسمانییەوە، یان لەبەر هۆکاری تر، خۆیان لەسەرژمێری عوسمانییەکاندا ناونووس نەکردووە. بەمەش یاسای تایفەچی دەوڵەتی قەومی عێراق بە ئێرانی لە قەڵەمیان دەدات. ئەم یاسا تایفەچییە لەسەردەمی بەعسییەکاندا زیاتر گەشەی پێدرا. هەر بەپێی ئەم یاسایەش بوو کە لەم دواییەدا، زیاتر لەنیو ملیۆن کوردی فەیلی و شیعەی عەرەب بۆ ئێران راگوێزران. بروانە رجاء حسین الخطاب، العراق بین ١٩٢١- ١٩٢٧، دراسە في تطور العلاقات العراقیە البریطانیە، جامعە بغداد ص١٦٥.

٧- حسن العلوي- سەرچاوەی پێشوو ل٤٦.

٨- بەهەشتی، عەزیز شەریف پێی وایە کە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بەو مەبەستە کوردستانی خوارووی بە عێراقەوە لکاند و خۆی راستەوخۆ وەک کۆلۆنیایەک بەرێوەی نەبرد، تاخوی لەو خەرجییە زۆرە بە دوور بگرێ کە پرۆسەی داگیرکردن گەرەکیەتی. لەبەر ئەوە بەریتانیا حوکمرانانی عێراقی وەک پۆلیس بەکارهێنا تا عێراق، بە کوردستانیشەوە، پارێزگاری بکەن. بڕوانە: عزيز شريف، المسألە الكرديە في العراق، الطبعە الثالثە، مطبعە الشهيد جعفر ١٩٨٨ ص١٣.

لام وایە ئەم رایەی بەهەشتی عەزیز شەریف، تەنیا لایەنێک، یان بەشێکی مەسەلەکە دەردەبڕێ.

٩- جەرجیس فەتحوڵلا، النفط قرر مصير كردستان السياسي- مجلە الثقافە الكرديە- لندن- العدد ٢ آذار ١٩٩٠. ص ٣٥.

١٠- لازاريف، الكرد والمسألە الكرديە- گۆڤاری الثقافە\ الجديدە\، العدد ١٥٥ حزيران ١٩٨٤ ص ٦١.

١١- حەسەن عەلەوی پێی وایە کە عەرەبی غەیرە شیعی لە عێراقدا، دیارە بە صابئی و بەو مەسیحییانەشەوە کە خۆیان بە عەرەب دەزانن نزیکەی ١٨٪ی خەڵکی عێراقن- بڕوانە حسن العلوي، سەرچاوەی پێشوو ل٤٥.

لەم رووەوە سەرچاوەی تەواو باوەڕپێکراو لەبەردەستدا نییە. بەڵام بەپێی هەندێ سەرچاوە، لەوانە، ئەو سەرچاوەیەی لە پەراوێزی ژمارە دووی ئەم باسەدا هاتووە، رێژەی عەرەبی سوننە لە ١٥٪ی گەلانی عێراق تێناپەڕێ.

١٢- مەحموود مەلا عیزەت، رەگ و ریشەی مێژووی تەقەلای بە عێراقیکردنی کورد و مەسەلەی کوردستان، بەشی یەکەم،سوێد ١٩٨٧ ل٢٩.

١٣- بۆ نموونە فتوای ئیمام خالصی لە ساڵی ١٩٢٢دا، پەیماننامەی رابەری ئایینی ئەوسای شیعەکان شيخ محمد حسن كاشف الغطاء، لە ئاداری ١٩٣٥دا، هەروا بەرنامە و ئامانجی هەردوو حیزبی (الوطني) و (النهضە) کە رابەرەکانیان و زووربەی سەرکردە و ئەندامەکانیان شیعە بوون، بۆ زیاتر بڕوانە- حسن العلوي سەرچاوەی پێشوو.

١٤- رەنگە یاداشتنامە پڕ لە بێزارییەکەی ئیمامی شیعەکان (ئیمام حەکیم)، کە لە شوباتی ١٩٦٤دا بۆ دەوڵەتی عێراقی نارد، دوا تەقەلای بێ سوودی رابەرە ئایینییەکانی شیعە بووبێت، تا لەم رێگەیەوە سنوورێک بۆ ستەمی تایفەگەری دابنێن. (بۆ زیاتر دەربارەی ئەم یاداشتە- بڕوانە: حسن العلوي- سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥٣.

١٥- شەهید محمدباقر الصدر، وەک رابەری رۆحی وئایدیۆلۆژیستی بزووتنەوەی سیاسی شیعەکان، رۆڵێکی گەورەی لە گەشەپێدانی ئەم بزاڤەدا هەبوو.

١٦- فالح عبدالجبار، المادیە والفكر الديني المعاصر- نظرە نقديە، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكيە، الطبعە الاولى ١٩٨٥ ص١٤٨.

# سیستەمی نوێی جیهانی و کێشەی کوردستان

هاشم کۆچانی

سیستەمی نوێی جیهانی، کە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاواوە داهێنرا، بۆتە یەکێک لە زاراوە باوەکانی ئەمڕۆی جیهان. ئەم زاراوەیە و چەمکی سیاسەتی نوێ بیرکردنەوەی میخایل گەرباچۆڤ لە گەلێک رووەوە وەک: زەمەنی سەرهەڵدان و بیچم و تەنانەت بۆچوونیشیان لێکدەچن، بەڵام جیاوازیشیان کەم نییە.

گەرباچۆڤ و دەوڵەتەکەی جارانی وی، ئەو زەمینە ئابوورییەیان نەبوو، بتوانن رەونەق بەم نوێ بیرکردنەوەیە بدەن و کۆڵەگەکانی چەترە جیهانییەکەی دابەستن. بە رەسمی هەڵوەشاندنەوەی قەوارە کۆنەکەی سۆڤیەت و وەکەنارخستنی گەرباچۆڤیش، بە جارێک مەیدانی بۆ زاراوە ئەمریکاییەکە چۆڵکرد.

گەلێک جار وشە «نوێ»یەکە مرۆڤ بە سەهوودا دەبا و، ئەوەی لەبیردەباتەوە کە ئەم وشە «دڵگیرە»ش، مانایەکی دووسەرەی «پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ»ی هەیە و، مەرج نییە لە هەموو شوێن و کاتێکدا واتای پەرینەوە لە خراپەوە بۆ چاک بگەیەنێ. هەر بۆیەرەنگە بۆ «نوێ»یەکە سیستەمی داهاتووی جیهان و، بۆ «کۆنەکە»ش» سیستەمی رابردوو دروستتربێ. بەڵام لەبەر داسەپاوییەکەی من لێرەدا زیاتر زاراوە باوەکە بەکاردێنم.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی سیستەمی نوێی جیهانی وەک «راگەیەندراوە» شیبکەینەوە، ئەم مانایە دەگەیەنێ: کۆنترۆڵکردنی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پاراستنی شارستانییەت، هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشە گشتی و هەرێمایەتییەکان. سەروەربوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان لە هەڵبژاردنی مۆدێلی ژیانی داهاتوویان...هتد.

ئەگەر لەو ناونیشانانەوە سەیری ئەو سیستەمە بکرێ، ئەوا دەبێ خۆی لە ئایدیۆلۆژیا و کولتووری سیستەمی رابردووی جیهان «بلۆک بەندیی» رووتکاتەوە و، زەمینەی یاسایی و دەستووریی بۆ دارێژرێ و، پشت بە بەڵگەنامە جیهانییەکان ببەستێ.

گەرچی تا ئێستا سیستەمێکی لەم چەشنە، بە هەموو رواڵەت و رێباز و بنچینە و ئامانج و ناوەرۆکەکەیەوە لە ئارادا نییە، بەڵام هەندێ لایەنی زەمینەی جیهانیی بۆ رەخساوە. هەرچەندە وا دیارە ئەمریکا کەڵکی خراپ لە هەلومەرجی هەتووکەیی دنیاکە بە قۆناغی پەرینەوەدا گوزەردەکات، وەردەگرێ و بەکردەوە دەیەوێ سیستەمی بە تەنیا حوکمڕانی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. ئەمەش دروست پێچەوانەی ئەو ئامانجانەن کە بەناوی سیستەمی نوێی جیهانییەوە خراونەتە روو دژ بەو زەمینەیەیە کە پاش «شەڕی سارد» پەیدابووە.

وەزارەتی دیفاعی ئەمریکاش لە راپۆرتێکدا بەناوی «بەڵگەنامەی پەنتاگۆن» خولیای ئەمریکا بۆ خۆسەپاندن بەسەر جیهاندا و، چاری کێشەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەو ناشارێتەوە «بەڵام زەحمەتە ئەو بەڵگەنامەیە بتوانێ بنچینەی سیستەمێکی جیهانیی ئەوتۆ دارێژێ، کە بۆ ماوەیەکی

زۆر ئەمریکا بە تاقی تەنیا بتوانێ زاڵبێ تیایدا، چونکە رۆڵی رێژەیی سەربازیی، لە بەرامبەر رۆڵی ئابوری و پێشکەتنی تەکنەلۆژیی و بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریی و کەلەپووری شارستانیدا، کەم دەبێتەوە». (١)

ئەم بەڵگەنامەیە بێزارییەکی زۆری لەناو ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپادا دروستکردووە. سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە دوایەمین سەردانیدا بۆ نیویۆرک بەئاشکرا ئەوەی دووپاتکردەوە کە «دەبێ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتە تاقە پاسەوانی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و ناوبژیکەری ناکۆکی جیاجیای هەرێمەکان». (٢) لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاریکاریی پەیمانی ئەتڵەسیشدا کە لە ئاداری رابردوو لە برۆکسل پێکهات، چەند ئەندامێکی تری ئەتڵەنتی، لە وڵاتە ئەوروپاییەکان، رەخنە و نیگەرانی خۆیان سەبارەت بەو بەڵگەنامەیە دەربڕی. ئەڵمانیاش لەپاش یەکگرتنەکەوە مەیلی خۆنواندنی وەک کەڵەهێزی ئەوروپا زیاتر لا گەڵاڵەبووە و، دەیەوێ لە سیستەمی تازەی جیهاندا حسابی کۆک بۆ خۆی و ئەوروپا بکرێ.

لەناو خودی ئەمریکاشدا داوا لە کۆشکی سپی دەکرێ، چیتر هێندە بەرز نەڕوانێ و ئاوڕێک لەمەڕ کۆمەڵگاکەی خۆشی بداتەوە. ئەگەر پێشان خەتەری سۆڤیەت وای لە زۆربەی ئەمریکاییەکان کردبوو، داخوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان هەندێ سنوری دیاریکرا نەبەزێنن(٣) ئەوا لەمەودوا بە جۆرێکی تر دەبێ، بە پێچەوانەی بەڵگەنامەکەی پەنتاگۆن «کە رۆڵی دزێو و رابردووی ئەمریکا، وەک پۆلیسی جیهانیی دێنێتەوە یاد». (٤)

چەندان دید و بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم بابەتە گرنگە لە ئارادایە، کە زیاتر لە سێ کۆمەڵی سەرەکیدا خڕدەبنەوە:

دیدی یەکەم:

**وادەبینێ کە هەڵپەندە بەهێزەکانی ئەمڕۆی دنیا دەبنە بنچینەی سیستەمی داهاتووی جیهان. لەوانە:**

-ئەوروپای یەکگرتوو، بە پلەیەکی بەرچاو ئەڵمانیا.

-وڵاتانی سەرووی ئەمریکا، بە رابەریی وڵاتە یەکگرتووەکان.

-ئیمپراتوریەتی تەکنەلۆژیای قۆرخەشەکانی ئاسیا، بە رابەریی ژاپۆن، کە خوارووی کۆریا و تایوان و هۆنگ کۆنگ دەگرێتەوە و، دوورنیە مالیزیا و تایلاند و ئەندەنوسیاش بچنە پاڵیان.

بۆچوونی وا هەیە چین و هندستانیش دەخاتە ئەم خانەیەوە.

- روسیای فیدراڵ و کۆمینوڵسەکەی، ئەگەر قوڵایێک هەبێ و بتوانێ لەو گێژاوەی تیی کەوتوون دەربازبێنێ.

دیدی دووەم:

وا دەبینێ کە ئەمریکا، گەرچی تووشی گرفتی بازرگانی و قەرزاریی و دارایی بۆتەوە، بەڵام هێشتا توانای ئەوەی هەیە بە تەنیا جڵەوی ئەم سیستەمە تازەیە لە چنگ گرێ و، خۆی بەسەر دنیادا بسەپێنێ.

دیدی سێیەم:

پێی وایە سیستەمێکی تازەی ئەوتۆ کە بتوانێ شان بداتە بەر کێشە گشتییەکانی ئەمڕۆی

مرۆڤایەتی وژینگە، ئاشتی و ئاسایش، دەلاقەی ترسناکی نێوان باکور و باشور و، برسێتی، کە ملیارێک مرۆڤی برسی لە دنیادا هەیەو پێنج یەکی دانیشتوانی جیهان دەکات و، چاری کێشە هەرێمایەتیە کەڵەکەبووەکان و...هتد». تەنیا بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێوەدەچێ و، تەنیا دەستوور و بەڵگەنامەکانی ئەو دەتوانن ببنە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو سیستەمە جیهانییە. ئەمەش بە مەرجێک میکانیزمی ئیشوکاری خودی رێکخراوەکە تازەبکرێتەوە و، چاو بە مافی (ڤیتۆ)ی پێنج زلهێزەکەدا بگێردرێتەوە و، ئەنجومەنی گشتی فراوانتربکرێ و، شوێنی گەلانی بێدەوڵەت لە چوارچێوەی ئەم رێکخراوەیەدا بکرێتەوە. دەبێ پێوەری شارستانیەت بۆ دیاریکردنی رابەریی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتانیش ئەوەبێ کە کێ توانای دەستەبەرکردنی ئاشتی هەیە، نەک کێ توانای شەڕهەڵایسانی هەیە.(٥)

دیارە سیستەمی نوێی جیهان بەو مانایە نییە، کە دژایەتی و ناکۆکییەکۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵبوەشێنێتەوە و دنیا بکاتە دوورگەی بەختیاری. بەڵکو بەو مانایەیە کە پرۆسەی دەنگدان و دیموکراسی و حورمەتگرتنی ئازادی گەلان بکرێنە پێوەری چاری ئەو کێشانە. لە هەرج گۆشەیەکی دنیاشدا ئەم چوارچێوانە بەزێندران و زەبروزەنگ پەیرەوکرا، هەوڵبدرێ تەشەنە نەکا و بازنەی مەترسی دروست نەکات.

پێدەچێ ناکۆکی نێوان سێ ئیمپراتۆرییە تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکە، «ئەوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن» کە دەستییان بەسەر تەواوی بازاڕەکانی دنیادا گرتووە، توند و تیژتربێ و لە سیما زەقەکانی سەردەمی داهاتووبێ. ولاتانی ئەوروپاش چیتر پێویستییەکەی جارانیان بە پاڵتۆ نیۆکلیارییەکەی ئەمریکا و تەنانەت پەیمانی ئەتلەستیش نەماوە خۆیانی پێ بپارێزن. ئەوەتا هەر لە ئێستاشەوە ئەمریکا دوابەدوای لابردنی وێنەی دوژمنە کۆنەکەی «یەکێتی سۆڤیەت» کە بە ئیمپراتۆریەتی شەڕی ناودەبرد، خەریکە چوارچێوە بۆ دوژمنێکی چاوەڕوانکراو دادەتاشێ و، کنەی دۆزینەوەی دەکات. وەک هەندێ لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا خۆیان دەڵێن، ولاتی ئەوان بە بێ دوژمن ناتوانێ بژی و «ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت نەبایە، دەبا خۆیان دروستی بکەن».(٦)

هەر سەبارەت بە پێداویستی پەیداکردنی دوژمنی تازە لێپرسراوی یەکێک لە کتێبخانە گەورەکانی واشنتۆن دەڵێت: «ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوژمنێکی تازەیان دۆزیوەتەوە، ئەمەش لەو رەقە نوێیەدا دەبینرێ کە بۆ ژاپۆن تەرخانکراوە».(٧)

جڵەوی سیستەمی نوێی جیهان بە دەست هەر لایەکەوە بێ، مەیدانی ناکۆکی زلهێزان، وەک بازار بۆ بازرگانی و، سەرچاوە بۆ کەرەستەی خاو «ولاتانی سێیەم» دەبێ و لەناو ئەوانیشدا ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ریزی پێشەوەدا دەبێت.

ئایا ولاتانی تازە بێداربوو چدەکەن؟ هەر شووکرانە بەش دەبن لەوەی یەزدان پێی بەخشیوون؟ یان دەبزوێن بۆ ئەوەی هیچ نەبێ لە پاشکۆیەکی کزەڵۆکەوە ببنە پاشکۆیەکی زیتەڵە؟ بیر لە سەنتەرێک دەکەنەوە یان لە چەند سەنتەرێکی بەهێزدا کۆدەبنەوە تا شوێنی خۆیان لە سیستەمی داهاتوودا بگرنەوە.

ئەی کوردستان وەک قەوارەیەکی گەورەی دابەشکراو و گەلێکی (٣٠) ملیۆن کەسی لەم تابلۆ ئاڵۆزەدا چدەکات؟ ئایا بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی لەو ئاستەدایە ستراتیژێکی یەکگرتوو بخاتە مەیدان، بۆ ئەوەی لە سیستەمی داهاتووشدا وەک سیستەمی رابردوو فەرامۆش نەکرێ؟

## گەلانی بێدەوڵەت و سیستەمی نوێ

یەکێک لەو راستیانەی ئێستا روونبۆتەوە ئەوەیە، کە کێشەی گەلانی بندەست و بێدەوڵەت «رزگاریخوازی نیشتمانی»، دیاردەیەکی تایبەت بە سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین نییە و بەس، بەڵکو لە زۆر وڵاتی کیشوەرەکانی تریشدا رەگی ئەستوری ئەم کێشەیە ماوەتەوە. لە پێشەوەیان کێشەکانی ناو دەوڵەتەکەی جارانی سۆڤیەت، ناوچەی بەڵکان کە مۆزایکێکی پڕ لە ناکۆکی نەتەوایەتی و جوگرافییە و لە هەر ناوچەیەکی تری ئەوروپا پتر چاوەڕوانی تەقینەوە دەکات.

ئەمە جگە لە کێشەی نێوان گەلی «والونی و فلەمانگی» لە بەلژیک و، ئێرلەندا و هەرێمی ئیسکۆتلەندی ئینگلستان و مەسەلە داپۆشراوەکەی گەلی «کۆرسیکا»ی فەرەنسا و هەنگارییەکانی رۆمانیا ، کەتەلۆنیا و باسک لە ئیسپانیا و...هتد «هوشیاریی و خۆناسینی نەتەوەیی لە گشت شوێنێکدا بێداردەبێتەوە و، تەنانەت لە ئەمریکاش کە بە وڵاتی کلاسیکی تواندنەوەی ئارەزوومەندانە ناسراوە».(٨)

هنری کیسنجەری وەزیری پێشوتری ئەمریکا ئاماژەی بۆ قەوارە و قورسایی گەلانی بندەست و بێدەوڵەت کردووە وبە زیاتر لە ٣٠٪ ی دانیشتوانی زەوی داناون.(٩)

دۆزی گەلانی بندەست لە سەرانسەری جیهاندا، دۆزی نزیکەی ملیارد و نیوێک تا دوو ملیارد مرۆڤە لە سەرجەمی (٥) ملیاردەکەی دنیا. چاری ئەم کێشەیە دەیان قەوارەی سیاسی و هەرێمایەتی دەگرێتەوە و، پێویستی بە هەڵوێستێکی جیهانی تازە هەیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەدا یەکدی بخوێننەوە.

## کوردستان و سیستەمی نوێی جیهانی

دابەشکردنی کوردستان، بەبێ قایلبوونی گەلەکەی، ستەمێکی گەورەیە لە گەلی ئێمە کراوە. رازی نەبوونی گەلێکی (٣٠) ملیۆن کەسی بەو شێوە ژیانەی بەسەریدا سەپێندراوە لە ناوچەیەکی سامناکی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناتوانرێ تا هەتایە بە بێ چارەسەرکردن بمێنێتەوە «...ناڕەزایی گەلی کورد زۆر مەزنە، بەڵام چاک رێکنەخراوە...» (١٠) هەرکاتێک رێکبخرێ دەتوانێ کۆت و زنجیری سنوورە دەستکردەکان بپسێنێ. ئەو سنوورانەش کە کراونەتە «امر واقع» بە تۆزێ ئایدیۆلۆژیا و ئەنفال و چەکی کیمیاوی نابنە «هەقیقەتی مێژوویی».

راستە رزگاربوونی هەر نیشتمان و گەلێک، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئێستادا، رەزامەندی یان هیچ نەبێ بێلایەنکردنی ئەمریکا و زلهێزانی تری گەرەکە، بەڵام ئەم راستییە لای هەندێ لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لنگەوقوچ لێکدراوەتەوە. بۆ نموونە دەچن لەو زلهێزانە دەپرسن کە ئایا یارمەتی گەلی کورد دەدەن تا دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ یان نە؟!

دارشتنی ئەم مەسەلەیە لەو جۆرە پرسیارەدا، ئەسڵەن باوەڕ بەخۆنەبوون و هەڵەیەو، لە

عەقڵیەتی سیاسەتی کۆنەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە بەشێکمان واماندەزانی ئەمریکا دەوڵەتمان بۆ دادەمەزرێنێ، ئەوی ترمان ئەم کارەی تەنیا لە سۆڤیەت چاوەڕوان دەکرد. کە لەڕاستیدا هەردوولا هەڵەبوون و، جگە لە خۆمان کەس دەوڵەتمان بۆ دانامەزرێنێ.

ئەمریکا و، بە پلەیەکی لەو کەمتر، هەندێ لە وڵاتانی خاوەن بڕیاری ئەورووپای رۆژئاواش، ئامادەنین هیچ هەنگاوێک لە ناوچەکەدا بنێن کاری خراپ بکاتە سەر بەرژەوەندی ئێستاکێیان، یان زیان بە هاوپەیمانەکانیان بگەیەنێ. پاراستنی (تورکیای ئەمرۆ بۆ ئەمریکا بەرامبەر بە کوردستان، وەک پاراستنی ئیسرائیلی دوێنێیە بەرامبەر بە کێشەی فەلەستین).

راستە دامەزراندنی دەوڵەت یان قەوارەی سیاسی دانپیانراو لەناو چوار دەوڵەتەکەدا -وەک قۆناغی پەڕینەوە بۆ سەربەخۆیی- کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین وەک گەلێک بوونی خۆمان و نیشتمانەکەمان بپارێزین، دەبێ لە کرۆکی کێشەکە و چارێ یەکجارەکی دوورنەکەوینەوە. بەردەوام پێ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت یان کۆماری فیدراڵی دابگرین. تا ئەم هەنگاوەش نەهاوێین و لەسەر زەوی کارێکی وا ئەنجام نەدەین، نابێ چاوەڕوانی پشتیوانی لە کەس بکەین، چونکە هیچ زلهێزێک ئامادەنییە نرخی کەوڵی پڵنگێک بدات، کە هێشتا راونەکرابێ!!.

ئەمریکا و ئەورووپاش لە سەرەتادا لەگەڵ جیابوونەوەی کۆمارەکانی بەڵتیکی سۆڤیەتدا نەبوون. جۆرج بوش ڕەپ و ڕەوان بە سەرکردایەتی ئەو سێ کۆمارەی گوتبوو بڕۆن لەگەڵ گەرباچۆڤدا رێککەون. هەر هەموشیان دژی تێکدانی «یەکێتی» یۆگسلاڤیا بوون. تەنانەت هەندێک لەو دەوڵەتانە هەڵوەشاندنەوەی یۆگسلاڤیایان بە سامناکیەک دەزانی کە لە قوڵی بەڵکانەوە تەواوی ئەورووپا دەگرێتەوە، بەڵام سووربوونی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەو کۆمارانە و حاڵیبوونیان لە هەل و مەرجی تازە و گۆڕاوی دنیا و، کەڵک وەرگرتنیان لە دامودەزگا شەرعییە هەڵبژێردراوەکان، ئاکام بەسەربەخۆیی گەیاندن. زلهێزانیش یان دەبوو هەڵنخزێنە ناو ئەو کێشانە و خواردەمەنی و پێویستی ئینسانی بۆ ئەو گەلانە بنێرن. «ئەمەش تاکەی؟» یان دەبوو رێز لە ئیرادەیان بگرن و دان بە سەربەخۆییاندا بنێن. سەربەخۆیی ئەرەتیریاش، لە ماوەی (٣٠) ساڵی رابردوودا یەکێک بوو لە بابەتە رەفزکراوەکانی زلهێزان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لە ئاکامی سووربوونی سەرخابوونخوازیی گەلی ئەرەتیریا و بزووتنەوەکەی و، ئاڵوگۆڕی ناو ئەتیوبیا و، هەل و مەرجی تازەی جیهان، بەوە ساغبووەوە، کە لە ساڵی داهاتوودا ریفراندۆمێک بە سەرپەرشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سازبکرێ و، لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی ئەو ریفراندۆمەدا ژیان و چارەنووسی ئەرەتیریا دیاری بکرێ.

لێرەدا مەبەستم بەراوردکردنی میکانیکیانەی نێوان کوردستان و ئەو نموونانە نییە، بەڵام ئایا بەشێک لەو هەل و مەرجانەی لەو نموونانەدا هەبوون، لە کوردستانی بەشی عێراقدا نەڕەخساون؟.

ئێمە لە جیاتی گەڕانەوە بۆ بەیاننامەکەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ و، زیاتر ماڵی خۆ وێرانکردن بە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی و خودموختاری، پێویستە بۆ پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بگەڕێینەوە، «کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دانپێنانێکی جیهانیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەدەستهێنا» (١١) و سەرنجی دنیا بۆ ئەو هەقیقەتە راکێشین کە ئەم ناوچەیە «بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیمانەکەی سیڤەر، ئارام نابێتەوە».(١٢) بۆ ئەمەش پرۆژەیەکی کراوەی گونجاو لەگەڵ میزاجی

سەردەم بخەینە کار، کە ڕەنگدەرەوەی هۆشمەندیی نیشتمانیی ئێستای گەلی کوردستان بێ و، تیایدا پتر لە ڕێوشوێنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان بخەینە ڕوو.

بۆ نموونە دەشێ لەم قۆناغەی ئێستادا، بێ ئەوەی سنووورە ساختەکانیش دەستکاری بکرێ، قەوارەی سیاسی بۆ گەلی کوردستان دەستەبەربکرێ، وەک «گرتنەبەری ڕێگای فیدراڵی لە هەر چوار دەوڵەتەکەدا، یان پێکهێنانی کۆنفیدراڵیەک، کە سەرەڕای تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، کوردستان لایەنی پێنجەمی بێ» (۱۳)

کێشەکەمان بایی هێندە مۆرکی جیهانی وەرگرتووە و بایی هێندە ویژدانی دنیای هەژاندووە، کە زەحمەتە سیستەمی داهاتووی دنیا بتوانێ چاوپۆشی لە کوشتاری بە کۆمەڵ و قڕکردنی گەلەکەمان بکات.

لێرەدا چەند ئاماژەکردنێک دێنمەوە، هەرچەندە دەزانم ئەمانە هەڵوێستی ڕەسمی زلهێزان نین، بەلام کەم یان زۆر لە ناوەندەرەسمیەکانەوە دەرچوون و، سەرجەم ئەوە دەردەبڕن کە ئەو درزەی سەبارەت بە کێشەکەمان کەوتوتە هەڵوێستی زلهێزانەوە ئەگەر پەی پێ بەرین دەکرێ گەورەتر بکرێتەوە و تەواوی چمکەکانی دۆسیەی کوردستان وەبەر باس بخرێن.

سیاسەتمەدارێکی ئەمریکایی لە شارەزایانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەلامی پرسیارێک دەربارەی دابەشکردنی عێراق بە سێ بەش دەڵێت: «ناتوانم بە یەکالایی بڵێم ڕوودەدات، بەلام ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان. کارێکی بەڵگەنەویستیشە کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە. سەبارەت بە شیعەش کە ئارەزووی مانەوە لە عێراقدا دەکەن. ئەوان زۆربەن و چاویان لەوەیە حوکمی عێراق بکەن. ئەگەر ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر، ڕەنگە ڕەوتێکی تر هەڵبژێرن».(۱٤)

بەلام ئالفرد شێرمان کە گوتارنووسی مارگرێت تاتچەربووە و ماوەیەکی زۆریش لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کاری کردووە. لە وەلامی پرسیارێ کە ئایا جیهان ڕێگای سەرهەڵدانی دەوڵەت بۆ کورد دەدات؟ واقیعیانە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تێڕوانینی دنیای ئەمڕۆ لەم مەسەلەیەدا تێڕوانینی دنیا کوندەکە نییە و «جیهان بەرهەڵستی ناکات، بەلام ئامادەش نییە یارمەتی بدات. جیهان بێلایەن دەوەستێ.. ئەگەر تورکەکان پەنا نەبەنە بەر چەک دژیان و، ئەگەر بایی هێندە بەهێزبن بتوانن بەرەنگاریی صدام حسێن ببنەوە، ئەوا دەوڵەتێکیان دەبێ کە دانیشتوانی ۱۰-۱٥ ملیۆن کەس بێ. دەوڵەتێکی نەوتدار و هەر دەشبێ بە تورکیادا نەوت بنێرن».(۱٥)

ئاماژەی سێیەمیش بۆچوونەکانی (بیرنارد کوشنەر) وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسایە دەربارەی دەوڵەتی کوردستان. ئەم لە وەلامدا ئەوە ساغدەکاتەوە کە ناکرێ تا هەتایە کورد بێدەوڵەت بێ و، ئەو دەوڵەتەش پشتیوانی دەکرێ، بەلام وەک ئەو دەڵێت: «پیاو ناتوانێ لە مەلیک مەلیک تر بێ».

قسەی ئەم وەزیرە لەو سەروبەرەی دواییدا، کە وەفدی بەرەی کوردستانی میوانی ڕەسمی دەوڵەتی فەرەنسا بوو، لە ڕادیۆیەکی ناوخۆیی پاریسدا بلاوکرایەوە. ئەم وەزیرە زۆر هەقە لە ڕەخنەکەیدا و بە ڕاستیش هەر وایە کورد دەبێ دەوڵەتی هەبێ، بەلام خەلکی تر ناتوانێ لە کورد کوردتر بێ!!

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، پێویستە ماڵئاوایی لە سیاسەتی کۆن بکا و، بە

ڕێبازێکی دیبلۆماسیانەی تازەوە بکەوێتە پێوەندی کردن بە زلهێزان و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.
دەبێ پێ لەسەر ئەو ڕاستیانە دابگرێ کە تا ئێستا خۆی لێپاراستوون. بۆ نموونە دروستبوونی دەوڵەت لە پارچەیەکی کوردستاندا یان دەوڵەتی سەرانسەریی، ئەگەر دووربینانە تەماشابکرێ، دژی بەرژەوەندی زلهێزان نییە. بە پێچەوانەوە وڵاتێکی «بوخچەنەکراوەی» پڕ لە نەوت و کان و میتالی جۆربەجۆریان بۆ پەیدادەبێ، هەم بازاڕێکی گەرم و هەم سەرچاوەیەکی باشی کەرەستەی خاو دەبێ بۆ ئەوان.

کوردستانیش تا ئەو کاتەی بەش و بندەستی ئەو چوار دەوڵەتە بێ، زلهێزان هەر ئەو خێر و پێوەندییەیان بۆ دەمێنێتەوە کە تا ئێستا لە ئارادابووە.چونکە خێروبێری لە مەزەندە بەدەری کوردستان، کاتێک بە تەواوی و هەمەلایەنی و ژیرانە بۆ بەختیاری گەلی کوردستان و بۆ سوودی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتان دێتە بەرهەم  کە سەربەخۆبێ. سەربەخۆیی کوردستان چەندان جار «خێر»ی لە «زیان» ی زیاتر دەبێ بۆ زلهێزان.

کێشەی ئێمە دڵسۆزی دەربڕین بۆ عێراقچێتی و سووریاچێتی و تورکچێتی و ئێرانچێتی نییە، تا چوار دەوڵەتەکە بە دەوڵەتی خۆمان بزانین، بەڵکو کێشەی ئێمە ئەوەیە بەردەوام ئەو ڕاستییە لە گوێچکەی داگیرکەراندا بزرنگێنینەوە کە کوردستان دەوڵەتێکی ڕانەگەیەنراوە.

پێوەندی دۆستانە و دراوسێتی برایانەی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی سەردەستی چوار دەوڵەتەکەش تەنیا ئەو کاتە دورست دەبێ کە هەردوولا بەو ڕاستیە بگەین ئێمە ئەوان نین و ئەوان ئێمە نین. کوردستان چوار دەوڵەتەکە نییە و چوار دەوڵەتەکەش کوردستان نییە.

هۆی سەرەکی دەستهەڵنەگرتنی چوار دەوڵەتەکە لە داگیرکردنی کوردستان، دەوڵەمەندی نیشتمانەکەمانە. هەر بۆ یە جگە لە شێوازی کۆلۆنیالیانەی ئابووری و سیاسی و سەربازی ناتوانن بە شێوەیەکی تر حوکمی کوردستان بکەن.

بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەکو تورکیا کە بە سواڵ و سەدەقە دەژی، ئەوەتا «بەپێی مەزەندە ڕاگەیەندراوەکان خەرجیساڵانەی ئەو شاڵاوە عەسکەریانەی دژی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەرپادەکرێن لە (٢و١) ملیارد دۆلار زیاترە».(١٦)

باشە تورکیا کە ساڵی (٢و١) ملیارد دۆلاری بۆ درێژەدان بە شەڕ و داگیرکردنی کوردستان خەرج کردبێ؟ دەبێ بەرامبەر بەوە ساڵی بایی چەند ملیارد خێروبێری کوردستانی تالان کردبێ؟

ئەی ئەگەر ئەمە حاڵی تورکیا بێ.، کە هێشتا لەوێ ئاستی شەڕەکە وەک شەڕی گینۆسایدی خوارووی کوردستان مۆرکێکی گشتی و قووڵی وەرنەگرتووە، دەبێ دەوڵەتی عێراق ساڵی چەند ملیاردی بۆ قڕکردنی گەلەکەمان خەرج کردبێ و، چەند ملیاردی بەتاڵان بردبێ؟

کێشەی ئێمە لێرەدایە و دەبێ لێرەوە دەستپێبکەین و خۆمان بە خاوەنی هەموو سامانەکانی سەروبنی زەوی کوردستان بزانین و، هەر هێزێکی تر بە تالانکەر و داگیرکەر دابنێین. هەر بۆ یە بەرنامەمان دەبێ سەربەخۆیی کوردستان بێ و، لانی کەمی ئەو سەربەخۆییەش پێکهێنانی کۆماری فیدراڵی و گۆڕینی ئەو دەوڵەتانە بێ بە دەوڵەتی فیدراڵی و، سامان و خێروبێری کوردستان بکەوێتەوە دەستی گەلەکەی و، ئەو ڕادەیەش کە بە دەوڵەتە فیدراڵیەکە دەدرێ لە لایەن گەلی کوردستانەوە دیاریبکرێ.

# خوارووی کوردستان..... دووڕیان!!

سیستەمی نوێی جیهانی، یان دەبێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دنیا دابپڕێ و، هەر بە جەنگەڵەکەی جارانی بهێڵێتەوە و بە دەم یاسا ناوخۆییەکانی خۆیەوە بتلێتەوە، یان دەبێ بە تەواوی بیخاتە ژێر کارتێکردنی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی دنیا و، ئەو پێودرانەی تیا بخاتە کار کە لە ناوچەکانی تردا کێشەکانی پێ چارەسەردەکات. ئەو کاتەش دەبێ ڕێگای گەلی کورد بدرێ سەربەستانە چارەنووس و ژیانی داهاتووی خۆی دیاری بکات.

باروذۆخی هەنووکەیی خوارووی کوردستان لە هەرێمەکانی تری نیشتمانەکەمان پتر تێکەڵ بە بابەتەکانی ئەمڕۆی جیهان بووە.

لە ڕاپەڕینی ساڵی پارەوە تا ئێستا زیاتر لە (١٥) دەوڵەتی تازە «کە کەمیان تیایە قورسایی مرۆیی و نیشتمانی کوردستانیان هەبێ» سەریان هەڵدا و بوون بە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشدەچێ لەم چەند ساڵەی کۆتایی سەدەی بیستەم و لە دە ساڵی یەکەمی سەدەی داهاتوودا کۆمەڵێکی تر لە گەلانی بندەست بە سەربەخۆیی بگەن. داخۆ لۆکۆمۆتیڤەکەی ئێمە شەمەندەفەرەکەی بەرە و وێندەر دەبا؟

ڕاستە پەیماننامە کۆلۆنیالیستەکان و سیاسەتی ڕابردووی هەرێمایەتی دوو زلهێزەکە و چاوچنۆکی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە، هۆی سەرەکی نەگەیشتنی گەلی کورد بوون بە مافی بڕیارداتی چارەنووس، بەڵام ئەم ڕاستییە نابێ ئەوەمان بیربەرێتەوە کە هۆیەکی تری سەرەکیش خۆمانین.

ئەوەتا بۆ ساڵ و نیوێک دەچێ بایی هێندە یەکگرتوو یەک بەرنامە نەبووین بتوانین ئەو حاڵەتی سەربەخۆییەی کە بەکردەوە لە کوردستاندا هاتۆتە دی، هەوڵی بە ڕەسمی چەسپاندنی بدەین.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی بندەستی عێراقدا بەدیهاتووە سەربەخۆییەکی نیمچە تەواوە. هەر بۆیە لە هەرچ گفتوگۆیەکی ڕابردوو یان ئایندە لەگەڵ ڕژێمی ئێستا دا بێ یان جێگرەکەی، ئەگەر ناچاریش کراین و فشاریشمان خرایە سەر، نابێ بە کەمتر لەو سەربەخۆییەی بەچنگ هێنراوە، بە کەمتر لە کۆماری فیدراڵی قایل بین. گفتوگۆکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی نەک هەر هەڵەیەکی سیاسی گەورە و خۆدۆڕاندنە، بەڵکو گێڕانەوەی گرنگترین دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەیە بۆ داگیرکەران.

ئەو هەلو مەرجە جیهانییەش کە سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە لە ئارادایە، گەرچی خزمەتی زۆری ئێمەی کردووە، بەڵام تایبەت بۆ ئێمە نەرەخسێنراوە و، ئەم بارە «پۆزەتیڤ»ە هەروا بەردەوام نابێ. بۆیە ئەگەر ئێمڕۆ ئەم هەلە لەبارە نەقۆزینەوە سبەی درەنگی بەسەردادێ و، ڕەنگە بە حاڵەتی نەگەتیڤیش کۆتایی پێبێ.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە دەزگا سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستانی «عێراق» لە ئاستی پرۆسەکەدا نین. ئاوڕدانەوەیەکی خێرای گرنگترین وێستگاکانی ڕاپەڕینەکە ئەم ڕاستییە دەردەخات. کاتێک ڕاپەڕینەکە دەستیپێکرد و کوردستان ڕزگارکرا، بەرەی کوردستانی نە پێشبینی ڕووداوێکی وای کردبوو، نە هیچ بەرنامەیەکی ئامادەکراوی هەبوو تا یەکسەر ئالترناتیڤی ئەو باروذۆخە بخاتە ڕوو، دامودەزگاکانی دەوڵەت خۆماڵی بکا و کۆمەڵانی چەند ملیۆن کەسی و هێزە چەکدارە سەدان هەزار کەسیکان ڕێکخات. ئەمەش یەکێک بوو لەو بۆشایی

و هێزە گەورانەی کە ڕژێم توانی هێرشە گەورەکەی بکاتە سەر کوردستان.

لە گەرمەی کارەساتەکەشدا، مفاوەزاتە ناوەخت و بێ بەرنامەکە دەستیپێکرد. ڕەوتی مفاوەزاتەکەش نوێنەرانی بەرەی کوردستانی وەک نوێنەرانی گەلێکی ڕاپەڕیو و خاوەن کارەساتی دنیاهەژێن پیشان نەدەدا. ئەمەش هەم لە داخوازییەکانیاندا دەردەکەوت و هەم لە چاوپێکەوتن و قسەکانی سەرەتایاندا.

کاتێکیش کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئاکامی مفاوەزاتەکە بوون = کە تا ئێستاش بە ڕوونی نازانن چۆن دەستیپێکرد و چی تیا باسکراوە= لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی سیاسی دوولۆنی ڕژێم و بەرەی کوردستانی حوکمی دەکرد، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بەمە ڕازی نەبوون و خێرا قۆناغی دووەمی ڕاپەڕینەکەیان دەستپێکرد و ئەم ئیزدواجیەتەی دەسەڵاتی سیاسیان بە قازانجی بەرەی کوردستانی کۆتایی پێهێنا و لەشکری داگیرکەریان ناچارکردبە پێی خۆی بەشی زۆری کوردستان چۆڵکات.

دوابەدوای ئەمەش ڕژێم دەزگا ئیدارییەکانی کشاندەوە و ئابڵۆقەدانی ئابووری سەپاند. بەو نیازەی بەرەی کوردستانی ناچاری خۆبەدەستەوەدان و ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنە بکات کە ئامادەی کردبوو. خۆ ئەگەر ئەو ڕێککەوتنامەیە گوزەری بکردبایە دەبووە بۆمبایەک و ڕاپەڕینەکە و هەموو دەستکەوتەکانی هەڵدەتەکاند. لێرەشدا کۆمەڵانی خەڵک بایی هێندە هوشیاربوون، کە ئازادی و سەربەخۆییەک برسێتیەکی وەختیشی لەگەڵدابێ، لە تێربییەکی بەندەستی و کۆیلایەتی، پێ باشتر بێ.

سیاسەتی کشاندنەوەی ئیداری و ئابڵۆقەدانی ئابووری، جۆرێکە لە پێوەندی پچڕانی نێوان عێراق و کوردستان، کە یەکلایەنە و ئارەزوومەندانە خودی ڕژێم ڕایگەیاند. دەکرا لە ڕووی سیاسیەوە کەڵکی گەورە لەم کارە وەربگیرێ. ئێستاش پاش دامەزراندنی پەرلەمان هەق وایە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە پشت بەستن بە بڕگەی (ج) ی مادەی (٧٧)ی بەڵگەنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە ڕێکخراوی ناوبراو بکرێ بەڕێوەبەرایەتی کوردستانی بندەستی عێراق بخاتە ئەستۆی خۆی. چونکە ئەم کارە بە دەوڵەتە مەرکەزیەکە مەیسەر نابێ، یان ئەوەتا ڕەفزی دەکات.[١٧] لە هەمان کاتدا داوای سازکردنی ڕیفراندۆم بکرێ.

## پەرلەمانی چاوەڕوانکراو

ئێستاش لەم ڕۆژانەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئارادایە، گەلەکەمان خۆی بۆ پێکهێنانی ئەم دەزگا شارستانی و دیموکراتیە سازدەدات، چاوەڕوانی ئەوەیە کە پەرلەمان پێش هەموو شتێک دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لە پاشاگەردانی سیاسی ڕزگارکات و، دەستور و حکومەت پێکبێنێ بۆ کوردستان و گشت شێوەکانی پاتەختۆری و لرفلێدان خاشەبرکا و، مەینەتی ئەو برسێتی و بێکارییە کەمکاتەوە کە هەڕەشە لە گەلەکەمان دەکات و، شەرعیەتی تاقانەیی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان وەربگرێ.

کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە بە دووڕیانێکی وەرچەرخان ئامێزدا دەڕوات، بە هەرچ ئاکامێکی «چاک یان خراپ» دا بکەوێ، کاردەکاتە سەر چارەنووسی کێشەی تەواوی کوردستان.

پرۆسەی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی پەرلەمانیش حەساسترین نوختە و پلەی ئەم وەرچەرخانەیە.

هەر بۆیە پێوەری دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی و دیموکراتخوازیی، بۆ هەر کەس و حزب و هێزێک ئەوەیە، سەرکەوتنی پرۆسێسی هەڵبژاردنی پەرلەمان بخاتە سەرووی گشت بەرژەوەندیەکی حزبی و تاکە کەسییەوە و، ڕێز لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بنێ.

هەڵبژاردنی پەرلەمان لەم بەشەی کوردستاندا لە لایەک پێچەوانەی بەرژەوەندی داگیرکەرانەی چوار دەوڵەتەکەیە، لە لایەکی ترەوە هەڕەشەیەکە لە ڕژێمە دیکتاتۆر و تیرۆریستەکانی ناوچەکە. تەنانەت لاباڵی شۆڤێنی ناو هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی عێراق و سێ ڕژێمەکەی تریش، هەر لە ئێستاوە ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆ و سەرەتای دەربازبوونی گەلی کورد لە دەسەڵاتی وداهاتووەیان.

هەر بۆیە پێویستە نەک تەنیا لە خوارووی کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان بە پێی توانا و پێویست و لە ئەوروپاشدا قورسایی گەلەکەمان لە ئامادەباشیەکی وریادایی، بۆ پووچکردنەوەی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر پرۆسەکە، یان پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

شنەبای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەڵبژاردنیش دیمەنێکی وا بڵاویان بەخۆوە گرتووە، کە ئەگەر خۆمان درزمان تێنەکەوێ، پەلاماردانی پرۆسەکە کارێکی ئاسان نەبێ.


سەرچاوەکان:

١، ٢، ٣، ٤- وثيقه البنتاجون و الدور الامريكي في العالم. ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ٣/٣١/١٩٩٢.

٥- غالي شكري، ڕۆژنامەی صوت الكويت ٧/٧/١٩٩١.

٦، ٧- امريكا تبحث عن عدو بعد انهيار امبراطوريه الشر. الشرق الاوسط٢٢/٢/١٩٩٢.

٨- گالیناستا ڕوفوتیوڤا ڕۆژنامەی انبا، موسكو (٢٥) .١٩٩٠.

٩- العراق و حدود التغير. ڕۆژنامەی السفير ١٢/٣/١٩٩١.

١٠- گۆڤاری پەیوەنگ ژمارە (٦) ١٩٩١.

١١- لازاريف المساله الكرديه. لاپەرە، (٣، ٢).

١٢- هدى الحسيني. الشرق الاوسط ١٣/٦/١٩٩١.

١٣- صلاح بدرالدين. ثوابت في مواقف المنظمات الكرديه ڕۆژنامەی الحياه ٢٧/٨/١٩٩١.

١٤- حوار مع مارفين فورد الخبير الامريكي في سياسه بلاده الشرق اوسطيه. ڕۆژنامەی الشرق الاوسط /٣/١٩٩٢ ١٣.

١٥- استمرار الحرب كان ضروريا حتى يسقط صدام... الشرق الاوسط ١٥/٣/١٩٩١.

١٦- الشرق الاوسط، ژمارەی ڕۆژی ١٤/٣/١٩٩٢.

١٧- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد داوایەکی لەو چەشنەی لە (UN) کردووە.

# دۆسیيەی ئافرەتی کورد

## بەشداربووان:

بریشت (دوو شیعر)
سامیە چاووشلی
نەزەند بەگی خانی
موحسین ئەحمەد عومەر
ڕێواس ئەحمەد
سەحەری قارەمان
باسێ جەفاروڤا

# بە دایک بوون

بیرتۆلت بریشت
ئەنوەر رەشید: لە ئەلمانییەوە کردوویە بە کوردی

بە دایک بوون لەم زەمانە
مانای: ژانە
بە دایک بوون، مانای ئەوەی
گریە بکەی
مانای: لەتەک، جەستە، هۆش، گیان
ژیانێکی تر بە سەربیەی
کاتێ زریان لەناو شەپۆلا، گەشت دەکا
خۆخەفاندن بۆ ئاسمانی هەڵدەکێشیٚ و
خۆی دەبەخشیٚ
بە دایک بوون مانای ئەوەی
هەزاران جار ژیان لە دەست دەی
مانای کاتی ناچاری و مەرگ، گیان دەسرەوێنێ
بۆ لێبوردن
بە نیازی لای بەچە و میراتگر، خۆشیرین کردن
خەندەی کۆچیان خەم دەرەوێنێ
بە دایک بوون لە هەرزەمان
بە مانای: ژان

٢١ سیپتەمبەری ١٩١٤

# ناوی دایک

شانازی نوێ دەبینتەوە لای ئافرەتان
بەوانەی زۆر قووڵە زامیان
ئەوانەی وا دیسانەوە ئارام بوون و
بوونەوە منداڵی جاران
ئەو لاوانەی زۆر بە سەختی نەخۆش دەبن
یادیان ناچێ خۆڕاگر بن
بۆ هەر زەرەیەک لاواندن
کۆڵێ بۆیان منەت بارن
گشت ئەمانە و، بۆ هیچ هۆیەک
لەپڕ یەکێک دایە گریان
ناڵاندی و ناوێکی درکان
ئەو مەبەستی لە دایکی بوو
کاتێ کە گیانی لەدەست دا
ئاسمان تەواو دەستەونەزەر
لە خزمەتدا راوەستابوو.
هەر مردووە و ناڵە و هاواری دایکی بوو
دایکەش دەساڵ بوو مردبوو

١ مایسی ١٩١٥

# ئافرەتی کورد
# لە سایەی ژیانی پەنابەریدا

د. سامیە چاووشلی

لەگەڵ سەرەتای چەرخی سەدەی بیستەمی ژیانمان و لە سایە و سێبەری دوویەرەکیی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و کێشەی ناتەبایی و نادیارەکەی باکور و باشووردا، تەنگوچەڵەمە و گیر و گرفتە بنچینەییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم، بە تەواوی دادەپۆشران و دەخرانە پشتگوێ. ئەو بارە لاسەنگ و ناتەواوە گشتی و جیهانییە، کۆسپێکی گەورەی خستەبەر ڕێرەوی پێشکەوتنی سروشتیی ئەو وڵاتانە و ناچاری کردن لەژێر کارتێکردنی وڵاتە زلهێزەکان دەرنەچن و کوێرانەش لاسایی لە سیستەمەکانیان بکەنەوە و بەرگریش لە هەڵەکانیان بکەن. ئەو بارودۆخە جیهانییە، ڕاستەوخۆ کاری کردە سەرباری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتە دواکەوتووەکان و زێتر بەرەو نەداری و هەژاری و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی برد و لە ئاکامدا هەلومەرجی ژیانی ئەو وڵاتانەی تەسک و تەنگەبەرتر کردەوە و بواری دیموکراسیشی تیایاندا نەخولقاند، کە ئەمەش بۆخۆی بە درێژایی مێژوو هۆکارێکی گرنگی کۆچکردن و دەربەدەری و پەنابردن بوو.

ئێمە لێرەدا مەسەلەی پەنابردن و کۆچکردنی ئافرەتان دەخەینە ڕوو، کە بەشێکی گرنگی ئەو پەنابەرانە لە ئەوروپا و ئەمریکا پێکدێنن. مەبەستی سەرەکیشمان دەرخستنی ڕووی پەنابردنی ئافرەتانی کوردە لەم نووسینەدا.

بە پێی سەرژمێری گشتی، بەشی زۆری پەنابەران کە بە هۆی باری خێزانێتی دووچاری ژیانی دەربەدەری بوون، ئافرەت و منداڵن. زۆربەی ئەو ئافرەتانە نە بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و نە لە چنگ نەبوونی و ئاگزوری ڕوودەکەنە وڵاتانی بێگانە، بەڵکو ئەمانە قوچی قوربانیی پیاوەکانیانن(پاشکۆی ئاوانن). بەڵام بەشێکیشیان لە زوڵم و ڕاوەدوونان هەڵاتوون، بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو ڕاستییەدا بوەستین با لەو چەند خاڵانە وردبینەوە.

١- بەرامبەر بە دابەشکردنی ئەرک و ئیشی ناوماڵ: کاروباری ڕێکوپێکی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ، خراوەتە ئەستۆی ئافرەت، پیاویش لێپرسراوی کاروباری دەرەوەی ماڵە. واتە ئەوەی پەیوەندی بە ئابوورییەوە بێت ئەوە پیاو لێپرسراویەتی.

٢- سەبارەت بە ئەرک و مافی ژن و مێردایەتی (Ehe) ئەوە هەر پیاو دەسەڵاتدارە و هەمیشە ژن لە پلەی دووەمدایە و چارەنووسی باری خێزانی لە مست پیاو دایە.

٣- لە تخوبی ئایینی ئیسلامیشدا نایەکسانی ئابووری و دادپەروەری بە ئاشکرا دیارە و بە پێی ئەو فەرمایشتانەی کە لە قورئاندا هاتوون، مافی پیاو دەپارێزن و هی ئافرەتیش

پێشێل دەکەن. بۆ ئەوەی لەو ڕاستییەش نەترسین، دەتوانین سەیری سورەتی (النساء) بکەین بە تایبەتی ئایەتی (٢، ٦، ١٠، ١٤، ١٥، ٢٤، ٣٣، ١٧٥) ئەمە و جگە لە هەندێ ئایەتی تر و لە دووتوێی فەرموودەکانی پێغەمبەریش بە ئاشکرا دەردەکەون. بێگومان ئەم فەرمایشتانە بمانەوێ و نەمانەوێ کار دەکەنە سەر ژیانی ئافرەت.

٤- جیاوازی جینسیی، کە هەمیشە وشەی کوڕ لە نێو کۆمەڵدا جێی ڕێزلێنان و ڕەزامەندییە و شانازی پێوەدەکرێ، کەچی کچ، بە کەچ و ژان و کەمێتی و بێ دەسەڵات سەیر دەکرێ.

٥- لە هەڵبژاردنی هاوسەرێتی ژیاندا، بەگشتی بڕیار لە دەست کچدا نییە و دەبێ ئەو مەخلوقە بە بڕیاری باوک و برا و خزم و... بە شوو بدرێ.

ئەو هەموو دەستوور و نەریتە تایبەتییانەی کە سەدان ساڵە لە ناخی ڕۆڵەکانی ئەو گەلانە چەسپاوە، ناکرێ بە سووک و سانایی ڕیشەکێش بکرێن... کاتێ ئافرەت پێدەنێتە وڵاتێکی بێگانەی وەک وڵاتانی ئەورووپا، بێگومان هەڵگری هەموو ئەم داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورە تایبەتییەکەی وڵاتی خۆیەتی. شتێکی ئاساییە کە هەست بە جیاوازییەکی ئێگجار زۆر بکات لەنێوان ئەم کۆمەڵە نوێیە و وڵاتەکەی خۆی. جیاوازییەکە ئاسمان و ڕێسمان بەینییانە! ئیدی یا دەبێ وردە وردە خۆی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە نوێیە ڕابێنێ، کە ئەمەش بە ئاسانی ناکرێ و گەلێ گیروگرفتی بۆ دروست دەکا، یا ئەوەتە هەوڵی ئەوە بدا کە خۆی بە جارێک گۆشەگیر بکا و نەهێڵێ ئاووهەوای ئەم وڵاتە بچێتە سینە و گۆشت و ئێسقانی! کە ئەمەش دیسان مەحاڵە و خەتەری گەورەی بە دواوەیە. ئەگەر بیەوێ ڕێگای یەکەم بەکاربێنێ، ئەوە دەبێ وەکو پیاوێکی پەناهەندە خۆی بداتە بەر خوێندن و فێربوونی زانستێک بەپێی توانای پلەی زانستی، لێرەدا دەبێ فێری دەستوور و هەڵسووکەوتی ئەو وڵاتە پێشکەوتووە بێ و تارادەیەک سەری لێدەرچێ و هەوڵی ئەوەش بدا کە دەست لە بەشێک لە دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی خۆی هەڵبگرێ و پێوەرێک بۆ هەنگاوەکانی دابنێ، کاتێکیش ئەم ڕێگایە بگرێ، ئەوە دیسان ڕووبەڕووی کێشمە و دەردەسەری و ناخۆشی دێ، لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمان کردن. هەر بۆیە ناکرێ و ناتوانێ (مەگەر بە دەگمەن) بێتە ڕیزی پیاوە پەنابەرەکە و هەر لە پلەی دووەمدا دەمێنێتەوە. خۆ جاری واهەیە ئافرەتی پەنابەر دەکەوێتە بەر لێزمەی قسە و قسەلۆک و ڕاوەبەرازی پیاو و بێبەزییانە بەستە و بالۆرەی بۆ ڕێک دەخەن...

ئەمەش بەومانایە نییە، کە لەنێو ئافرەتی کورددا، نموونەی سەرکەوتوو، خاوەن ئیرادە و لێزان هەڵنەکەوتوون، لە کاتێکدا دەبوایە، لە ژیانی پەنابەریدا (لەگەڵ ئازاری دووری و غوربەتی وڵات و کەسوکار) سوودێکی زۆر باش لەو پێشکەوتنە و لەو دەستاوەردە زانیستەی ئەورووپا وەربگیرایە، بۆ خزمەتکردنی گەلە دواکەوتووەکەمان.

جگە لەم بەشە ئافرەتە پەنابەرانەی کە باسمان کرد، چەند بەشێکی تر هەن کە دەتوانین

لە سێ خاڵی سەرەکیی کۆیان بکەینەوە:

١- ئەم بەشە بە هۆی ئیشکردن لە دەستگایەکی میری و لە ڕێگایەکی ئاسایی، یا نائاسایی ڕێک دەکەون و لە شوێنێک کارەکەن. هەر چەندە ئافرەتی کورد لە چاو ئافرەتانی ڤێتنام و کۆبا و مۆزەمبیق و ئەنگۆلا، زۆر کەمترن بەڵام دیسان ئافرەتی وامان هەیە کە بە ڕاستی ئەگەر تاک و تەراش بێ ئەوا ژیانیان بە ڕێکوپێکی و ئاسوودەیی ناچێتەسەر چونکە:

ئا- ماوەیان نییە پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتانی بێگانە بکەن (نموونەی ئەڵمانیا).

ب- بە هۆی سیستەمی کارکردن کە ڕۆژی دوودانە یا سێ دانە کار دەکەن، بە زۆریش کاری دروومان یا کاری چێشتخانە ئەنجام دەدەن، بێگومان لەم حاڵەتەدا وەختێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نامێنێ کە سوودی لێ ببینێ.

ج- بە زۆری ئەو ئافرەتە بێگانە (ئەڵمانییە)ی کە لە تەکیدا کار دەکا بە چاوێکی ڕق و قینا‌وی و نا دۆستانە سەیری دەکا، چونکە بە حسێب جێگایەکی ئیشکردنی لە خوشکێکی ئەڵمانی داگیرکردووە، لەبەر ئەوە مەودای پەیوەندی کردن لەگەڵ ئافرەتی بێگانە تەنگ دەبێتەوە.

د- ناتوانێ کەس بۆ ماڵی خۆی بانگ بکا، مەگەر لە سنوورێکی تەسک نەبێ ئەمەش بۆ خۆپاراستن لە دەستوور و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆی.

هـ- ماوەی چوونەدەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ ناسیاواندا زۆر کەمە.

٢- ئەم بەشە لەو دەستە ئافرەتانەن کە بۆ خوێندن ڕوودەکەنە دەرەوەی وڵات. هەر چەندە جۆری ژیانی ئەم بەشە جیاوازە و دیاردەی تری هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانەش ئازاری تایبەتی خۆیانیان هەیە. ئەمانە بەر لەوەی ڕوویکەنە دەرەوە، بەشێکی گرنگی خوێندنیان لە وڵاتەکەی خۆیان وەدەست هێناوە و لە دەرەوە دەیانەوێ خوێندنی باڵا تەواوکەن، بێگومان ئەمانەش هەڵگری هەمان خووڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی خۆیانن و کاری کردۆتەسەر ژیانیان و ڕۆڵێکی تایبەتی دەگێڕێ لە هەڵسوکەوتیان. بۆ نموونە دوورەپەرێزی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەورووپایی، کەم هاتووچۆکردنی سینەما، نەچوونە بار و دیسکۆکان. ئەمەش بۆخۆی ترس و دڵەڕاوکێیەک دێنێتە کایەوە، کە لە ئاکامدا کەسایەتییەتی ڕاڕا و ناشێلگیر بۆ ئەو ئافرەتە دروست دەکا. ئەم هەلومەرجە نوێیە بۆ ئەو ئافرەتانە و ئەو هۆکارە مەزوعیانە، دەبنە لەمپەرێک بۆ لاوازکردنی ئامادەیی فێربوونی زمان و پێشکەوتنی ڕادەی زانستییان. لە حاڵێکدا ئەو ئافرەتانە مەبەستی سەرەکیان لەو خوێندنە بەرزکردنەوەی پلەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی خودی کەسێتی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو بەڵگەنامەیە وەدەست بێنن و شوێن پێی کۆمەڵایەتی خۆیانی پێ بەرزکەنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەمە ئاوات و هیوای باوک و دایک و کەسوکاریانە.

٣- بەشێکی تری ئافرەتە پەنا هەندەکان لە ئاکامی خەباتی سیاسی و بەرهەڵستکارییان

دژ بە رژێمی وڵاتەکەیان، چ بە تەنیا یان لەگەڵ مێرد و منداڵەکانیان روویان لە هەندەران کردووە و هەندێکیان بە جیدی لە دەرەوەی وڵاتدا بەکاری سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتییەوە خەریکن و رەنگە توانیبێتیان بەهەر رێگایەک بێ بگەڕێنەوە و لە خەباتی چەکداری گەلەکەشیان بەشداری بکەن واتە لە نێوان دەرەوە و ناوەوەدا هاتوچۆ بکەن. نموونەی ئەو ئافرەتانەش زۆرن. لەم وتارەدا ناکرێ ناویان بهێنین و ئەمە دراسەیەکی تایبەتی دەوێ. ئەم دەستەیەش وەنەبێ لەبەر هۆشیاری و ئاگایی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تووشی ئازار و دەردەسەری نەبێ، نا! ئەمانەش زۆرجار لە پابەندبوونیان بە هەندێ نەریتی دواکەوتووی گەلەکەیان و رووبەڕووبوونەوەیان بە کەسانێکی زۆر دواکەوتوو، هەروا لە ناکامی ئەو کێشە فیکرییەی کە لەگەڵ رێکخراوەکانیان هەیانە، زۆرجار تووشی ناڕەحەتی و دوورەپەرێزی و ئازاری دەروونی هاتوون و بۆتە هۆی ئەوەی لە بەهرە و توانای فیکری و سیاسیان کەمبکاتەوە و سوودیش لەو دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە مرۆڤایەتییە وەرنەگرن. ئەمە بە گشتی گیروگرفتی ئەو دەستە ئافرەتە پەناهەندانەن، کە ئەمرۆکە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ژیان بەسەر دەبەن، کە هیوادارین توانیبێتمان دەستنیشانی هەندێ لایەنی ئەو دەرد و ئازارە بکەین، کە رەنگبێ ئەگەر بە جیدی لە هۆکارە هەمە لایەنەکانی بکۆڵینەوە، بتوانین جێ‌پێی پەنابەرەیی و گیروگرفتەکانی سووکتر بکەین و خزمەتێکیش بە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ئافرەتانی پەنابەر بگەیەنین، بۆ ئەوەی گەلەکەمان لە دوارۆژدا سوود لە بەهرە و تواناییان وەربگرێ...



# ئافرەتی کورد
# لە ئەوروپا چۆن لە خۆی دەدوێت؟

نەزەند بەگی خانی

## کورتەیەک:

گۆڕانە مێژووییەکان، ئەمڕۆ، تەنها نابنە هۆی گۆڕینی ڕەفتار و کردەوەمان لە ژیان، بەڵکو کاردەکەنە سەر سروشتی بوونمان، چ وەک ژن یا وەک پیاو، کاردەکەنە سەر ناسنامەمان، بۆیە مرۆڤ هەردەم بەدوای پرسیارە میتافیزیکیەکاندا وێڵە: من کێم؟ تایبەتمەندی و ناسنامەی من، وەک ژن یا پیاو چیە؟ چۆن خۆم لەوی دیکە جیابکەمەوە؟ چۆن بتوانم لەگەڵ ئەوی دیکە بژیم؟

لە کتێبی (ئەم ئەوی دیکەیە «LUN EST LAUTRE») خاتوو ئێلیزابێث بادینتێر (ELIZABETH BADINTER) بەدوای سەرچاوەی ئەم پرسیارە میتافیزیکیانەدا دەگەڕێت. بە ڕای ئەو «سەرچاوەی ئەم پرسیارانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە بەر لە ئێستا، کاتی سەرهەڵدانی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا. لە سیستەمی دیموکراسیدا کە یەکسانی پەیامی بنچینەیی مەردومە، مرۆڤ هەوڵ دەدات کۆتایی بەو سیستەمە دەسەڵاتدارە بهێنێت کە لەسەر بنچینەی جیاوازی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ، نێوان دوو سێکس (نێرومێ) دامەزراوە. ئێمە دەزانین کە ئەم یەکسانییە بنچینەییە شتێکی یۆتۆپییە، بەڵام دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی و ئێتیکی «ئەخلاقی» لە سیستەمی دیموکراسیدا (کە ڕێژەیی‌یە) بۆتە هۆی زۆر گۆڕان، بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکدا.

جیاوازی دەستکردی نێوان نێر و مێ مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و تا ئەمڕۆش لە سەرانسەری جیهاندا پەیڕەو دەکرێ، چونکە بە بناغەی پتەوی ئابووری و کۆمەڵایەتی پشتقایە. بێگومان ئەم جیاوازییە لە لایەن یەکسانخوازەکان تەسکترە لە چاو کۆمەڵگایەکی پاتریارکی.

مێژوونووس و ڕەگەزناسەکان باس لە سەردەمێکی زۆر دوور دەکەن کە ئافرەت تیایدا دەسەڵاتدار بووە و لەناو خەیاڵی پیاودا وەکو خوداوەندێک سەیرکراوە و پەیکەری بۆ داتاشراوە. بەم پەیکەرانەش ووتراوە خواوەندی دایک (DEESSES MERES). تێکشکاندنی چەمکی خواوەندە دایک و دانانی چەمکی خوا لە جێگایان بۆتە هۆی چەسپبوونی سیستەمی پاتریارکی، کە چەمکی پیرۆزی و بەخشندەیی ئافرەت لەناودەچێت، وێنەی ئافرەت لە لای پیاو تەنها دەبێتە سێکس، واتە پیاو لەناو ئافرەتدا تەنها ئیماژی سێکس دەبینێ.

چەمکی خوا، پێش هەموو شتێک بووە هۆی لەناوبردنی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی و ماتەریالی خواوەندە ژنەکان کە پێشوو دەپەرستران. لەلای ئیسلام دەسەڵاتی خواوەندە ژنەکان: "المرء،

اللات، المنات"، تێکشکێنراو چەمکی "الله" جێگەیانی گرتەوە.

هەندێ لە ئەتتی سێمیستەکان (دژە جوولەکە) دەڵێن: «جولەکە بۆیە بەدن چونکە یەکەم نەتەوەن کە چەمکی خوایان داهێناوە، لەگەڵ ئەم داهێنانەدا یەکسانی لە جیهاندا نەماوە». ئایینی جولەکە بە پلەی یەکەم پاتریارکییە. تەورات بەم ووشانە دەست پێدەکات: «خوا سەرەتا ئاسمان و زەوی دروستکرد، زەوی بۆش و تاریک بوو. خوا فەرمووی با رۆشنایی دروست بێت. رۆشنایی دروست بوو». لێرەدا دەبینین کە زەوی (زەوی لە سەردەمێکی زۆر دوورەوە سامبۆلی ئافرەت بووە: لەبەر بەپیتی و بەخشندەیی) لەلای جولەکە هیچ خاسیەتێکی چاکی نیە: «بۆش و تاریک»، رۆشنایی (کە بە عەقڵ چوێنراوە) دەستکردی خوایە.

چەمکی مرۆڤایەتی کە لەگەڵ "حەوا" لەناودەچێت، لە ئایینی مەسیحیدا، حەزرەتی "مێرەم" دەیژێنێتەوە. "مێرەم" ئەو ئافرەتە پیرۆزەیە کە کوڕی خوای هێناوەتە دونیاوە. ئەمە شۆڕشێک بوو دژی پاتریارکی. بەڵام هەر زوو بە کاریگەری قەشە و پیاوە ئاینییەکان دامرکایەوە. "سانت ئۆگەستان" یەکێکە لەو قەشانەی کە دەڵێ: «ئافرەت گیانەوەرێکی کراوەیە، ناچەسپاوە، کیناوییە و خراپەکاری چێژتووە". تا سەدەکانی ناوەڕاست ئەم قسانە بەردەوام ووتراونەتەوە.

سانت دیۆنیس لە کتێبی («بە بێ تابو و بێ تۆتەم» SANS TABOU NI TOTAM)دا هەندێ نموونەی میتۆلۆژی دەهێنێتەوە کەپیاو تیایاندا نموونەی "کردگار" ەو ئافرەتیش دەستکردی ئەو.(١)

فەلسەفە و پزیشکگەری گریکی لەو باوەڕەدا بوون کە هاوسەنگی جیهان و تەندروستی مرۆڤ بەندە بە بوونی هارمۆنی دوو شتی تێکەڵاو و دژ بەیەک : گەرمی و ساردی، ووشکی و تەڕی. ئەرستۆ و پیاوانی سەردەمی ئەو لەو باوەڕەدا بوون کە نێر پۆزەتیڤە و مێ-ش نێگەتیڤ، نێر بەهای خێرخوازی و مێ-ش بەهای خراپەکارییە. ئەرستۆ دەیویست لە ڕێگای ئەقڵەوە گۆڕان بەسەر ئایدیۆلۆژیای ئەوکاتدا بهێنێت. بۆ ئەمە چەکی میتافیزیک و مێژووی سروشتی بەکارهێناوە. ئەرستۆ دەڵێ: «پیاو جەوهەری بوونە و مرۆڤایەتی دەگوازێتەوە؛ و هەڵگری باوەڕی خوداییيە». ئەو لە بۆچوونێکی بایۆلۆژییەوەمەسەلەکە لێکدەداتەوە: «نێر خاوەن سپێرمە. مێ هیچ پەیوەندییەکی بە سپێرمەوە نیە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە سپێرمەکە لەناو لەشی مێدا، بەهۆی پلەیەکی گەرمایی گونجاوەوە شێوە وەردەگرێت».

میتۆلۆژیای هیندی دەڵێ: «ئافرەت (کە زەوییە) شتێکی جەوهەری نیە لە مەسەلەی بووندا، بەڵکو «تۆو» بنچینەییە کە دەکرێتە ناو زەوییەوە و شین دەبێت». قورئانیش هەمان پێکچوون لە نێوان زەوی و «تۆو»دا بەکاردەهێنێ بۆ سەلماندنی رۆڵی جەوهەری پیاو لە بووندا: «خاک تەنها وەرگرە و رۆڵێکی لاوەکی دەبینێ لە دروستکردندا، بە پێچەوانەی پیاو کە "کردگار"ە، چونکە هێز لە خواوە وەردەگرێت.

بۆیە پێغەمبەر فەرمان دەدات: "با مێردەکان دەسەڵاتیان لەسەر ژنەکانیان هەبێت".

ماها بهاراتا لەپاڵ میتۆلۆژیای هیندی حەزی نێرانەی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: "هیچ بوونەوەرێک لە ئافرەت تاوانبارتر نیە. لە راستیدا ئافرەت رەگی هەموو خراپەکاریەکە. خوای با، مەرگ، شوێنە دۆزەخییەکان، لێواری مووس، ژەهرە ترسناکەکان، مار و ئاگر، ئەمانە هەمووی بە شێوەیەکی هارمۆنی لەناو ئافرەتدا کۆدەبنەوە".

بێگومان، دووبارەکردنەوەی ئەو چەمک و لێکدانەوانە لەناو سایکلۆژیای ئەو میللەتانە و

سایکلۆژیای ئێرەدا رۆڵێکی گەورە دەبینێ و وا لە ئافرەتیش دەکات (بەتایبەتی ئافرەتی ناهۆشیار) گومان لە خۆی بکات و لە خودی خۆی سڵ بکاتەوە.

بۆ ئەوەی لە مەسەلەی سەرەکی دوورنەکەوینەوە، ئێستا ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ سێ ئافرەتی کورد کردوومانە، دەخەینە پێش چاو، پاشان دێینە سەر لێکدانەوە و هەندێ کۆمێنتەری پێویست کە دەمانبەستێتەوە بەو کورتەیەی سەرەتای وتارەکە.

## چاوپێکەوتن

دوای پرسینی ناو و تەمەن: چەند ساڵە لە کوردستان دەرچوویت؟
وەڵام:
١) زەینۆ، تەمەن ٣٦ ساڵ، ئەز شانزە ساڵە لە فەرەنسا دەژیم.
٢) حەوا، ٢٦ ساڵ، ئەز لە ساڵی ١٩٨٧ەوە لە کوردستان دەرچووم.
٣) زین، ٣٣ ساڵ، ئەز چوار ساڵە لە کوردستان دەرچووم.

*پرسیار: شووت کردووە یا رەبەنی؟ ئەگەر شووت کردووە: چەند ساڵە؟ ئایا شووکردنەکەت لە کوردستان بوو یا لێرە؟ ئەگەر لە کوردستان بوو: چەند ساڵ دوای شووکردن دەرچوون؟ ئەگەر بەراوردی ژیانی ژن و مێردایەتیت بکەی بەهی ئێرە، لە کوردستان چۆن بوو؟ لێرەدا حەزدەکەم پەنجە بخرێتە سەر جیاوازی سروشتی ژیانی ئێرە و ئەوێتان، لە ماڵەوە و لە دەرەوە، ئەو جیاوازیانەی کە لە سروشتتان روویداوە و بەندکردنی بە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆت وەکو ئافرەتێک.*

وەڵام: زەینۆ: ماوەی نۆزدە ساڵە من شووم کردووە. شووکردنەکەم لە کوردستان بوو. پێنج ساڵ دوای شووکردن لە کوردستان دەرچووین. گەلێک جیاوازی لە نێوان ژیانی ئێرە و ئەوێماندا هەیە. لە کوردستان ئافرەت تەنها لە ماڵەوە کاردەکات و زارۆک بەخێودەکات، لە ژیانی دەرەوە دابڕاوە. ئەز دەخوازم بێژم کە ئافرەت لە کوردستان چاوی لە دەستی مێردەکەیەتی نان پەیدا بکات و ئەویش ئامادەی بکات. لێرە، لە سەرەتا گیروگرفت زۆرن، بەڵام وورده وورده، ئەگەر ژن و مێرد لە یەکتری بگەن، پێکەوە باری ژیانیان چاک دەکەن. بە یەکەوە زمان فێردەبن، دەگەڕێن، باری ئابووریان دابین دەکەن. سروشتی مێردەکەم لە چاو سروشتی لە کوردستان گۆڕاوە. لە کوردستان مرۆڤ ناچارە لەسەر دەستووری کۆمەڵ بڕوات،. لێرە، وورده وورده بۆچوونەکان دەگۆڕێن. من ئەمە لە مێردەکەمدا هەست پێدەکەم.

حەوا: من بە پێی نەریت شووم نەکردوە. واتە، ئەمە چوارساڵە بە بێ مارەبڕین لەگەڵ پیاوێک دەژیم کە لە فەرەنسا ناسیم.

دەربارەی ژیانی خێزانیم لە کوردستان: من لە ژیانمدا زۆر سەربەست بووم. ژیانێکی خۆش ژیاوم،. لەوێ، سەرەڕای هەموو ئەو نەریتانەی کە دژی ئافرەتن من ژیانی منداڵی و گەنجیەتیم هەروەک خۆم ویستوومە ئاوا بەسەر بردوە. رابردوویەکی خۆشم هەیە.

لە ئەورووپاش هەوڵ دەدەم هەمان ژیان بژیم. دیارە کە لێرە ئەم جۆرە ژیانە ئاسانترە. لەوێ،

لەگەڵ خێزان و دەوروبەر دەژیام و هەوڵم دەدا لە رەفتارمدا ئاگام لە خۆ بێت، بەڵام لێرە من ئافرەتێکی تەنهام. دەمەوێ بڵێم مرۆڤ کە تەنها بوو بەهێزتر دەبێت. وانیە؟
بە کورتی، دەتوانم بڵێم لە رووی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژیانی ئێرە و ئەوێمدا نابینم. خۆشحاڵانە هاوڕێکەم مرۆڤێکی باش و رێک و پێکە. قەت بە خەیاڵم دا نەدەهات کە لەناو کورددا پیاوی ئاوا رێک و پێک هەبێت، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێم: ئەو رێک و پێکە چونکە من هەرگیز لە هەموو ژیانمدا نایەکسانیم قەبوڵ نەکردووە، بۆ بە نایەکسانی رازی بم؟.
بە رای من هەڵس و کەوتی پیاو دەوەستێتە سەر رەفتاری ئافرەت. ئەگەر ئافرەت لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ پیاو و لەگەڵ خەڵکی بەهێز و وریا و راستگۆ و چالاک بێت، ئەوە پیاویش حسێبێکی تایبەتی بۆ دەکەن. ناتوانن چۆن خۆیان دەیانەوێ ئاوا بن لەگەڵیا.

زین: ماوەی چوار ساڵ و نیوە من شووم کردوە. ئێمە لە کوردستان یەکتریمان دەناسی و هەر لەوێش مارەمان بڕیوە.

*پرسیار: وەک ئافرەتێکی کورد، خاوەنی کەلتور و شارستانیەتێکی جیا لە هی کۆمەڵگای فەرەنسی: چۆن خۆت لە ناو ئەو کۆمەڵگا نوێیەدا دەدۆزیەوە؟ حەزدەکەم پەلجە بخرێتە سەر گیروگرفتە سایکۆلۆژیەکانت و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی لە ژیانی رۆژانەتدا دێنە رێت، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ستاتۆی (کیان) کۆمەڵایەتیت لە چاو هی ئافرەتێکی فەرەنسی.*

زەینۆ: کە من گەیشتمە فەرەنسا، تا ماوەی ساڵێک گەلێک زەحمەتم بینی. زمانم نەدەزانی و شارەزای داب و نەریتی ئەوروپی نەبووم و حەزم لێیان نەدەکرد. ماوەی پێنج تا شەش مانگ وەکو گێژ وابووم. ژیانی ئێمە و ئەوان بە قەد چیایەک جیاوازی هەیە. بەڵام سوودم لە زۆر هەڵس و کەوتیان وەرگرت، وەکو دەرسێک وابوو بۆ من.
پێش هەموو شتێک هەوڵم دا زمان فێربم و هاوڕێیەتیم لە گەڵیاندا دروست کرد و وردە وردە ئاشنای ژیانیان بووم. بۆ ئەمە وەختێکی باشم دانا. لەو کاتەوە گیروگرفتم نەماوە و وەکو کەسێکی سروشتی دەژیم.
دوای ساڵێک هەندێ خێزانی کوردمان ناسی و پێکەوە کۆمەڵەی «کارگەران» و «خوێندکاران»مان دامەزراند. خۆم و مێردەکەم پێکەوە لەو کۆمەڵانەدا کارمان دەکرد. واتە، دەخوازم بڵێم کە مێردەکەم جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا ناکات.

حەوا: کۆمەڵی کوردەواری خاوەن کەلتور و شارستانیەتێکی جیایە لە چاو هی فەرەنسی؟ بەڵێ و نەخێر.
نەخێر، چونکە من بەش بە حاڵی خۆم کەلتور یاخود دەتوانم بڵێم فەلسەفەیەکی جیام هەیە لە چاو هی کۆمەڵی کورد و فەرەنسیش. لە ژیانمدا، لەم جیهانە، حەزناکەم هەمیشە بیر لە کەلتوری کۆمەڵەکەم بکەمەوە. من کەلتوری خۆم هەیە. پاشان زۆرجار لە خۆم دەپرسم: کەلتور چییە؟ ئەی

کەلتوری کۆمەڵی من چیە؟ ئەو کەلتورەی کە سەر بە کۆمەڵێک داب و نەریتە، ئەو داب و نەریتانەی کە ڕێگا لە سەربەستی ئافرەت دەگرن؟

کە دەڵێین "کەلتور" مەبەستمان زۆر شتە: زمان، فۆلکلۆر، مۆسیقا، سەما و نەریتەکان...هتد. بەڵام با ئەو مۆسیقایە هەر مۆسیقایەک بێت، ئەو سەمایە هەر سەمایەک بێت...هتد، کەلتور هەمرو ئەو شتانەیە کە دڵشادم دەکەن.

لەناو ئەو کۆمەڵگا نوێیەدا، من خۆم زۆر باش دەبینم.

بێزارنابم بەوەی کۆمەڵێکی نوێ، کەلتورێکی نوێ بناسم و لەگەڵیا بژیم. هەر بۆیەشە من لە فەرەنسام، بۆ فێربوونی زمان، بۆ ئاشنابوون بە چێشتێکی جیا لە هی خۆم، بۆ ناسینی شارستانیەتێکی دی، مێژوویەکی دی...هتد. زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت بژیەت، خۆی لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا بگونجێنێ. من قەت ترسم نەبووە لەوەی ناسنامەی کەلتوری خۆم بدۆڕێنم، بۆیە هیچ گرفتێکی سایکۆلۆژیم نیە، لە ژیانی ڕۆژانەمدا بێ گیروگرفتم.

من قوتابیم لە بەشی جوگرافیا، لە ساڵی ئایندەوە دەمەوێ بەشی ئیکۆلۆژی (ECOLOGIE) بکەمە تایبەتی خۆم. من سەرفرازم لەو بارەی ئێستامدا: خوێندنی خۆم تەواوبکەم و خزمەتی مرۆڤایەتی بکەم بۆ گشت بوونەوەرێک.

زین: خوشکا دەلال، مەسەلەی ژنی کورد بە مەسەلەی کوردستانەوە گرێدراوە. مەسەلەی کوردستان-یش مەسەلەی ژنی کوردە. زانایەک دەڵێ: "ئەگەر دەتەوێ ڕادەی پێشکەوتنی وولاتێک بزانی، بڕوانە ڕادەی پێشکەوتنی ئافرەتەکانیان". مەسەلەی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگایەکی وەکو هی فەرەنسی لەیەک کاتدا بە باری رۆشنبیری و تێگەیشتنی ئافرەت خۆیی و بە باری کۆمەڵگاکەشیەوە بەندە. زمانی کوردی بۆ ژنی کورد، هەروەک بۆ پیاوی کورد قەدەغەیە. وولاتی وان تالان کراوە. کەلتوری وان وەکو کوردستان داگیرکراوە. مێژووی زۆر میللەتان بەهۆی کەلتوری ئیسلامەوە لەناوچووە. ئەمە ئەنجامی زۆر خراپی ناوەوە. لەوانە جیاوازی لە ڕەفتاری ژن و پیاوان. ئەم جیاوازیە بۆ خۆی چاندنی زۆر کەم و کوڕی لەناو کەسایەتی ئافرەت و کۆمەڵگایەکی قووچەکی لەبەردەم پێشکەوتندا قیت کردۆتەوە. هەمرو دونیا لەناو سیستەمێکی پاتریارکیدا دەژین: خودا، پێغەمبەر، شێخ و مەلا و کەشیش و سەرۆکی وولاتانی... چینی باڵا هەردەم نێربوون. نێر هەردەم دەستی لە کاروباری ئافرەتدا هەبووە، بۆیە مەسەلەی ئافرەتی کورد لە ئەورووپا وەکو مەسەلەی هەر کەسێکی ڕۆژهەلاتیە لە هەمان کۆمەڵگا.

### هەموو پیاوێک خۆپەرستە

*پرسیار: پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاوی کورد لە دوورە وولاتیدا چۆن دەبینی؟ ئەگەر خێزانی کورد دەناسی، بە تایبەتی خێزانی نەریتخواز، هەوڵ بدە لە سایکۆلۆژیای ئافرەتەکان، لە پەیوەندیاندا لەگەڵ پیاوان، نزیک بەوە.*

زەینۆ: هەمرو پیاوێک، بەر لە هەمرو شت، خۆپەرستن و تەنها بیر لە خۆیان دەکەنەوە. لە لای کورد جیاوازی هەیە لە نێوان ژن و پیاو. کە ژنی خۆیان دیار نەبێ زۆر نەرم و نیانن لەگەڵ ژنان

و مرۆڤانە دەجووڵێنەوە، بەڵام لەگەڵ ژن و زارۆکی خۆیان وانین. زۆربەیان حەزناکەن ژنەکانیان لەگەڵ پیاوان هەڵسن و دانیشن. من زۆر خێزانی کورد ناناسم لێرە. ئەوانەی کە دەیانناسم مرۆڤی رێک و پێکن گیروگرفتیان نیە لەگەڵ ژنەکانیان.

لە راستیدا، گیروگرفتی ئافرەت گەلێک زۆرن. هەیە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە جیهانی دەرەوە نیە، لەماڵەوە دەرناچن و هیچ شوێنێک ناناسن و هەڤاڵیان نیە. هەمیشە لە ماڵەوەن. ئەگەر دۆستایەتیشیان هەبێ تەنها لەگەڵ چەند خێزانێکی دیاریکراوە، هاتوچۆی یەکتری دەکەن و هەرگیز فێری ژیانی نێرە نابن.

حەوا: ئێمەی کورد لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە وتوویژ لە نێوان ژن و پیاو تیایدا پچڕاوە. هۆی سەرەکی ئەم بارە دەگەڕێتەوە بۆ سەنگی داب و نەریت. نەبوونی گفتوگۆ لە نێوان ژن و پیاو بۆتە هۆی زیاتر پانکردنەوەی ژن لە ژێر سەنگی تابو و نەریتەکان.

ژیانی دوورە وڵاتی ئەم سەنگە زیاتر قورس دەکات. پیاوەکان زۆر خۆپەرست دەبن و ئافرەتەکانیشیان دەخەنە ناو تەنهاییەوە. ئەو تەنهاییەی کە کۆمەڵێ گرفتی سایکۆلۆژی بۆ ئافرەت دروست دەکات. ئەو ئافرەتانەی کە زمانی ئەو وڵاتە نازانن، ناتوانن خۆیان لەگەڵ ژیانێکی نوێدا رابهێنن. بۆیە ئەو کەمە باوەڕەی کە لە کوردستان بە خۆیان هەبوو لێرە بە تەواوی ون دەبێت. تەنها ژیانی ناوماڵ و چێژتنی تەنهاییان بۆ دەمێنێتەوە.

پێویستە ئەوەش بوترێ کە پیاوی کورد لەبەردەم ئەو سەربەستییەی کە ئافرەتی ئەورووپی هەیەتی زەندەقی رژاوە. لە ترسی نەمانی دەسەڵاتی خۆی لە ناو خێزان، نایەوێ ژنەکەی چاوی بکرێتەوە و شارەزا بێت. لە ژێر ناوی رێزگرتنی ئایین و نەریت، هەردەم فشار دەخاتە سەر خێزانەکەی. وا هەست دەکا: «ئێمە ناتوانین وەکو فەرەنسیان بژین». فێرنەبوونی زمان و ترسان لە ونکردنی ناسنامە وا لە ئافرەت دەکات زیاتر بچنەوە ناو خۆیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە-کەلتوورییەکان تەسک بینەوە. زۆربەی جار هەموو دەورووبەریان چەند هاوڵاتیەکە. بە شێوەیەکی سروشتی لەم بارەدا بێزاری دروست دەبێت و ئاسۆی ژیان تەسک دەبێتەوە و رێگا دەکرێتەوە بەرەو فەنەتیزم (تعصب).

زین: تۆ دەزانی هەروەک لە سەرەوە ووتم "قورپەسەری دوژمنی مە بێت کە قوڕی کردۆتە سەر کەلتوورەکەمان، لە رێگای ئیسلامەوە". ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی (باسیل نیکیتین)، دەبینین شوێنی ژنی کوردی لەناو کورددا دیاریکرووەە. باسی شتی وایکردووە کە سەرمان بڵند دەکات. مینۆرسکیش بە هەمان شێوە. لەو باوەڕەدام کە کەسایەتی ژنی کورد لە بەرامبەر هەر کەسێکدا، بە پێی ئەم روانینە، توند و تۆڵ دەبێت: ئەگەر باوەڕی بە خۆی هەبێت. ئەگەر پیاوی کورد باوەڕی پێی هەبێت و دەستی بگرێت، بە چاوێکی کەم و بێباوەڕی سەیری نەکات. ئەگەر بشمانەوێ باس لە کەسایەتی ژنی کورد بکەین لە بەرامبەر پیاوی ئەورووپی، ئەوە دەبێت ژنی کورد لە ریزی پیاوی کورد بێت نەک لە پشتەوەی.

*پرسیار: کەسایەتی پیاوی کورد لە دەرەوە (دوورەوڵاتی) دا چۆن دەبینی؟*

زەینۆ: وەڵامم بۆ ئەم پرسیارە نیە، یەک لە یەک خراپترن. باوەڕم بە هیچ کامیان نەماوە.

حەوا: هەروەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا پەنجەم بۆ ڕاکێشا: پیاوی کورد لێرە زۆر خۆپەرستن و ئافرەتەکانیان دەخەنە ناو تەنهاییەوە، چونکە لەبەردەم ئەو سەربەستیەی کە ئافرەتی ئەورووپی هەیەتی زەندەقیان ڕژاوە.

ژین: زۆر ئەستەمە کە مرۆڤ بتوانێت لە ڕەسەنی خۆی دەرچێت و ببێتە یەکێکی دی. هەندێ کار وا لە مرۆڤ دەکەن ڕەوشی بگۆڕێت، هەندێکیش دەبن بە دەرس، هەندێکیش دەبنە هۆی سەرلێتێکچوون. ژیانی ئەورووپی بۆ هەندێ پیاوی کورد زۆر خۆشە. هەندێکیش هەن باوەڕیان بەم ژیانە نیە، بەڵام هەندێ گیروگرفت وایان لێدەکات ژیانی خۆیان بە ئافرەتێکی ئەورووپی ئاوەدان بکەنەوە (لەجیاتی بە ئافرەتێکی کورد!) ئەنجامی ئەمەش زۆر ئاشکرایە بۆ پیاوان. کورد دەبێژن: "کەی مرۆڤ سەری بە بەردی ئەزیزی (ئەلحەد) دەکەوێ ئنجا ووشیار دەبێتەوە". جا کەی سەریان سپی دەبێ و پیر دەبن و وشیاردەبنەوە و دەچن کچێکی چواردە-شانزە ساڵی لە کوردستان دەکڕن و دەیهێنن دەیکەنە "کابان". ژیان لەگەڵ ژنی ئەورووپی خەونێکی شیرینە، بەڵام لەگەڵ کچێکی کورد ڕاستیەکی تاڵە.

پرسیار: *ئامۆژگاریت چیە بۆ ئافرەتی کورد بە گشتی؟*

زەینۆ: دەمەوێ بە ژنانی کوردستان بێژم کە لە بەرامبەر پیاوان سەرداتەنەوێنن. بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بەرامبەر پیاوان بە ئاشکرایی دەربڕن. دەبێ ژن ئامادەبێ بە مێردەکەی بڵێت: "ئەمڕۆ ئاگاداری زارۆکان بە، من دەچم بۆ سینەما". دەبێ ژنی کورد ئازادی داوابکەن. "ئازادی نایەتە بەردەستی مرۆڤ، ئازادی بە زۆر دەسێنرێ".

ژنی کورد دەبێ زانا و خوێندەواربن و ئاگاداری باری جیهان بن. خوێندن شتێکی زۆر باشە. دەبێ هەوڵ بدەن زمان فێربن و چاویان لە دەستی مێردەکانیان نەبێت، چارەی دەردی خۆیان بکەن. گرفتی ژن زۆر زەحمەتە، ئەگەر لێرە چارەسەر نەکرێ، لە کوردستان چاک نابێ.

مەسەلەی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواری گەلێک گرنگە. شێر شێرە، چ مێینە چ نێرە. هێڤیدارم ڕۆژێک دابێت کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بێ و وەکو ئێرە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دا نەمێنێ. دەبێ ڕێزی ئافرەت بگرن. بە بێ ژن ژیان حەرامە. پیاو ئەو ڕاستییە باش دەزانن.

حەوا: تا وەکو چارەسەری هۆیە سەرەکیەکانی نادروستی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو نەکرێت، تاوەکو تابو و نەریت ڕێزیان بگیرێت، زۆر بە سستی گەشە دەکەین. پێویستەلەسەر ئێمە بەردەوام لە تێکۆشاندا بین.

* * *

وابزانم پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، هەریەک لەم سێ ئافرەتانە هەوڵیان داوە، بە پێی توانا و بۆچوونی خۆیان و بە پێی پرسیارەکان خۆیان دەربڕن و گوزارە لە خۆیان بکەن. ئەوەی بە

لامەوە گرنگە چەند کۆمێنتەرێکە، (بەبێ بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ئافرەتانەی کە وەڵامیان داوەتەوە. ئەوە مەبەستی من نیە. من زۆر سوپاسی ئەو ئافرەتانە دەکەم کە بەشدارییان کرد لە نووسین و دەوڵەمەندکردنی باسەکە). دەمەوێ لە رێگای بەرەوپێشبردنی باسەکە رای خۆم دەربرم، وەکو ئافرەتێکی کورد، لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئافرەتی کورد و سەربەستی لە گوزارە لەخۆکردندا.

پێش ئەوەی بێمە ناو باسەکە حەزدەکەم شتێک بڵێم لەسەر ئەو ئافرەتە کوردانەی کە ئامادەبوون وەڵامی ئەم چەند پرسیارەمان بدەنەوە. داوامان لە هەشت ئافرەتی کورد کرد لە فەرەنسا کە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە، هەروەک دەبینین تەنها سێیان وەڵامیان دایەوە. (وەڵامی یەکێکیان لە دوا پرسیاردا دیارنیە، ئەمە پەیوەندی بە نەبوونی وەختی ئەو ئافرەتەوە هەبوو). ئەوانی دیکە، بە بێ بە دەستەوەدانی هۆیەکی راستەوخۆ، ئامادەنەبوون قسە لەسەر خۆیان بکەن. بۆچی ئافرەتێکی کورد لە ئەورووپا ناتوانێت قسە لەسەر خۆی بکات؟

لەبەر بەدەستەوەنەدانی هۆیەکی دیاریکراو، من سەربەستی بەخۆم دەدەم کە ئەم حاڵەتە بە کەسایەتی سایکۆلۆژیای ئافرەتی کورد ببەستمەوە. (تەنها یەک لەم ئافرەتانە زۆر بە جەرێنییەوە وتی: "لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی سەرپەرشتی گۆڤارەکە دەکات پیاوە، ئامادەنیم وەڵام بدەمەوە.". ئەمەیان باسێکی ترە و لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵدەگرێ.

## کەسایەتیی و سایکلۆژیای ئافرەتی کورد

«خود» واتە مرۆڤ خۆی. قسەکردن لەسەر تایبەتیەکانی «خود» وەکو «هە» یا «زە»، نزیکترین مەسەلەیە لە «هە» یا «زە». «خۆ» بوون گرینگترین بنچینەی کەسایەتی مرۆڤە. بۆ ئەوەی خۆم بم دەبێ لە «خود»ەوە دەست پێبکەم و رەگی گرفتەکان بدۆزمەوە و بە شوێن پرسیار و وەڵامەکاندا بگەرێم. ئافرەتی کورد تا چ رادەیەک دەتوانێت بە شوێن «خۆ»یدا بگەرێت، لە قسەکردن لەسەر خۆی و گرفتەکانی، بە بێ ترس و شەرم و نەزانی گوزارە لە خۆی بکات و «خۆ»ی بدۆزێتەوە.

ئافرەتی کورد تا ئێستا ئەو توانایەی نیە وەکو مرۆڤێکی کامڵ بێتە پێشەوە و باس لە «خۆ»ی بکات وەکو مرۆڤێک. [لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەتان تەنها لە نێوان خۆیان قسە لەسەر خۆیان و گیروگرفتەکانیان دەکەن، بەڵام ئەم قسەکردنە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی مەوزوعی یا دەوڵەمەندکردنی بیر و بۆچوون نیە، بەڵکو دەبێتە جۆرێک لە کەتارسیس «تنفیس»]. تەنانەت گفتوگۆکردنێکی راستەوخۆ و بێ دەمەقاڵێ و مەوزوعیانە لەسەر «خود» و ژیان و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، لە نێوان ژن و مێردێکیشدا روونادات. (لەوانەیە هەندێ ئافرەت و پیاوی کورد لە ئەورووپا ئەو مەودایەیان بڕیبێت)، بەڵام لە کوردستان وتووێژ لە نێوان ژن و پیاودا هەردەم پچڕاوە. ئافرەت لە خودی خۆی و گیروگرفتەکانی رادەکات، کە لە ئەنجامدا بۆی دەبێتە گرفتێکی سایکۆلۆژی گەورە. ئەم گرفتە سایکۆلۆژییە بەشێکە لە «من» لە «تۆ» لە «خود». دزکردن لەگەڵ «خود» و دوورکەوتنەوە لێی دەبنە هۆی «خۆ»خواردنەوە، دەبنە هۆی کۆمەڵێک نەخۆشی کە لە ئەنجامدا ژیانی خۆی و مێردەکەی و منداڵەکانیشی ئاڵۆز دەکات. ئەمە لایەنێکی سەرەکی لاوازی کەسایەتی ئافرەتی کوردە، "خۆی وەک (شت-object) دەبینێت و هەوڵ نادات ئەو مەودا

دەستکردەی کە پیاو لە نێوان بوون بە «شت» و «جەوهەر»دا دایناوە ببیرێت.".

هەروەکو پێشتریش ووتمان، بە پێی ئەو کورتەیەی کە دەربارەی مێژووی جیاوازی نێوان ژن و پیاو نووسیومانە، بۆمان دەردەکەوێ کە دووبارەکردنەوەی ئەو چەمک و لێکدانەوانەی کە ئافرەت بە هێزی «خراپەکاری» و «ئەهریمەن» و نزمتر لە پیاو دەبینن، لەناو سایکۆلۆژیای ئەو میللەتانە و سایکۆلۆژیای نێر و مێدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئافرەت گومان لە خۆی بکات و لە بوون و خودی خۆی سڵ بکاتەوە و خۆی بداتە پاڵ پیاو بۆ خۆپاراستن و ملکەچکردن بۆ هەموو فەرمان و داخوازی و لێکدانەوەیەکی دوژمنکاریانە. لێرەدا شوێن و پایەی ئافرەت نزم دەبێتەوە و بۆ پیاویش دەبێتە جۆرە گومان و مەترسی و «شت»ێکی بچوک کە لە سەری پێویستە لەیەک کاتدا سەرداری بکات و خۆیشی لێبپارێزێ. ئەو گومان و مەترسیەش، ئەگەر لەسەر بنچینەی ئاین لێی بکۆڵینەوە، لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە کێشە یا شەڕ هەردەم لە نێوان دوو هێزدا هەبووە: چاکە و خراپە (ئاهورامەزدا و ئەهریمەن). پیاو کە خۆی وەکو خوا دەبینێت، ئەوە ئافرەت بە «ئەهریمەن» دەچوێنێ، لەسەر خوا پێویستە ئەهریمەن لەنا ببات، چونکە سەرچاوەی خراپەکاری و گومان و مەترسییە. کە سروشتی ژیان و کۆمەڵگا مافی ئەو لەناوبردنە فیزیکییەی پێنادات، ئەوە سەرکوتکردن و ئازاری رۆحی و چەوساندنەوەی بە مافی رەوای خۆی دەزانێ. گومانی تیا نیە کە چەند خاوەن دەسەڵات درندە و دکتاتۆر بێت، ئەوەندەش ژێردەستە تۆوی ترس و گومانی لە ناودا دەچێنێ: ترس و گومان لە یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی ئافرەت کە کۆشکی شەرەفی پیاو (بەتایبەتی پیاوی رۆژهەڵاتی) دێنێتە خوارەوە.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا (کە کوردستانیش دەگرێتەوە) سیستەمی پاتریارکی رەها باوە. واتە پیاو سەرداری رەهایە و هیچ دەسەڵاتێک بۆ ئافرەت ناهێڵێتەوە. تەنها بەوە رازی نیە کە سەرداری خێزان بێت و دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبێت، بەڵکو پێویستی بە نرخ و شایان لێنان و نوێنەرایەتی هەیە، هەروەک نرخ و شایان لێنانی «خوا». واتە پیاو خۆی وەکو کردگار دەبینێت. لە سایەی ئەم جۆرە سیستەمانەدا ئافرەت کەم و کوڕی زۆر دەبێت، بۆ خۆ رزگارکردن لەم کەم و کوڕیانە و خۆ دۆزینەوەی دەبێ توانایەکی زۆر بنوێنێت. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئافرەت ئایدۆلۆژیای پیاوی کردۆتە سیستەمی بیرکردنەوە و ژیانی خۆی، بۆیە وەکو مرۆڤێک تایبەتمەندی خۆی ناناسێت.

ئافرەت رۆڵێکی زۆری هەیە لە بەردەوامیدان بەو سیستەمە پاتریارکییە رەهایەی کە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردەواریدا باوە و رەگی داکوتاوە. زۆربەی ئافرەتان لە ژێر سایەی ئەم سیستەمەدا هەست بە دڵنیای و ئارامی دەکەن. لەوانەیە لە ناوەوە رق و فرمێسک رۆحیان بکرۆژێ، بەڵام ئەو توانا پێویستەیان نیە کە دەبوایە هەیان بێت. نەبوونی ئەم توانایەش ناگەڕێتەوە بۆ باری بایۆلۆژی و مەسەلەی سکپڕی و خوێن بینینی مانگانە، بەڵکو لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا پەیوەندی نێوان نێر و مێ بە جۆرێک چەسپ بووە کە هەر هەوڵێک بۆ گۆڕین و بەرەوپێشبردنی لە شۆڕشێک مەزنترە کە لەسەر نێر و مێ پێویستە پێکەوە پێی هەڵسن. جگە لەوەی کە لەقبوونی شوێن و پایەی پیاو لە روانگەی کۆمەڵ بە گشتی و ئافرەتی ناهۆشیار بەتایبەتی دەبێتە هۆی رووخاندنی چەمکی «خوا» و درووستبوونی ناهاوسەنگی لە ژیان.

ئەو گۆڕانە گەورەیە و نەهێشتنی سیستەمی پاتریارکی تەنها بەوە نایەتە دی کە ئافرەت لە ماڵ

بێتە دەرەوە و کاربکات و ئابووری خۆی دابین بکات. مەسەلەکە پەیوەندییەکی زۆری بە بناغەی سایکۆلۆژی پیاوەوە هەیە. هەشت ساڵ جەنگی عێراق و ئێران، لە کوردستانی خواروو، ئافرەتێکی زۆری ناچارکرد بە چەواشەیی لە ماڵ بێنە دەرەوە و کاربکەن، بەڵام ئەرکی ئافرەت دوو ئەوەندە زیاد بوو. ئەم جۆرە دەرچوونە و کارکردن لە دەرەوە تەنها مەسەلەی ئافرەت لە باسی تیۆرییەوە دەباتە ناو مەیدانی پراتیک:، بەڵام بوونی شەڕ و ڕژێمێکی دکتاتۆری و سیستەمەکە بووە، هۆی ئەوەی ئەم بارە بە خراپی بکەوێتەوە لەسەر زۆربەی ئافرەتان. سەرەڕای زیادبوونی کاری ناڕەوا و بەد ڕەفتاری و ڕادەی سۆزانی، کە زیاتر بەندن بە بوونی شەڕەوە.

عبدالخالق مەعروف لە کتێبەکەی بەناوی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» دەڵێ: مافی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاو هەر ئەوە نیە کاری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردنی لێ بسێنرێتەوە و چەکوچ و داس و دەستەندوی جوتی بدرێتە دەست و بکرێ بە کرێکار و سەپان و جووتیار و لە کارگە و مەزراکاندا بڕەتێنرێ، یا تیر و کەوان و تفەنگی لە مل بکرێ و ڕەوانەی کۆڕی شەڕ بکرێت، یا لەسەر سەکۆی فەرمانڕەوایی و فەرمانبەر جێگیر بکرێ، بەڵکو مافی یەکسانی ئەوەیە کە ئەوەی خواست و ویست و ئارەزووی هەر لایەک لە نێر و مێ: ئەگەر بۆ لایەکیان دروست و ڕەوا بێت، بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوا بێت. زۆرمان بیستوە لە کۆمەڵگای خۆماندا کە «ئافرەت نیوەی کۆمەڵە» و «دەبێ مافی ئافرەت بدرێت»، کەچی هەر ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن، هەموو شەرەفی ئافرەت لەناو لەشیدا دەبینن».

ئەو ئەخۆشییەی عبدالخالق مەعروف باسی لێوە دەکات، ئەمڕۆ لە ناخی زۆربەی پیاوی کورد لە ئەورووپادا لەکارە. زۆربەی ئەو پیاوە کوردانەی کە خۆیان بە ڕۆشنبیر و دیموکراسی دەزانن و بە ژیان یان بە خەونێک لەگەڵ ئافرەتێکی ئەورووپی، وادەزانن لە هەموو خاڵە تێگەتیڤەکانی کەلتوری کۆمەڵگاکەیان پاک بوونەتەوە، هەموو نرخ و کەسایەتی ئافرەت، لەناو لەشیدا دەبینن».[۲]

## دووفاقی پیاوی کوردا

کەسایەتی ئەخۆش و دوفاقی پیاوی کورد لە زۆر لایەنی ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگی داوەتەوە. سیمۆن دوبواغ لە کتێبی ("سێکسی دووەم" Le Deuxieme Sexe) دا دەڵێ: زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ پیاوان، ڕوانیم هەرچۆنێک بێت، پێیان وتووم: «تۆ ئافرەتی بۆیە ئاوا بیر دەکەیەوە.». ئەو ئافرەتە کوردانەی کە ئەگەر بە ڕێکەوت بۆیان لوابێ لەگەڵ پیاوی کورد دابنیشن و گفتوگۆبکەن لەسەر باسی هەمەجۆر، ڕاستەوخۆ ئەو قسەیەی «سیمۆن دوبواغ» یان پێ ناووترێ، بەڵکو (خۆم زۆرجار بەسەرم هاتووە) بە بێ حسابکردن بۆ مەوزوعیەت یا خودی ڕوانینەکە، پیاوەکە بێدەنگ دەبێت. لەم بێدەنگ بوونەیدا لە چاودکانیدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە «ئافرەتە و لێی ناگیرێت» یا «پێویست ناکات لەگەڵی پێ دا بچین». بێگومان لەم بێدەنگییە و خەیاڵکردنەیدا خۆی بەرزتر دەبینێت و ماف و دەسەڵات بە خۆی دەدات کە ئەو بە هەڵە بداتە قەڵەم. لەوانەشە لەم بێدەنگییەیدا، بۆ دڵدانەوەی خۆی، خەیاڵی بۆ ئەو پەندە کوردییە بچێت کە دەڵێت: «سەگ بە ئافرەت ناوەڕێت». لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەیەوێ خۆی وا پیشان بدات کە ڕێزلە ئافرەتی کورد دەگرێت.

لەبەرئەوەی مەسەلەی ئافرەت پەیوەندییەکی زۆری بە سایکۆلۆژیای پیاوەوە هەیە و بەپێی

ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کردوومانە، ماف دەدەینە خۆمان زیاتر بچینە ناو کێشە دەروونییەکانی پیاوی کورد لە ئەورووپا.

لایەنێکی دیکەی ئەو کێشە دەروونیانە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە لە رەفتار و هەڵس و کەوتیاندا لەگەڵ ئافرەتی کورد لە لایەک و ئافرەتی ئەورووپی لە لایەکی دیکە: ، خۆیان نین. پێش قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە دەمەوێ پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم کە پەیوەندی «هاوڕێیەتی» لە نێوان ئافرەتێکی کوردی رەبەن و پیاوی کورد زۆر کەمە. ئافرەتی رەبەن لە ئەورووپا کە دەبینێ پیاوە کوردەکە زیاتر بەرە و ئافرەتی ئەورووپی ملدەنێت، خۆی لەناو ئاڵۆزییەکی دەروونی خراپدا دەدۆزێتەوە (زۆر کەم رێکدەکەوێ کە ئافرەتێکی کورد لەگەڵ کوڕی ئەورووپی پەیوەندی هەبێت، مەبەستم هەمان ئەو پەیوەندییەی نێوان پیاوی کورد و کچی ئەورووپییە).[٣]

ئافرەتە کوردەکە زۆرجار لەو بارە دەروونییەیدا خۆی بە کەمتر یا ناشیرینتر دەبینێت لەچاو ئافرەتێکی ئەورووپی، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە لە مەبەستی کوڕەکە و قسەی ئەم و ئەو دەترسێت. بۆیە دوورەپەرێز دەوەستێت. پیاوەکەش بە هەمان شێوە دوورەپەرێز دەوەستێت لە بەرامبەر ئافرەتی کورد. ئەگەر نیازی هێنانی هەبێت ئەوە هەڵوێستێکی دیار وەردەگرێ، ئەگەر نا وا هەست دەکات ئافرەتە کوردەکە «بە دوای مێرددا دەگەڕێت»، بۆیە حەزناکات لێی نزیک بێتەوە. بە پێچەوانەوە، (ئەوەی تا ئێستا من بینیبێتم)، ئەگەر پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئافرەت و پیاوی کوردا هەبێت، ئەوە زیاتر لەگەڵ ئافرەتی خاوەن مێردە. ئەم دیاردەیە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئافرەتی کورد لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا (بێگومان ئەگەر مێردەکەی بە راستی و بە مانای ووشە رۆشنبیر و دیموکراسی بێت، ئافرەتەکەش کەسایەتییەکی پڕ و سەربەخۆی هەبێت) سەربەستی زیاتر. بۆیە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ پیاوان ناترسێت و ناکەوێتە ناو کێشەی دەروونییەوە. پیاوەکەش دڵنیایە لەوەی کە ئەو ئافرەتە «بەدوای مێرددا ناگەڕێت». پیاوی کورد لەگەڵ ئافرەتێکی کورد دادەنیشێ سەربەستی تەواوی نیە. لە ژێر ئەو خەیاڵەی کە ئافرەتی کورد دەروون ئاڵۆزن یا رێزێکی بێپایانی هەیە بۆ ئافرەتی کورد، دەیەوێ خۆی وەکو پیاوە کوردەکەی جاران پیشان بدات. لە ناوەوەش هەست بە ناڕەحەتی دەکات، چونکە لە حەقیقەتی خۆی دوورە. بۆیە حەزناکەن لەگەڵ ئافرەتی کورد دانیشن و گفتوگۆ بکەن، هەروەک دوو هاوڕێی ئاسایی. زۆرجار ئامادەبوونی مێردی ئافرەتەکە لەم بارەی رزگاردەکات.

لەگەڵ ئافرەتی ئەورووپیشدا خۆیان رەپێش دەکەن. (بێگومان ئەم خۆرەپێشکردنە خاڵی نیە لە مەبەستی سێکسی، چونکە خوێندنەوەی بۆ ئافرەتە ئەورووپیەکەش هەڵەیە.)، لەبەردەمیا دەیەوێ خۆی مۆدێرن و شارستانی و کراوە و ئەورووپیانە پیشان بدات، لە کاتێکدا کە ئافرەتە ئەورووپییەکەش ئەو وەک پیاوێکی رۆژهەڵاتی دەروون ئاڵۆز و «نەخۆش» دەبینێت. لە هەردوو حاڵەتدا ئەو پیاوانە خۆیان نین و دەوردەبینن.

جا کەسایەتی زۆربەی پیاوی کورد لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئافرەتی (کورد و ئەورووپی) کەسایەتییەکی ناڕەسەنە. هەردەم مەودایەک هەیە لە نێوان بیر و کردەوەیاندا. ئەو مەودایەش لەوەوە دروست دەبێت کە ئەو پیاوانە یەکسانخوازنین. کە مرۆڤ یەکسانخواز نەبوو ئەوە بە شێوەیەکی ئاگایی یا نائاگایی بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت و خۆی بەرزتر دەبینێ لەوی دیکە. ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو بە دوایدا دەگەڕێت (دەسەڵاتی نێرانە)، هەمان دەسەڵاتی دکتاتۆرێکە لە

سیستەمی سیاسیدا. حەزی دەسەلات سەپاندنیش بەسەر ئەوی دی لە هەستکردن بە بۆشایی و ویلبوون و ناتەواوییەوە دێت.

* * *

پێویستی‌یە کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی و ئابوورییەکان ئەمرۆ وا کەوتوونەتەوە کە دەبێ مرۆڤ «خۆ»ی بێت. چیتر نیوە یا لەتێکی ئەوی دیکە نەبێت، بەڵکو خودێکی تەواو و سەربەخۆ بێت و بە بیری ئەوی دیکە خۆی نەپێوێت. لێرەدا تێبینییەکم هەیە لەسەر وەلامی یەک لەو ئافرەتانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەلدا کردوون. ئەو ئافرەتە لە باسی کەسایەتی ئافرەتی کورددا باسی «باسیل نیکیتین» دەکات گوایە بە شان و باهووی ئافرەتی کوردی هەلداوە. ئێمە لە کاتێکدا کە دەزانین «باسیل نیکیتین» هەرگیز لە کوردستان لەگەڵ ئافرەتێکی کورد دانەنیشتووە و گفتوگۆی نەکردووە. کەواتە نەچۆتە ناو ناخی ئافرەتی کوردەوە. تەنها وەک «شتێکی جوان» بینویەتی و لەبەرچاوی جولاوەتەوە و سەرنجی راکێشاوە. یا ئافرەتی کورد ئاگاداربێت لە رای بێگانە، تایبەت بە خۆیان و ولاتەکەیان. بەلام «من» وەکو ئافرەتێکی کورد خۆم باشتر دەناسم وەک لە «ب.نیکیتین». بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتی و سایکۆلۆژیای خۆم بدوێم پێویست ناکات بە قسەکانی ئەو خۆم بپێوم. پێویستە خۆم رام هەبێ لەسەر خۆم و نەخۆشیەکانی خۆم دیاری بکەم و قسەیان لەسەر بکەم. هەموو ئەو رایانەی گەشتکەرە بێگانەکان یا کوردناسەکان لەسەر ئافرەتی کورد هەیانبووە لە حەقیقەتی ئافرەتی کوردمان نزیک ناکەنەوە. (٤) ئێمە تا ئێستاش بە زمانی پیاو لە خۆمان دەدوێین. لەو سنوورەی کە پیاو دیاریکردووە بۆمان تێنەپەڕیوین.

گفتوگۆ و لێکدانەوە و گەڕان بە شوێن چارەسەر بۆ گرفتەکانمان، گەڕانە بە شوێن «خود». یەکبوون لەگەڵ ئەوی دی نابێ ببێتە قوربانیدان بە بەشێک لە «خود». لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە لەسەر ئەو خۆنەناسین و نەبوونی وتووێژ لە نێوان ژن و مێردی کورد و لاوازی کەسایەتی ئافرەتی کورد: لەو سەفەرەی دوایم بۆ کوردستان (ئۆکتۆبەری ١٩٩١) کچێکی هاوڕێم بینیەوە کە کاتی خۆی زۆر لە یەکتری نزیکبووین. ئەم کچە ئێستا شووی کردووە. نزیکیمان لە یەکتری هانی دا هەندێک باسی گیروگرفتەکانی ژیانی تازەی خۆیم بۆ بکات. گرفتی ئەو ئافرەتە «خوێندەوارە» ئەوەیە کە لە جووتبوون لەگەڵ مێردەکەی زۆر زەحمەت دەگاتە «ئۆرگازم». بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگاتە ئەم حاڵەتە حەزدەکات لەکاتی جووتبوون لەسەر مێردەکەی بێت نەک لە ژێرەوەی، بەلام مێردەکەی تا ئێستا لە گرفت و حەزی ژنەکەی ئاگادارنیە. ژنەکەش شەرم دەکات لەم بارەوە قسەی لەگەڵ بکات.

ئەمە تاکە نموونەیەکی هەزارەها ئافرەتی کوردە کە بە درێژایی ژیانیان لە نهێنییەکانی جەستە ناگەن و چێژی ئەو ساتە گرنگە ناکەن. جووتبوونیان لەگەڵ پیاوەکانیان تەنها بۆزا زاووزێیە. ئەم حاڵەتە گرفتێکی سایکۆلۆژی گەورە بۆ ئافرەت دروست دەکات. دەبێ ئافرەت لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ پیاو راستگۆ بێت، مەودای ترس و شەرم ببڕێت. ئۆرگازم چێژێکە کە دەبێ ژن و پیاو لە جووتبوونیاندا لەسەر بنچینەی پێدان و وەرگرتن بیگەنێ.

زۆرجار پیاو (پیاوی دواکەوتو و نادیموکراسی) لە جووتبوونیان لەگەڵ ئافرەت بیر لە ژنەکە ناکەنەوە. لەم حاڵەتەدا دەبێ ئافرەتەکە خۆی ئەم چێژە بستێنێت، چونکە مافێکی سروشتی خۆیەتی. قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا بنچینەیی لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا، پێویستە

هەردەم کراوەبێت و لەسەر بنەڕەتی ڕێز و تێگەیشتنی سروشتی لەش و لە یەکتری گەیشتن بێت. ئەگەر قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی ئاوا گرینگ بێتە هۆی جیابوونەوەی ژن و مێردێکیش، ئەوە زۆر باشترە لەوەی کە لە پێناوی ڕێزگرتنی پەیوەندی و نەریتە کۆمەلایەتیەکان، لەگەڵ یەکتری بمێننەوە. ژن و مێردایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە یەکێتی دوو «لەت». واتە یەکێتییەکە بنچینەیەکی ناتەواوی هەیە و سەربەخۆیی تاک وونە. کە سەربەخۆیی «تاک» وون بوو (ئێمەی کورد لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی نەتەوەییمان ونکردوە، باش دەزانین کاریگەری ئەم وونبوونە چیە!) ئەوە هەموو پەیوەندییەکان دەبنە ڕوویەکی شاراوەی ئەو کەلتور و شارستانیەتیەی کە بە درێژایی مێژوو لەناو سایکۆلۆژیای پیاودا جێگیربووە.

«خود» بەهایەکی ئێستاتیکی و ئابووری و ئێتیکی هەیە. لە جیاتی ئەوەی «ئێر» لە خۆم بەزلتر سەیرکەم، دەبێ پەرە بەخۆم بدەم. کە خۆم بم هەوڵ دەدەم بە بێ شەرم و ترس هەموو شتێک فێربم، تام بکەم، بزانم و ببینم، چونکە لەم فێربوون و زانینەدا خۆم دەسەلمێنم. لەناو خودی ئەوی دیکەش چیتر نابە ئیمازی سێکس و لەگەڵ یەکتری پیربوون، بەڵکو دەمەوێ خۆم بدۆزمەوە و پەرە بە خۆم بدەم: نەک بۆ بەرەبەرەکانێی ئەوی دیکە، بەڵکو بۆ گونجاندنێکی پڕ و هاوسەنگ.

## پەراوێز و تێبینی:

(١) سانت دیزنیس: لە کتێبەکەیدا کۆمەڵێک نموونە دەهێنێتەوە، ئێمە لێرەدا تەنها نموونەیەک دەخەینە ڕوو: "لە سەردەمێکی زۆر دووردا ئاسمان و زەوی زۆر لەیەک نزیکبوون، وەکو ئەمڕۆ لە یەکتری جانەبووبوونەوە (ڕۆنژی-Rongi) کە باوکە-زەوی بووە، لەگەڵ «پاپا-Papa» کە دایکە زەوی بووە. ئەوەندە لەیەکتری نزیکبوون و لە پەیوەندییەکی ئەوەندە بەهێزدابوون، کە هەموو شتێک و شوێنێک تاریک بوو. هەفتا منداڵیان هەبوو، هەموویان نێربوون و لەژێر باڵی دایکە-زەویدا خۆیان گرموڵە کردبوو. ئەم منداڵانە لەم ژیانە زۆر بێزاردەبن، بۆیە یەکێکیان کە ناوی (تانێ-Tanc)یە بڕیاردەدات دایک و باوکی لەیەک جیاکاتەوە. لێرەوە جیهان دروست دەبێت و تانێ ڕۆڵی کردگاری تیادەبینێ. پاشان لەگەڵ براکانی، بۆ نەوەتانەوە، بەدوای توخمی مێینەدا دەگەڕێت، هەڵدەستێ پارچەیەک لە لەشی دایکە-زەوی دەکەنەوە، لە شێوەی ئافرەتێک، بە فووکردنە کونەلووت و گوێ و دەمی گیانی دەهێنێتەبەر.

(٢) بە ڕای من، ئەو دیاردەیە لەوەوە دروست دەبێت کە ئافرەتی کورد دوارۆژ لەبەرچاو دەگرێت، حەز دەکات خێزان دروستبکات و لەگەڵ پیاوێکی کورد ژیان بەسەرببات. جا لەبەرئەوەی دەزانێت کە لە بیری پیاوی کورددا «کچێتی» لە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی ئافرەتدا، مەسەلەیەکی زۆر سەرەکییە، بۆیە هەوڵدەدات کچێتییەکەی بپارێزێت و لە پیاوی ئەورووپی نزیک نابێتەوە، بەلام پیاو ئەو گرفتەیان نیە. ئەمە تەنها بۆچوونێکە، بێگومان بۆچوونی دیکەش هەیە وەک: لاوازی کەسایەتی ئافرەتی کورد لە تەجاوزکردنی نەریت و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی کە دەستکردی بیری پیاون. سەرەڕای ئەمانە، ئافرەتی کورد وەک هەر مرۆڤێکی ڕۆژهەلاتی، بە تایبەتی کورد، کەوتۆتە ناریاری خۆبەراوردکردن بە مرۆڤی ئەورووپی، کە لە ئەنجامدا خۆی کەمتر دەبینێ لەچاو ئەورووپییەک. وا هەست دەکات لە ئاستی ئەواندا نیە و لەگەڵیان کۆنابێتەوە. بێگومان پیاوی کوردیش لەم نەخۆشییە ترسناکە بێبەش نیە. هەر ئەم نەخۆشییەیە وای لێکردووە ئافرەتی کورد بە کەمتر ببینێ لەچاو ئافرەتێکی ئەورووپی، تەنانەت هەندێ جار گاڵتەش بە شێوە و کەسایەتی ئافرەتی کورد دەکات، هەروەکو ئەوەی خۆی

بەشێک لەو کۆمەڵگایە نەبێت کە ئافرەتی کوردی لێ پەروەردەبووە.

(٣) لێرەدا مەبەستمان گەشتکەر و کوردناسی پیاوە، ئەگینا کوردناس و گەشتکەری بێگانەی ئافرەت، بە حوکمی ئەوەی، سەرەڕای نەبوونی گفتوگۆ، توانیویانە لەگەڵ ئافرەتی کورد هەڵسن و دانیشن و لە نزیکەوە سەرنجیان لێبدەن، تا رادەیەکی زۆر لە حەقیقەتی ئافرەتی کورد نزیک دەبنەوە.

* هەریەک لەم چاوپێکەوتنانە بەجیاکراون، بۆیە لە ئاراستەکردنی پرسیارەکان راناوی تاک-مان بەکارهێناوە. لێرەدا هەرسێکیانمان بەسەریەکەوە نووسیوەتەوە تا باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە و لە گۆڤارێک شوێنی بێتەوە.

* لە زۆر شوێن ووشەی «ئافرەت» و «ژن»مان بۆ یەک مەبەست بەکارهێناوە. هەندێ جار «ژن» بە مانای ئافرەتی خاوەن مێرد بەکارهاتووە: «ژن و مێرد».

* هەندێ جار راناوی «من» یا «خۆم» بەکارهاتووە. لێرەدا مەبەستم خودی خۆم نیە، بەڵکو بە مانای «خود»ی ئافرەت، بێلایەن بەکارهاتووە.

سەرچاوەکان:

بە درێژایی نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- BADINTER, Elizabeth, L un est L Autre, Odile Jacob, 1989.

٢- DUNIS, Saint, Sans Tabou ni Totem, Fayard, 1984.

٣- BEAUVOIR, Simone de, Le Deuxieme Sexe, Galimard, 1949.

٤- مەعروف، عبدالخالق. ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بەغدا. ١٩٨٥. عبدالخالق مەعروف، نووسراوی دیکەشی هەیە وەک: ئەنشتینا. ١٩٧٧. تەکنیکار. ١٩٨١. دیوانی «نالی» و کێ راستە؟ ١٩٨٤...هتد. شایانی باسە کە ئەم نووسەرە لە دوای دەرچوونی «ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا»، لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەی لە بەهاری ١٩٨٥ دا شەهیدکرا.



FEMMES DU LOURISTAN.

هونەرمەندی فەرەنسی .هـ. دانژی
ساڵی ١٨٨٧ (ژاڵ هێنری بیندەر
...

ژنی لوڕستان

# ژنی کورد و تابوو-ەکان(١)

موحسین ئەحمەد عومەر

لێرەدا نامانەوێت بە پانی بچینە ناو تیۆرە دەروونی و سۆسیۆلۆژییەکانی جیهانی، کە دیارە لەم کورتە باسە شوێنی نابێتەوە و لێکدانەوە و بەدواگەڕانی زۆری دەوێت. ئەوەی بە لامانەوە گرینگە ئەوەیە کەمێک لە ستاتۆی «قەوارە»ی ژیاری ژنی کورد وردبینەوە، کە لەناو چۆن پێکهاتوویەکی دەروونی کۆمەڵایەتیدا دەژێت؟

کۆمەڵی کوردەواری وەک هەموو کۆمەڵگایەکی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تا رادەیەکی زۆر تەواوی خۆرهەڵات یان (جیهانی سێیەم) کۆمەڵگەیەکی نێرە-Masculin. بە واتایەکی دیکە ژنی کورد لەناو سیستەم و دەستەڵاتێکی سیاسی-ئایینی-قانوونیدا، دەژێت کە بە پێی حەز و بیری پیاو بنیات نراوە. واتە بیر بیری نێرە، دەسەڵات دەسەڵاتی نێرە، سەری دیاریکردنی هەموو حەز و ئارەزوو و چێژەکان لە دەست بیر و روانینی نێرە، بڕیاردان لەسەر ئاستی رۆژانەش هەر لە دەست نێرە، ژن مرۆڤێکە لە کۆمەڵگەی نێردا تەنیا فیزیکە، فیزیکێکی جوان، هەڵبەت ئەم رۆڵەی لە لایەن بیری نائاگایی و دەسەڵاتی نێرەوە پێدراوە.

(رەنگە لە رووی قانوونی دەوڵەتی ئەو وڵاتانە، ژن مافی تا رادەیەک بە پێی خۆی درابێتی، بەڵام ئەم قانوونانە بەگوێرەی تابوو-ەکان* کە دەکاتە: ئایین و سێکس و دەسەڵاتی سیاسی، هەردەم لە حاڵەتی وەستاودان. پەیڕەونەکراون. تابووەکان قەت لێناگەڕێن پەیوەندی نێوان پیاو و ژن والابێت. بۆیە هەردەم ئەم پێکداهەڵپژانە و ناپارسەنگییە دەمێنێ. واتە پێکداهەڵپژانی تابوو و بیری گەلەکی (جماعی) کۆمەڵگە).

کۆمەڵگەی کورد، کۆمەڵگەیەکی داخراوی یەک لایبە، سەرەداوی هەموو دەستەڵاتەکان بە دەست پیارەوەیە. واتە، کۆمەڵگەیەکی کراوەیە تەنیا بۆ رەگەزی پیاو. داخراوە، چونکە ژنی کورد بەشداریکردنی ئۆرگانی نییە. ژن سەرچاوەی خۆشی و ماڵ و ماڵداری پیاوە. بە هیچ شێوەیەک ژن بەشداری ئەو چێژ و خۆشی و ژیارە ناکات کە پیاو سەرداریەتی[٢]. چونکە هەروەکو لەسەرەوە ووتمان دەستەڵاتی سیاسی و ئایینی-ئەخلاقی لە پشت پیاوەو، هەموو ئەدگار و رەفتارێکی پیاو بە راست دەگەڕێنێتەوە.[٣]

ژن بە بوونەوەرێکی دووەم دادەنرێت. ئەگەرچی لە (بیری نائاگایی هەموو پیاوێکدا ژنێک هەیە وەک خەون و چێژ و خۆشی دێتە پێشەوە -بەڵام لە بیری نائاگایی ژنیش دا پیاوێک و مۆتەکەیەکی ترس هەیە و نوێنەری هەموو تابووەکانە) بەڵام لە دەرەوە ژن بۆ پیاو بوونەوەرێکە لە شێوەی ژوور، ئەگەر لە لایەن بیری گەلەکی و دەسەڵاتی پیاوەوە، کە شێوەی ئەقل و قانوونی باوەڕپێکراوی گرتووە، کۆنترۆڵ نەکرێت، رەنگە هەموو کەسێک خۆی تێبخات. بۆیە دەستەلاتی تابووەکان پۆلیسی نێوان ژن و پیاوە . تیۆری فرۆید دەربارەی ژن، بۆ پیاو تەواو واقیعی کۆمەڵگەی داخراوی ئێمە پیشان دەدات: فرۆید سێکسی ژن بە هەموو ئەو شتانە دەچوێنێ کە شتێکی دیکە قووت دەدات. «من دڵنیام لەوەی کە تیۆری فرۆید دژی ژن نییە»، بەڵام ئەو حسێبی

بۆ بیری ئایینی کۆمەڵگە کردووە وەک بیرێکی گەلەکی کە دەسەڵات دەداتە دەست پیاو. لە بیری نائاگایی گەلەکی کۆمەڵگە ژن ستاتویەکی قۆقزی هەیە، ئەمەش زۆر بە جوانی لە ئایینی ئیسلام دیارە بەو مانایەی لە ئیسلام دا ژن بوونەوەرێکی بێ ئەقڵە. ئەقڵ لەلای پیاوە. ڕەمزی قۆقزیش کە پەنجەنوومایە بۆ ژن، لەبەر ئەوەی بێ ئەقڵە دەبێت هەموو شتێکی تیبچێت.، چونکە لەبەر بێ ئەقڵی، یان بێ ئاگایی خۆی کۆنتڕۆڵ پێناکرێت. لەبەر ئەوەی پیاویش ڕەمزێکی شێوە قووچەکی هەیە، خاوەن ئەقڵە، کەواتە دەبێت بە کۆنترۆڵ کردنی ژن هەڵسێت، ئەگینا هەموو قۆقزەکان قوچەکەکان قووت دەدەن. لێرەدا تابووەکان ڕۆڵی خۆیان لەو پەیوەندییەدا بە پلەی یەکەم دەبینن. سنوورێک هەم بۆ پیاو هەم بۆ ژن دادەنێن. بە ڕای فرۆید، بیری ئایینیش وەک یاسایەکی ئەخلاقی، سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەنجامی ئەم ناکۆکیە. جا لەبەر ئەوەی پیاو خاوەن ئەدگاری ئەخلاقی بەرزە (سەیرەکەی لەوەدایە هەموو پێغەمبەرەکانیش پیاوبوون). دەبێ یاسایەک، هاوسەنگییەک دانێت، تاکو ئەو ناکۆکیە بزربێت. بۆیە ئایین وەک چارەسەرێک هاتۆتە پێشەوە، وەک ئایدۆلۆژیەک بۆ ئەو ناکۆکییە. ئەو پێکداهەڵپژانە (conflit) لەو سەریشەوە هەمان ئەو ئایدیۆلۆژیایە بۆتەوە دەمڕاستی نێر. تەنیاش لەو حاڵەتەدا دەبێتە دەمڕاستی ژن کە تەواو سەرشۆڕی ئەو ئامۆژگارییە ئایینیانە بکات (واتە ئامۆژگاری پیاو بە ناڕاستەوخۆ). ئەگینا لە کۆمەڵگە دەردەکرێت، دەتۆرێندرێت. هەر بۆیەشە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەر ژن سەرپێچی پیاو بکات، یان کارێک بکات وەک: سۆزانی یان خیانەت بە مانا ئایینیەکەی، لە کۆمەڵگە دەردەکرێت و ڕووبەڕوش دێتە پێشەوە. وێڕای ئەمەش لە ڕووی قانوونیشەوە تۆڵەی لێدەسێنرێتەوە. چونکە ناوەڕۆکی ئەم قانوونە شارستانیەی (مدنی) ئەمڕۆی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بە تایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە شەریعە و ئەخلاقی ئایینی پشت ئەستوورن. (هەڵبەت دیارە وەک ڕۆژئاوا نیە کە دەسەڵاتی سیاسی و قانونی تا رادەی لە ۹۰٪ لە ئایین ڕووت کراوەتەوە، ئەمە ئەگەر بەراوردیان بکەین بەلای خۆمان).

تابووەکان، وەک بارستەیەکی پڕ و تێکهەڵکێش لە هەموو بوارەکاندا دێنە پێشەوە. پەیوەندییەکی هەتا بڵێی نامۆ و نامرۆڤانە دروست دەکەن، کە هەمیشە خۆی لە شێوەی جەنگێکی شاراوە لە نێوان هەردوو سێکس (ژن-پیاو) دا پیشان دەدات. بەشی هەرە زۆری نەخۆشییە دەروونیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناسروشتیی پەیوەندی پیاو و ژن لە هەموو بوارەکانی فیزیکی و کۆمەڵایەتی دا. دیاردە کۆمەڵایەتییە ناشرینەکان بە هەمان شێوە. ئەقڵی تابوو و ناوەڕۆک و دەسەڵاتی تابوو دەبێتە چەقی ئەو پەیوەندییانە. ئەو بارە ناپارسەنگە دروست دەکات ژن چەوساوە، پیاو چەوسێنەر. بەڵام بەرامبەر بارە گشتییەکان پیاویش چەوساوەیە، بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتی یاسایی و ئایینی و ئەخلاقی بە دەست پیاوە و بۆتە ئایدۆلۆژیایەکی چەواشەکەر بۆ سەر خۆی. پیاو چەوسێنەرێکی چەواشە بووە، ژنی پێ دەچەوسێندرێتەوە.

تابووەکان بە پلەی یەکەم هەڵکەوت و بوونێکی ئایینی، سیاسی-سۆسیۆلۆژیان هەیە، شتێکی زۆر ئاساییە لە کۆمەڵگەیەکی باوکایەتی-پاتریارکی- وەک کۆمەڵگەی کورد لەبەرەوەبن و پیادە بکرێن. سنووری نێوان پیاو و ژن و ستاتووی کۆمەڵایەتیان دیاریکات و لەولاشەوە: ژن ببێتە پاشکۆیەکی بیری نێر.

دەسەڵاتی باوک کە دەکاتە دەسەڵاتی خوا لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە-Ontologie، دواتریش

شێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی دۆگماتی وەرگرتووە کە ئایینە-بە رای فرۆید[٤]. بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ بیری ئایینی یەک دەگرنەوە(٥)، بەڵکو دەتوانین بڵێین تابووەکان فەلسەفە و بیری باوکە کە هەموو قەدەغەکردنەکان: ئایین، سێکس، سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. کەواتە لەو ئاسەنگییەدا ژن هەمیشە تاوانبارەکرێت. بەو پێیەی سێبەری گوناهکردنی لەپاڵە. شوێنی پیاریش هەڵبەت لە بەرامبەر وێنەی تاوانبار وەک حاکم دێتە بەرچاو. ئیمرۆ لە کۆمەڵگەی کورد، ئەو شیزۆفرینا کۆمەڵایەتیە گەلەکیە لە هاوکێشەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بەئاشکرا هەستی پێدەکرێ. لە ژیانی رۆژانەش کە دیارە هەمان بازنەی گرینگی ئەو پەیوەندییەیە، ئەبێ ژن لەناو چوارچێوەیەک بژێنێت کە ماڵە. دیوارەکان بوونەتە فلتەری پیادەکردن و بەراست گەرانەوەی بیری نێر. ئەبێ ژن لەناو چوارچێوەیەک هەڵسوکەوت بکات و هێزی بازووی کەم تیا بەکاربهێنێت. (هەڵبەت لاسەنگییە فیزیکیەکەش وەک بیرێک، هەمان دەسەڵاتی نێری پیادەبوو سەپاندوویەتی، تابێ ژن کاری وەک پیاو بکات، (چونکە کار خۆدۆزینەوەی تیایە و راستیە شاراوەکان سەردەخات). ئەگینا لە رووی فیزیکیەوە دەشێوێ. ئەو کاتەش سەرچاوە خۆشیەکان لەناودەچێ. ئارشیتێکتی فیزیکی ژن تێک دەچێت.

ئیمرۆ لە تەواوی کۆمەڵگە موسڵمانەکان، سەرەرای ئەم ئەندازەگرتنەی پیاو بۆ ژن لە رووی فیزیکیەوە، لە کاتی جووت بوون مەسەلەی ئۆرگازم حسێبی بۆ ناکرێت. لێرەش هەردەم ژن قوربانی دەدات و سکیش دادەنێت و.....رەنگە لای بژارێکی (نخبە) رووناکبیر ئەو ناپارسەنگییە لەم رووەوە نەبێت، بەڵام دیسان ئەستەمە، چونکە تابووەکان و دواکەوتنی کولتووری بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ کەڵەکەیان کردووە و کۆنکرێت داڕێژراون و لەقانیان بۆ نەبووە. ئەو شیزۆفرینایەش سەرەنجامی ئەو پەیوەندییە ناسروشتییەی ئەم دوو هەزار ساڵەیە).

ئەگەر ژن لەو چوارچێوەیە دەرچێت، واتە لە دیوارەکان ئاودیوبێت، بکەوێتە سەرشەقام، ئەبێ خۆی بخاتە ناو چوارچێوەی دیکە و مەرجی دیکە. ئەویش عەبا و پەچە و هەموو ئەو شێوە و هۆیانەن کە بە پێی تابووەکان ژن لە دەرەوە دەپارێزن.

تێڕامانێکی سووک لە باری کۆمەڵایەتی ژنی کورد کە لە ناوەوە و دەرەوە بەم شێوەیە دەبینرێت، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو پەیوەندییە لەسەر کۆڵەگەی باوەڕنەبوون بەخۆ و کۆنفۆزیۆن-پێکداهەڵپژان دروست بووە. باوەڕ بەخۆ نەبوون و شیزۆفرینای سۆسیۆ-کولتووری لە سترەکتۆری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکاندا هەیە. دەستەڵاتی تابووەکان ژنی کوردیان خستۆتە ناو بازنەیەکی داخراو کە بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نییە لێی دەرچێت. تەنیا ئەو پیاوانە دەتوانن لەو بازنانە نزیک بنەوە کە بەپێی یاسای دەوڵەت و ئایین پسوولەی تابوو-بڕینیان پێیە (کە دەکاتە کاغەزی مارەبڕین و کردەی مارەبڕین) خۆ ئەگەر ژن هاتوو لەو بازنە دەرچێت ئەوە کارێکە لە دەرەوەی یاسای دەوڵەتی و ئەخلاق، چونکە ژن مافی ئەوەی نییە ببێتە خاوەن ئەو پسوولەیە، کەواتە دەرچوونەکەی فەزیحە دروست دەکات. (لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگەی ئێمە خوێن رشتنیشی لەدوایە). مەسەلەی ژنی سۆزانیش لەم هاوکێشەیەدا لە یاخیبوونێکی سەرچڵ و نارەسەن زیاتر نییە. ئەوان لە کۆمەڵگە دەرکراون، نەک هەر بە یاسای پیاو بەڵکو بە بیری گەلەکی کۆمەڵگەش. لەگەڵ ئەمەش لە بەرامبەر ستاتوی چەوساوەی ژن لە حاڵەتێکی ناچیزە زیاتر نییە. ئەبێ چارەسەری ئەم بارەش تەواوی ستاتوی ژن بگرێتەوە بە

شاقوولی نەک بە ڕێژەیی. بە هەمان شێوەش دەستەڵاتی پیاو لە شێوە سۆزانیەکی کۆمەڵایەتی ناڕەسەن زیاتر نییە. ئەگەرچی بە لۆژیکی ئەخلاق و تابووەکانیش پشت ئەستوورە. واتە لە هەموو بارێکدا ئەو پەیوەندییە ناتەواوە. پیاووژن هەردووکیان لەناو حاڵەتی نێگەتیڤ دەژین. پیاو چەوساوەیە چونکە دەستەڵاتێکی نێگەتڤی هەیە. ژنیش بۆتە قوربانی ئەو حاڵەتە. بۆ ئەوەی پارسەنگیش دروست بێت، ئەبێ ژن و پیاو واز لە شوێن و ستاتوی کۆمەڵایەتی پایەکانیان بهێنن. ئەمەش کارێکی ئەستەمە ئەگەر تابووەکان نەتەقێنرێنەوە. تەقاندنەوە و شکاندنی ئەمانەش پێویستی بە شێوە قانوون و ژیارێکی تا بڵێی مرۆڤانە و دیموکراسییانە هەیە تاکو پەیوەندییەکان بتوانن تەریب بن. (ئەگەر بەدوای چارەسەر بگەڕێین ڕەنگە بکەوینە ناو یۆتۆپیا!)، چونکە دوو هەزارساڵ کەم نییە. نێگەتیڤەکان کەڵەکەیان کردوە، قەڵایەکی سەختی تابووین لە نائاگایی تاکە کەس و کۆمەڵ دروست بووە. بوتە یاسایەکی دیکەی ژیار و شارستانییەت.. بۆتە دەستوور.[٦]

## پەراوێز:

(١) بە ڕای من ناولێنانی ژن ڕێک و پێک تر و پڕ بە پێست ترە وەک لە ئافرەت. ووشەی ئافرەت، شوێنێکی ڕێژەیی هەیە ئەو مانایە گشتییە نادات بە دەستەوە بەرامبەر پێچەوانەکەی بەکاربێت کە پیاوە، بێجگە لەمەش ڕێژەییەکەی لەوەدایە بۆ بانگ کردن بەکاردێت: لە گەلێک ناوچە لە دێهاتەکانی کوردستان (بەتایبەتی دەشتی هەولێر) کە بانگی ژن دەکەن دەڵێن: کچێ عافرەت. خۆ ئەگەر بە ڕیشەی ئەم ووشەیەدا بچینەوە کوردی بوونەکەی گومانی لێدەکرێت. چۆن؟ لە کوردەواری بۆ دیاریکردنی پایەی ئافرەت و بێهێزی دەڵێن: عەورەیە. بێ هێزە. خۆم گەلێک جار لەناو خەڵک گوێم لێ بووە ووتوویانە: پیاو چۆن لە ژنان دەدەن دەست و پێ سپی و عەورەن. واتە ڕەنگە لە ووشەی (عورە)ی عەرەبییەوە هاتبێ. دیاریشە ڕەگێکی ئاینیی هەیە.، بەلاّم کە هاتۆتە ناو کورد، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ڕەنگە بەم شێوەیە بێ: عورە-عەورەت، عافرەت. ئافرەت. خۆ ئەگەر حسێبێکی فۆنەتیکی و گەرووی کورد بکەین، ڕەنگە ڕوانینەکەمان بەهێزتربێت. لەلای کورد (ا) ئاسانترە لە (و) بۆ دەربڕین ئەگەر لە دوای پیتێکی گەروویی وەک (ع) بێت. واتە عافرەت ئاسانترە لە عەورەت یان عەفرەت. هەڵبەتە ڕەنگە ئەم وشەیەش بەپێی کات، شێوەی ئێستای وەرگرتووە-ئافرەت. کە خۆش لە زار دێت.

* تابوو-شتی حەرام و یاساخکراو.

(٢) هەتا ئێمڕۆش، لە ڕووی فیزیکیشەوە ئەم یەک لایییە لە جووت بوون لە کۆمەڵگەی کورد هەستی پێدەکرێت.

(٣) ئەو ئەفسانە ئاینیەی دەڵێ حەوا (ئێڤە) لە تەرۆکی ئادەم دروست کراوە. تەواو لە خزمەتی دەستەڵاتی بیری نێرە. ئەمەش دیسان ڕاماندەکێشێتەوە بۆ ڕوانینەکەی فرۆید و مەسەلەی باوک-خوا.

(٤) فرۆید دەربارەی دروست بوونی بیری ئاینی-ئەوە هیچ کە دەڵێ ئاین لە شیزۆفرینیایەکی گەلەکی زیاتر نییە-ئەفسانەی قەومی شاری لووت شی دەکاتەوە. هەروەک چۆن لە تێکستە ئاینییەکاندا هاتووە، دەڵێ: ئەو کاتەی شارەکە قڕانی تێکەوت هەڵبەت هۆی قڕان تێکەوتن نازانرێت، بەکاری ئاینیی بووە یان

بە بوومەلەرزە..!!. باوکێک و هەندێ لە کچەکانی رزگاریان دەبێت. لە شار دووردەکەونەوە. کچەکان غەریزەی سێکسی دەیان ووروژێنێ.باوکیان سەرخۆش دەکەن و لەگەڵی جووت دەبن. دوای ئەوە تووشی حاڵەتی هەست کردن بە تاوانباری دێن. بۆ ئەوەی خۆیان لەوبارە رزگاربکەن باوکەکە دەکوژن. دواتر غەریبیان بۆ باوکیان هەڵدەستێ. فرۆید دەڵێ: وێنەی باوک و غەریبی و هەست کردن بە تاوانباری وەک حاڵەتێکی عوسابی گەشەی کردووە، بۆتە ئایین. باوکیش نوێنەری خوایە لەسەر زەوی.

(٥) لە ئێران بۆتە یاسای دەوڵەتی. واتە جیاوازییەک لە نێوان ناوەرۆکی تابووەکان و یاسای شارستانی دەوڵەتی نییە.هەڵبەت،فشارێکی دەروونی،وکۆمەڵایەتی وزۆر نێگەتیڤ وتامرۆڤانەی لەسەر ژنی ئەوێ هەیە.

(٦) ئیمرۆ دەربارەی ستاتوی کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستان، لە هەر پارچەیەک تا رادەیەک جیاوازە. دەوڵەمەندیی کوردستانی عێراق و پێشکەوتنی پیشەسازی و دروست بوونی کادری هونەری بۆ هەردوو سێکس و گەورەبوونی شارەکان و بەرزبوونەوەی باری کولتووری لەم بیست ساڵەی دوایی، ژیانی ژنی کوردی لە چاو پارچەکانی دیکە بەرەو لەبارتر برد، بەلاّم لە لایەکی دیکەشەوە نابێ ئەوە پشت گوێ بخەین کە فشاری سیاسی و هێرشی کلتووری چەواشەکەری رژێم بۆ سەر کورد لە هەموو پارچەکان سەرەرای دوو جەنگی ملهوڕانەی رژێم، کە هەردەم بوونەتە ئاڵۆزقەی سەرمایە و سیاسی لەبەردەم گەشەکردنی سروشتی کۆمەڵگەی کورد. بە زیانی زۆر بۆ سەرباری کۆمەڵایەتی ژنی کورد گەڕاونەتەوە. راستە جەنگ، سایکۆلۆژیەتی خۆی هەیە هەندێ جار وەک هەڵگەڕانەوەیەکی فەلسەفی مانای تابووەکان پووچەڵ دەکاتەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش مانای گشتی کاولکەری خۆی فرێنادات. بارێکی سایکۆلۆژی دیکەی نێگەتیڤ دروست دەکات، وەک ئەنجامێکی ئەو هەموو کارەساتانە ئیمرۆ لە کوردستانی ئێران و عێراق، مەسەلەی داگیرکردنی ژن و منداڵ زۆربووە.

کوردستانی ئێران هێشتاش لە کوردستانی عێراق خراپترە، لەوێ یەکێ لە تابووەکان، کە ئایینە (لەناو ئایینیش مەزهەبی شیعیزم) وەک هەموو بیرێکی دۆگماتی و پەرگەگر-extraimc، نەک هەر لە هەموو روویێکی شارستانی و قانوونی دژی ژنە، بەڵکو دژی تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە. لەو بوارانەی کە یارمەتی ژنی کورد دەدەن لە کوردستانی ئێران، وەک: خوێندن و پیشەسازی و کار و بەرهەمهێنان، لەسەردەمی شەستەکانی کوردستانی عێراق دەژین. ژنی کوردستانی تورکیاش، لە بارێکی کۆلۆنیزمی تەواو دەژین. کۆمەڵگەی کورد لەوێ تەواو کۆلۆنییەکی سیاسی رژێمی تورکە. لەولاشەوە ژنی کورد کۆلۆنییەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی پیاوی کوردە. چونکە لە گەلێک رووەوە باری سایکۆلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنی کورد بەراوردناکرێت بە ژنی تورک. دەتوانین بڵێین ژنی تورک، تەواوی کۆمەڵگەی تورک بە چاوێکی Superiewie- واتە خۆ بەبالاتر و پێشکەوتووتر دادەنێت کە ژنی کورد لە لای ئەوان لە ناو هاوکێشەیەکی Inferiewie-واتە کەم زان و دواکەوتوو دەژێت. هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستییەی کۆمەڵگەی تورک پیادەی دەکات دژی کورد و داگیرکردنی کوردستان.

# کێشەی ئافرەت
# یان کێشەی نێوان هەق و ناهەق؟

ڕێواس ئەحمەد

-١-

مەسەلەی ئافرەت گەرچی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەپێی پەرەگرتنی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی باش چارەسەرکراوە و، ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی لە نایەکسانی زەق دەربازیان بووە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆسپ و گرفتی جدیان لە بەردەمدا نەماوەتەوە، کەچی لەوێش لە هەندێ ڕووەوە گیروگرفتی ئافرەت بنەبڕ نەکراوە و، بەردەوامیش لەگەڵ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایانەدا کێشەی تازە لەبەردەم ئافرەتاندا سەرهەڵدەدات، بەڵام لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بە شێوەیەکی گشتی کێشەی ئافرەت بە تاریکستانیدا دەڕوا و لە هەندێ شوێنیشدا هێشتا ئافرەت بە دەست یاسای سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەناڵێنێ.

بەم پێیە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی هەمەلایەن و جیهانییەوە تەماشای ئەم کێشەیە بکرێ، ئەوا یەکێکە لە مەسەلە هەرە ئاڵۆزەکانی سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی.

یەکێک لە لایەنە نائینسانییەکانی چەوساندنەوەی ئافرەت، نەبوونی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاوە، لە ماف و ئەرکدا، لە بیرکردنەوە و بڕیارداندا، لە هەڵبژاردنی ژیانی ئایندەی شەخسی و خێزانداریی، لە شووکردن و تەڵاق و میرات لە دایکایەتی و منداڵپەروەردەکردندا...... هتد. ئەم نایەکسانییەش لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە مرۆڤایەتی لە سیستەمی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە گواسترایەوە بۆ سیستەمی چینایەتی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کۆیلەکردنی ڕەگەزی ژن لەلایەن ڕەگەزی پیاوەوە. ئەم کۆیلەکردن و نایەکسانییەش بە یەکەم شێوەی نایەکسانی دادەنرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەر بۆیە ڕەگ و ریشەی بە قووڵی لە هۆشمەندی کۆمەڵایەتیدا داکوتاوە.(١)

-٢-

لەم سەردەمەی ئێستاماندا گەلێک بوار لە بەردەم ئافرەتاندا ئاواڵە بووە، تا بتوانێ بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ودابینکردنی پێداویستییەکانی ژیاندا بکات و، سەرەتای ڕێگای ڕزگاربوون لە بندەستی و کۆیلایەتی دەست پێبکات، لەوانە دەرچوون لە چوارچێوەی ماڵ، کە لە زۆر ڕووەوە گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی بەسەر ژیانی ئافرەتدا هێناوە، تێکەڵبوونی بە دەوروبەرێکی فراوانتر و هەمەجۆرتر، کارکردن لەگەڵ تازەترین بەرهەمی زانست و ئامێری نوێ، ئەمەش ئافرەت زیاتر تێکەڵی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا و، ڕادەی هۆشمەندی سیاسی- کۆمەڵایەتی قووڵتر دەکاتەوە.

شوێنی خۆگرتنەوەی ئافرەت لە مەیدانی کاردا کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئافرەت دەچەسپێنێ و ئەو راو بۆچوونانەی کە نایەکسانی نێوان پیاو و ژنیان بە دیاردەیەکی بایۆلۆژی دادەنا، نەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، پووچ دەکاتەوە، لە هەر چ کۆمەڵگایەکدا چەند ئافرەت بە زۆری و فراوانی

تێکەڵ بە کار و بەرهەمی کۆمەڵایەتی ببێ و بە لق و بەشەکانیدا بڵاوببێتەوە، بە هەمان ئەندازە وەرچەرخانی گرنگ لە کێشەی سەربەستی ئافرەتدا روودەدات، ئەم دەرگا ئاواڵەکردنە لەبەردەم ئافرەتدا بۆ تێکەڵبوونی بە مەیدانی کار و بەرهەم پێویستە لە دید و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانەوە بێ و پرۆسەیەکی تیژ و تەسەڵ و پشت ئەستوور بە یاسا و دەستوور بێت، نەک راپێچدانی بە تۆبزی ئافرەت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە بواری بەرهەمهێناندا بە هۆی راپێچدانی پیاوان بۆ بەرەی شەڕ و عەسکەرتاریەتی دەوڵەت دروست دەبێ. «بۆ نموونە وەک عێراق لە ساڵانی شەڕەکەیدا دژی ئێران». ئەگەرچی ئەم پرۆسەیەش لە لایەنی باش خاڵی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکی ئیفلیجە و لە دید و بۆچوونی کۆنەپەرستانەی فراوانخوازییەوەیە، نەک لە بڕواهێنان بە دەوری ئافرەت و بەشداربوونی لە پرۆسەی کار و بەرهەمدا.

کێشەی ئافرەتی کورد سەرەڕای سەربەخۆییەکەی بۆتە بەشێکیش لە کێشەی گەل و نیشتمانە داگیرکراوەکەی، ئەمەش گەلێ کۆسپی لەبەردەم گەشەسەندنی ئاسایی ئافرەتی کورددا قوتکردۆتەوە. بۆ نموونە یەکێ لەو هۆکارە گرنگانەی کە هەلومەرجی لەبار بۆ پێشکەوتنی رادەی هۆشمەندی و رۆشنبیری و ئامادەکردنی ئافرەت بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی رزگاری خۆی و گەلەکەیدا دەخوڵقێنێ، بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییە لە ریزی ئافرەتاندا کەچی لە ئەنجامی داگیرکردنی کوردستان و شەڕ و سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەردەوام دژی گەلەکەمان ئەم پرۆسەیە زۆر بە سستی رۆیشتووە. یەکەمین قوتابخانەی کچان لە ساڵی ١٩٢٦دا لە شاری سلێمانیدا کراوەتەوە، یەکەمین دەستەی ئەو مامۆستا و قوتابیانەی دەستیان بە خوێندن و دەرسگوتنەوە کرد تووشی گەلێ کۆسپ و ناو ناتۆرەبوون. پاش ٢٦ ساڵ لە کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە، لە ساڵی ١٩٥٢دا (هەموو پارێزگای هەولێردا تەنیا ٧٥٩ و، لە هەموو پارێزگای سلێمانیدا تەنیا ١١٣٢ کچ دەچوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ئەوانەی هەولێر بە سەریەکەوە ٣٩ و ئەوانەی سلێمانیش ٤٩ مامۆستای ئافرەت دەرسیان پێگوتوونەتەوە، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کچانەی کە دەکرا بخرێنە بەرخوێندن لە هەولێردا نزیکەی (١.٧٩٤.) و لە سلێمانیدا (١.١٨٨٦) کچ بوون).[٢]

لە ساڵی (١٩٧١-١٩٧٢)شدا لە پارێزگای هەولێر لە سەرجەمی ژمارەی قوتابییاندا کە (٣٨و٧٦٤) بوون تەنیا (٨٢٨٧)یان کچ بوون، لە سلێمانیشدا لە سەرجەمی (٤٢.٣١) قوتابی (٩٣١٢) کچ بوون.[٣]

-٣-

لە ئەنجامی دابەشکردنی کار لە نێوان هەردوو رەگەزدا، پیاو بەڕێوەبردنی مۆڵکایەتی و کار و دەوڵەتی پێسپێرا و پەروەردەکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵ کەوتنە ئەستۆی ئافرەت «لێستانەوەی مافی دایکایەتی شکستێکی مێژوویی جیهانی رەگەزی ئافرەت بوو، لە کاتێکدا مێرد لە ماڵیشدا جڵەوی حوکمرانی گرتەدەست، ژن لە هەلومەرجی سەرپەرشتی کردنیش بێ بەریکراو، بوو بە کۆیلە و خزمەتکاری ئارەزووەکانی پیاو و، ئامرازێکی سادەی منداڵهێنان و نەختە نەختەش بە چەشنێکی ساختە ئەم بارودۆخ و سوکایەتی پێکردنە رازێنرایەوە و تا رووخسارێکی زیاتر نەرم و نیانی گرتە خۆ، بەڵام هەرگیز لە ناونەچوو».[٤]

تا لەو کاتەوە ئافرەت بووە دیلی ماڵ و پەرەسەندنی توانا و بیر و هۆشمەندی لەپێناو خزمەتکردن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا خرایە چوارچێوە و بووە مرۆڤی پلە دوو، بە چاوێکی نزم و وەک

کەسێکی نەزان مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، لەو سەردەمەوە تائێستا ئەو بیروبۆچوونە نامرۆڤانەیە بەرامبەر بە ئافرەت لە هۆشمەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا ڕەگی داکوتاوە و بووەتە قەناعەتێک لای هەموان.

لە چوارچێوەگرتنی ئافرەت بۆ چێشتلێنان و جلشتن و منداڵپەروەردەکردن هێز و توانای ئافرەت دەگوشێ و راوبۆچوون و هۆشی لەناو چوارچێوەی تەسکدا بەند دەکرد و بواری گەشەکردن و دەرچوون لەو قاوغەی پێ نەدا. ئیش و کاری ناوماڵ باری ئافرەت قورس دەکا و دەیتاسێنێ و گیانی ملکەچی لا درووست دەکا ولە چێشتخانە و ژووری منداڵاندا دەیبەستێتەوە و، بەمجۆرە کۆشش و توانای ئافرەت لە کارێکی نا بەرهەمداردا تەواو دەبێ.(٥)

ئەنتۆنیۆ ئیڤانۆی رۆناکبیری ئیتالیایی سەردەمی رێنیسانس لە ناوەندی سەدەی پازەدا، واتە پتر لە (٥..) ساڵ لەمەوبەر دەربارەی ئافرەت نووسیویە دەڵێت: «راست نیە ئافرەت وەک دابەستە بیبەسترێتەوە، لە ژیان دوور بخرێتەوە تا وای لێدێت وەک ئەوانەی ساڵەهای ساڵە لە بەندیخانەدا دەمێننەوە بە هەموو شتێک سەرسام بێت».(٦)

مەیدانی کار و دەرچوونی ژن لە ماڵ، لەگەڵ گرنگی و بایەخە کۆمەڵایەتیەکەیدا، ئافرەتی رووبەڕووی سەختی و ئالۆزیەکی تر کردەوە، کە دەبێ وەخت و توانای لە نێوان کاروباری دەرەوە و ناوماڵ تەرخان بکات. جا ئەگەر وەختی بۆ پەروەدەکردنی منداڵ و کاروباری ناوماڵ تەرخان بکات زۆر بە زەحمەت دەتوانێ لە بواری کاردا وەپێش بکەوێ لە ریزی هاوڵە پیاوەکانیدا بێت، یان بە پێچەوانەوە. ئەمە جگە لە نەبوونی هیچ یاریدەدەرێک بۆ ئافرەت چ لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵەوە چ لەلایەن خێزانەوە کە بتوانێ هاوسەنگییەک ئەنجام بێنێ. ئافرەت کە لە کار دەگەڕێتەوە کاروباری ناوماڵ و بایەخدان بە منداڵ هەموو بیری خەریک دەکات و شەکەتی دەکات، تەنانەت، وەک هاوسەرێک وەختی ئەوەی نامێنێ لەگەڵ مێردەکەیدا بتوانێ ژیانی ئاسایی خێزانێتی و ئالووگۆڕی خۆشەویستی ببەنەسەر، ئەمەش لە جیاتی ئەوەی سەرنجی مێردەکە بۆ یارمەتیدانی هاوسەرەکەی و سوککردنەوەی ئەرکەکانی ناوماڵی راکێشی، دەبێتە هۆی ساردی و ناخۆشی و لە ئەنجامدا یەکێتی خێزان تێکدەدا. مێرد یان دەبێ هۆشمەندبێ و بڕوای بەسەربەستی و مافی ئافرەت هەبێ، تابیێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی هاوسەرە کارمەند یان کرێکار، یان هونەرمەندەکەی بتوانێ لە هەردوو ئەرکەکەیدا سەرکەوێ و کەسایەتی و رۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی هەم لەناو خێزان و هەم لەناو کۆمەڵدا بنوێنێ. یان دەبێ کەللەڕەق بێ و مافی ئافرەت وەک هاوسەر و مرۆڤ ڕەتکاتەوە و بۆ ئەوەی (بە ژنانی)یش ناو دەرنەکات، بچێتەوە ناو کەوڵی یەکێک لە باپیرە گەورەکانی و هاوسەرەکەی بۆ کاروباری ناوماڵ و گوزەرانی ژاتی خۆی کۆیلە بکات.

-٤-

چەندان سەدەیە ئافرەت و پیاو بەو ڕاوبۆچوونە پاشکەوتووانە گۆشکراون کە مافی مرۆڤایەتی ئافرەتیان پێشێلکردووە و ئەمەش (کەلەپوورێکی) چەپەڵ و داب و نەریتێکی ڕەگ ئەستووری لەناو کۆمەڵدا بڵاوکردۆتەوە.

هەر لە سەرەتاوە لە خێزاندا کچ هەست بە جیاوازی نێوان خۆی و براکەی و دایک و باوکی دەکات، هەرواش پەروەردە دەکرێ کە ئەم جیاوازییە پەیوەندی بە جیاوازی بایۆلۆژی هەردوو ڕەگەزکەوە هەیە.

تەنانەت لەو ڕووانەشەوە کە پەیوەندی بە کەسایەتی و هەست و ژیانی ئافرەتەوە هەیە، باوک و

برا و لە هەندێ حاڵەتیشدا بنەماڵە و عەشیرەت بڕیار دەدەن. ئافرەتەکە دەبێ لەبەر ڕۆشنایی هەست و هەڵوێستی باوک و برا هەستی دیاریبکات و هەمیشە وەک سەربازێک ملکەچی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەوان بێ بە کێ شوو بکات و کەی، هەر ئەوانیش بڕیار دەدەن ئەگەر پێویست بکات، کەی لە مێردەکەی جیابێتەوە، کە شووش دەکات ئیتر دەبێتە موڵکی مێردەکەی.

هەر لە کۆنەوە مەیلی ڕەتکردنەوەی ئەم کۆیلایەتییە لای ئافرەتی کورد هەبووە، ڕەنگە خۆسووتاندن و خۆکوشتن و تەنانەت ڕەدووکەوتنیش لوتکەی ئەم مەیلەبوویێ بۆ دیاریکردنی چارەنووس.

-٥-

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کاتێک مەسەلەی خوێندن و کار و ڕزگاری ئافرەت دێتە پێشەوە، ئافرەت دووچاری ململانێیەکی ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە، هەندێ ڕووی ئەم ململانێیە پرۆسەیەکی بەردەوامە و بە قۆناخی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی تەواوی کۆمەڵەوە بەستراوە.

ئەو ململانێیەی لە دەروونی خودی ئافرەتەوە سەرهەڵدەدا و بەستراوە بە هاوسەنگی نێوان ئەرکی کار و ماڵداریتی و هەوڵدانی یەکلایەنە بۆ دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە ئافرەت پەکدەخات. بە داخەوە لە کۆمەڵی ئێمەدا هیچ لایەنێک نییە لەم ڕووەوە یارمەتیدەری ئافرەت بێت، تەنانەت مێردیش کە دەبێ ڕۆڵی سەرەکی ببینێ وەک نزیکترین کەس لە ژنەکەیەوە، نەک تەنیا ڕۆڵی یاریدەر نابینێ بەڵکو هەندێ جار ئەم ململانێیە ئاڵۆزتر دەکات و کۆسپی سەرباری دەخاتەسەر.

زۆربەی ئەو پیاوانەش کە هەڵگری بیروڕای شۆڕشگێری و پێشکەوتنخوازن ناتوانن ڕەگ و ڕیشەی ئەو بۆچوونانە لە دەروونیان هەڵکێشن کە خزمەتی سەروەربوون و چەسپاندنی دەسەڵاتی پیاو دەکات، دەبێ پیاو لەوە بگات کە چەسپاندنی ڕۆڵی ئافرەت لە خێزاندا پلەیەکی بەرزتر لە ئاسوودەیی و خۆشەویستی بۆ خێزان و کۆمەڵ دابین دەکات. پیاو دەبێ لە سەروەریی ناکۆڕەوانە و زاڵمانەی خۆی کە لە کۆیلەکردنی ئافرەتەوە بە میرات بۆی بەجێماوە دەست هەڵگرێ و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەوڵبدات سەروەرییەکی دوو قۆڵی و هاوبەش و یەکسان بخوڵقێنن. هەروا ئەم کێشەیە پێویستە وا سەیر نەکرێ کە ململانێی نێوان دوو جەمسەری سارد و گەرم بێ (پیاو و ژن) بەڵکو لە چوارچێوەی مێژوویی و دروستی خۆیدا دابنرێ کە ململانێیی نێوان هەق و ناهەق، مرۆڤایەتی و دڕندایەتییە. ململانێی دەرەکیش لە نێوان ئافرەت و لایەنە چەپەڵە کەڵەبووەکانی داب و نەریتی کۆمەڵە، هەر لەو کاتەی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی ئافرەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو بە ڕوویەکی ناڕەوای کۆمەڵگای چەوسێنەرانە دابنێ، کە لە قۆناخێکی دیاریکراودا سەریهەڵداوە و دەبێت کۆتایی پێ بێت، ئەوا مەسەلەی خەبات لە پێناو ئەم یەکسانییە لەلای ئافرەت لە دایک دەبێ و هەوڵدەدات بەشدار بێت لە خەباتی سیاسی و دیموکراتیدا و کار و کۆشش لە پێناو سەلماندنی توانا و بەهرەی خۆیدا لە هاوشانی پیاو لە بوارە جیاجیاکاندا بکات.

سەرکەوتنی ئافرەتیش لەم بوارەدا بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاوبۆچوونی دەوروبەر و، سووربوون لەسەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی و ڕادەی ڕۆشنبیری و هۆشمەندی، تێگەیشتنی زانستیانەی سەربەستی ئافرەت و ڕێزگرتن لە هەندێ داب و نەریت کە پەیوەندی بە باری کولتووری و ئەخلاقی و ڕادەی گەشەسەندنی هۆش و بیری کۆمەڵەوە هەیە. گرنگیشە ئافرەت توندڕەو و سەرچڵ نەبێت چونکە تاقیکردنەوەی توندڕەوانە و یاخیبوونی تاقەکەس ئەو دیاردانە لە کۆمەڵدا ناگۆڕێ کە چەندان سەدەیە ڕەگی قووڵی لە هۆشمەندی خەڵکدا داکوتاوە.

زۆرجار دەیان ئافرەتی بە توانا و سەلیقەدار و بە بەهرە لە بواری کار و زانست و هونەر و رۆشنبیری دەردەکەون کەچی بە داخەوە زۆربان پێش ئەوەی وەک گوڵ دەمبکەنەوە، لە قۆناخی خونچەییدا سیس دەبن، ئەمەش ئەنجامی شکستی ئافرەتە لەو ململانێیەدا.

-٦-

لە کۆمەڵگا بندەستەکاندا، رزگاری ئافرەت و جۆشدانی خەبات لە پێناو سەربەستیاندا، تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بە کێشەی رزگاریخوازیی نیشتمانی دەبێ.

ئەگەر کوردستانی بندەستی عێراق بە نموونە بگرین، دەبینین ئافرەتان لەگەڵ ئەو دوای رۆڵەکانی گەلەکەیاندا دووچاری شەڕی قڕکردن بوونەتەوە. لە هێرشە بەدناوەکاندا ئەنفالکراون و لە بۆمبارانی کیمیاییدا لەگەڵ کۆرپەکانیاندا وشکبوونەتەوە، لە شالاوی راگواستنەوەدا پەراگەندە و سەرگەردان بوون. ئەمەش کارێکی وایکردووە کە بواری ئاسایی لەبەردەم ئافرەتی کوردستاندا نەمێنێتەوە، راستەوخۆ خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و مافەکانی خۆی بکات. ئاکام بزووتنەوەی ئافرەتانیش شانی داوەتە بەر ئەرکە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکەی.

ئافرەتی کورد رۆڵی بەرچاو و هەندێک جار یەکلاکەرەوەیان لە خەباتی رزگاریخوازیدا نواندووە و راپەرینەکانی بەهاری ١٩٨٢ و ١٩٨٤ و ١٩٨٦ی ناو شارەکان راستی ئەم بە ئەنجام گەیشتنە دەسەلمێنن. راپەرینی رزگاریخوازیی ساڵی ١٩٩١یش راشکاوتر ئەم رۆڵە گرنگەی ئافرەتانی دووپاتکردەوە.

ئافرەتانی کورد سەرەڕای خەبات و دەوری سیاسیان بە هۆی ئەو کەسرکارانەیان کە لە ریزی پێشمەرگایەتی یان بزووتنەوەکەدا بوون، بەردەوام دووچاری بە بارمتە گرتن و زیندانی و دەستبەسەرکردن بوونەتەوە و، لە گەلێک رووشەوە ئەرکی بەرێوەبردنی خێزانیان وەئەستۆ کەوتووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە ئافرەتان لە شاخ و لە شار لە ریزی بزووتنەوەکەدا کاریان کردووە. کەچی لەگەڵ ئەم رۆڵە پڕ دیمەنەی ئافرەتان لە خەباتی رزگاریخوازیی نیشتمانیدا، تاکو ئێستا بزاڤی رزگاریخوازیی خوارووی کوردستان و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان وەک پێویست بایەخ بە بزووتنەوەی ئافرەتان و کێشەی سەربەستی ئافرەت نادەن. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لە کەموکوڕییە زەقەکانی بزوتنەوەی گەلەکەمان و لە بیر و عەقلیەتی دەرەبەگانەش دابڕاو نەبێ، کەتا ئێستاش کەم یان زۆر لەناو جووڵانەوەی سیاسی کوردستاندا خاوەن دەسەڵاتە.

سەرچاوەکان


١- بڕوانە رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم ژمارە ١٨ لاپەرە ١٦٥.

٢- ئافرەت لە مێژوودا. د. کەماڵ مەزهەر ئەحمەد. لاپەرە ٧٧.

٣- المجموعە الاحصائیە السنویە. لاپەرە ٢٥.

٤- أصل العائلە والملکیە الخاصە والدولە. انجلس. لاپەرە ٧١.

٥- لینین والمرأە. تعریب زینب نبوە. لاپەرە ٩٩.

٦- ئافرەت لە مێژوودا. د. کەماڵ مەزهەر ئەحمەد. لاپەرە ٦٢.

# ئافرەت لە مەیدانی شەڕ و سیاسەتدا
# (ئەزموونی کوردستان)

نووسینی: سەحەری قارەمان
وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی

**ئا: پێشەکی**

لە زۆربەی کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا کاتی دابەشکردنی کار لە نێوان ئافرەت و پیاو، بواری «سیاسەت و شەڕ» بە بەشی قەڵەمڕەوی ڕەهای پیاوان دەژمێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی کورد بە ڕواڵەت لەچاو خوشکە تورک و فارس و عەرەبە هاوسێیەکانیدا ئازادییەکی زیاتری هەیە، بەڵام هێشتاکو لە بواری ناوبراوەوە دوورمارەتەوە. سەرباقی ئەوەش ژنی کورد لە مەیدانی کەف و کوڵی سیاسەتیشدا توانیویتی تەقلیدیەت جێ بهێڵێ و بچێتە مەیدانی خەباتی سیاسی‌یەوە.

ئەم ووتارە لە کاریگەری خەباتی نەتەوەیی کورد (لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٦ بۆ ١٩٨٥) لەسەر بەشداریکرنی ئافرەتان لە بواری سیاسەت و شەڕدا دەکۆڵێتەوە. وتارەکە لە چوار بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم، تایبەت بە کۆمەڵگەی کورد* بەشی دوهەم، بریتییە لە پێشەکی یەکی گشتی لە بارەی شوێنی ئافرەتان لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بەشی سێهەم، بەرەوسەندنی بەشداریکردنی ئافرەتی کورد لە سیاسەت و شەڕدا کاتی بزووتنەوە سەربەخۆیی‌یەکەی شێخ مەحمود (١٩١٨-١٩٢٤)، کۆماری کوردستانی ئێران (١٩٤٦)، شەڕی سەربەخۆیی (١٩٦١-١٩٧٥) لە عێراق، و پاشانیش جەنگی خودموختاری کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ١٩٧٩ وە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش (ساڵی ١٩٨٥) بەردەوامە، دەکاتە تەوەرەی باسەکە. ئەنجامەکانی ئەم باسە لە کۆتاییدا لێیان دەکۆڵرێتەوە.

**١-دراوەکان:**

تا ئێستا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی فراوان لەسەر ئافرەتی کورد ئەنجام نەدراوە. ئەمەش زۆرتر لەبەر ئەوەی دەوڵەتە فەرمانڕەواکان بەسەر کوردستاندا، واتە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا هیچ کاتێک بواری لێکۆڵینەوەی نێوخۆییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری بە کەسانی خۆ و بێگانە نەداوە. تەنیا مۆنۆگرافییەک لەم بارەیەوە لەبەر دەستا بێت کتێبەکەی (هێنی هاراڵدهەنسن)ی دانیمارکییە لە ژێر ناوی (ژیانی ئافرەتانی کورد) ١٩٦١ و بیرەوەرییەکانیتی لەمەڕ لێکۆڵینەوەکانی لەناو ئافرەتانی کورددا. ئەنترۆپۆلۆژەکانی دی چەند وتارێکیان لەبارەی شووکردن و پێوەندی خزمایەتیەوە نووسیوە و هیچی دی. هەروەها لەم ساڵانەی دوایشدا لێکۆڵەرەوە کوردەکان زیاتر بایەخیان بەم بابەتە داوە و چەند بەرهەمێکی توێژینەوەیی بە شێوەی کتێب و

* لەبەر درێژی لێکۆڵینەوەکە، ئەم بەشەمان بڵاونەکردەوە. لەڕاستیشدا بۆ خوێنەری کورد دووبارەکردنەوەیە.

وتار هاتونەتە چاپکردن.

زانیاریەکانی ئەم وتارە بەپێی سەرچاوە کوردیەکان و بینین و ئەزمونە شەخسیەکانی نووسەر لە کوردستانی ئێراندا هاتوونەتە بەرهەم. مەبەست لە سەرچاوەی کوردی زیاتر ئەو بڵاوکراوانەن کە ناوبەناو بڵاوبوونەتەوە. لەوانیش چل ژمارەی ئەو رۆژنامە نایابەی لە سەردەمی کورتی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا بڵاوبۆتەوە. هەروەها گفتوگۆکردنم لەگەڵ کوردەکاندا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دوایبدا بۆتە سەرچاوەیەکی بەسود. سەرچاوەیەکی دی ئەم باسە، سەفەرنامە جۆربەجۆرەکان و رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی رێکخراوە سیاسیەکانی ئێران دەگرێتەوە.

سەرچاوە پلە دووەکانیش ئەو بابەتانەن لەبارەی کوردستان و خۆرهەلاتی ناوەراستەوە لەبەردەستدان.

## ب: پلەی ئافرەتان لە کۆمەڵدا

لە ماوەی دووسەدەی رابووردودا شارەزایانی بێگانەی کۆمەڵی کوردەواری لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە ئافرەتانی کورد لەچاو ئافرەتانی فارس و عەرەب و تورکدا ئازادترن. (بۆ نمونە تەماشای ئەدمونز ١٩٥٨، لاپەرە ١٥٠-١٥١ و هێنی هاراڵد هانسن ١٩٦٠ و جویدە Jwaideh ١٩٦٠ لاپەرە ١٠٩ بکە). ئەم قسەیە چوار پشتیوانی هەیە:

ئا: ئافرەتانی کورد بە پێچەوانەی دراوسێکانیانەوە بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا بەبێ (پەچەن) یاخود کەمتر پەچە دەگرنەوە.

بێ: ئافرەتانی کورد کەمتر گۆشەنشینن و ئازادانە لەگەڵ پیاودا تێکەڵ دەبن، لە هەڵپەرکێی تێکەلاو (رەشبەڵەکدا) بەشداری دەکەن و هتد...

جیٚ: چەندین ئافرەت بە پلە و پایەی دیار وەک سەرۆکایەتی گەیشتوون، یاخود لەناو گەلدا خۆشەویستی خەڵک بوون.

دال: کوردەکان هەردەم داخوازی دەرس خوێندنی کچان و دامەزراوی فێرکردنی تێکەڵاویان کردووە، بەلاّم وێڕای ئەمانەیش هەر وەکو چۆن لێکۆڵینەوەی وردتر پیشانی ئەدات، کۆمەڵگای کورد لە رووی سیاسەتی جویکردنەوەی ئافرەت و پیاو، وەکو سەرجەمی کۆمەڵگاکانی دیکەی خۆرهەلاتی ناوەراست رەفتاری کردووە. بە دەربڕینێکی دی شوێنی ئافرەتانی کورد، وەکو ئافرەتانی عارەب و تورک و فارس لەسەر نەبوونی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو بەڵگە دەدات بەدەستەوە.

### (١) دابەش بوونی کار لە نێوان ژن و پیاودا

*لە ناوچەی گوندنشینەکاندا:*

شێوەی دابەش‌بوونی کار لە گوندەکاندا ئاشکراو روونە: کارەکانی ماڵەوە (خواردن دروستکردن، نانکردن، مەڕ و بزن و مانگادۆشین، مەشکەژەندن و بابەتی شیرەمەنی، جلشتن، پاک و خاوێنی، دار و چیلکە هێنان بۆ سوتاندن، ئاوهێنان، تەشی رستن و تەونگەری (بەتایبەتی بەڕە و قاڵی) لەگەڵ منداڵ بەخێوکردندا، ئەمانە لە ئەرکەکانی ئافرەتن. بەشێکی ئەم کارانە لە دەرەوەی ماڵ، ئەنجام دەدرێن. وێڕای ئەوانەیش لە وەرزەکانی بەهار، هاوین و سەرەتای پاییزیشدا بەتایبەتی، هێزی کاری ئافرەتان بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ پێویستە. لە کاتی پێویستدا ئافرەتان کاروباری

داچاندن، دروێنە خەرمان کوتان، گێرەکردن و سەرجەمی ئەو کارانەی تایبەتن بە پیاو دێنە پێشەوە، بەڵام بە دەگمەن ڕێدەکەوێ پیاوێک دەست بداتە کاری ئافرەتانە. بەم شێوەیە سەر گەرم بوونی ئافرەتان لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سوتەمەنی کۆکردنەوە و بوارەکانی دیکەدا، ڕێگە بە جیاوازی ئافرەت و پیاو نادا.

لەناو خێزاندا، ماف و دەستەڵاتداری بە شێوەیەکی نایەکسان دابەشکراون. پیاو دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئافرەتدا هەیە. تەنانەت برا چکۆلەش بە شێوەیەکی ئاسان دەسەلاتی بەسەر خوشکی گەورەدا دەسەپێنێ. شووکردن لەلایەن باوکەوە، یاخود لە کاتی ئامادەنەبوونیدا لەلایەن باوەگەورە و براکانەوە بەسەر ئافرەتدا دەسەپێندرێت. ئافرەتان لە سەداسەد گوێ ڕایەڵ و پاشکۆی مێردەکانیانن (بارت Barth ١٩٥٣ لاپەڕە ٢٩-٣٠) هەر پیاوێک بەگوتنی (هەرسێ تەلاقم کەوێ) دەتوانێت هاوسەرەکەی خۆی تەلاق بدات. لەسەرجەمی بڕیاردانەکانی نێومالدا (وەکو جل و بەرگ و قاپ و قاچاخ کڕین و لەو بابەتە) یاخود سەردانی خزمان لە گوندێکی نزیک، ڕەزامەندی و مۆڵەتی پیاو پێویستە. بە شێوەیەکی گشتی ئافرەت هیچ جۆرە دەستەڵاتێکی بەسەر بەڕوبومی خێزاندا نییە. هەروەکو لە کۆمەڵگاکانی دراوسێشدا باوە، چاوەڕێی ئەوەش لە ئافرەتی کورد دەکرێت زگان بکات و منداڵی نێرینەی ببێ. منداڵی کچ شوێنی ڕەزامەندی نییە و بە شێوەیەکی ئاسایی دووەم یان سێیەم منداڵی کچ ناو دەنێن (بەسێ=بەس بێ). چارەنووسی ئەو ئافرەتانەی تەنیا کچیان دەبێ لەوانەیە بە تەلاق کۆتایی بێت، یاخود ناچار بێت لەگەڵ (هەوێ)دا بسازێت.

لە گوندەکاندا شوێنی گشتی کەمە. مزگەوتی دێ، گرنگترین شوێنی کۆبوونەوەیە کە تەنیا پیاوەکان بۆ (نوێژی جەماعەت) و گفتوگۆ و سەودا و مامەڵەکردن ڕووی تێدەکەن.(×) ئافرەتان لە زۆربەی گوندەکان و شارەکاندا مافی چوونە مزگەوتیان نییە. ئاغای دێ دیواخانێکی هەیە کە دەرگای بۆ میوانی پیاو ئاواڵەیە و لەوێ خەریکی سەودا و مامەڵەیە، یان میوانداریتی دەکات.

لەم ساڵانەی دواییدا دەوڵەت قوتابخانەی دامەزراندووە، کە لە ژوورێک یان دوو ژوور پێکهاتوون. ئەم شوێنانە لەگەڵ هەبوونی دوکانیشدا دیسانەوە شوێنی گردبوونەوەی پیاوانن. هەڵبەتە ئافرەتانیش ئازادن بچن بۆ دوکان. بۆیە تەنیا شوێنی گشتی کۆبوونەوەی ئافرەتان کانی دێ، یاخود شوێنێکی چەمی ئاواییە کە ئافرەتان ئاوی لێوە دەهێنن.

لەبەرئەوەی زۆربەی خێزانەکان لە خانووی تاقە ژووردا دەژین بێگومان ناتوانرێ ژووری جیاوازی ئافرەت و پیاویان هەبێ. تەنانەت لە هەندێ شوێنا کە گوندنشینە دەوڵەمەندەکان خاوەنی زیاتر لە ژوورێکن، سیاسەتی جیاکردنەوەی ئافرەت و پیاو بە شێوەیەکی توند و تیژ بەڕێوە ناچێت. ئازادیی پێوەندی نێوان ئافرەت و پیاو لە گەرەک و هەل و مەرجی جیاوازدا سیمای دیاری گوندەکانە. هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەک و کاری هاوبەش، لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی لادێن.

هیچ ئافرەتێکی لادێ بی گوێ ناداتە حیجابی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێنی کوردستاندا ئافرەتانی ماڵی ئاغا لە ماڵی خۆیاندا گۆشەنشین دەکرێن و لە کاتی چوونە دەرەوەشدا لە ماڵ، ڕووپۆش بەسەردا دەدەن (بڕوانە هاراڵد هەنسن ١٩٦١) ئەم یاسایەش بە شێوەیەکی توند بەڕێوە ناچێت.

**لە ناوچەی شارەکاندا:**

دابەش بوونی کار لە ناوچەی شارەکاندا ئاڵۆزترە و بە توندی بەڕێوەدەچێت. بە شێوەیەکی گشتی کارەکانیماڵەوە پاک و خاوێنی، جلشتن، چێشت لێنان و شتی وا لەسەرجەمی چینە کۆمەڵایەتیەکاندا بە کاری ئافرەتان دەدرێنە قەڵەم. نێرینەی ماڵ هیچ جۆرە بەرپرسیاریەکی لە ئاست منداڵ بەخێوکردن و کارەکانی ناوماڵدا نییە.

پیاوەکان لە ئاست بژێو پەیداکردن، کڕین، بانگهێشتنی میوان و چالاکییەکانی دیکەی خێزاندا بەرپرسیارن. ئەڵبەت لەم چەند دەیەیەی دواییدا ڕادە و سنووری ئەرکی ئافرەت و پیاو، بەتایبەت لە نێو هەندێ چینی کۆمەڵدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

خوێندن، هەندێ هەل و مەرجی کارکردنی بۆ ئافرەتان بەدیهێناوە، کە ئەو هەل و مەرجانە پێش جەنگی دووەمی جیهانی لە ئارادانەبوون. ئێستا مامۆستای ئافرەت، پەرستار، کارگێڕی دەوڵەتی و گەلێکی دی لە ئافرەتان دروستبوون، بۆ نموونە بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٦ چوار شاری گرنگی کوردستان خاوەنی لە سەدا شەش تا هەشت ئافرەتی کارمەندن.

(بڕوانە نەخشەی یەکەم):

(کۆمەڵی خاوەن کار لە تەمەنی سەرووی دە ساڵەوە ١٩٧٦)

| ناوی شار | سەرجەمی نفوس | کۆمەڵی خاوەن کار | پیاو | ئافرەت | ڕێژەی لە سەدا |
|---|---|---|---|---|---|
| سنە | ٩٥٬٨٧٢ | ٢٧٬١٦١ | ٢٤٬٩٥٤ | ٢٬٢٠٧ | ٨١١ |
| سەقز | ٣٠٬٦٦١ | ٨٬٤١٤ | ٧٬٨٨٧ | ٥٢٧ | ٦١٦ |
| مهاباد | ٤٤٬٠٦٧ | ١٠٬٩٢١ | ١٠٬٠٧٩ | ٨٤٢ | ٨١٣ |
| بانە | ١٥٬٥٥٢ | ٣٬٦٨٨ | ٣٬٤٥٢ | ٢٣٢ | ٦١٧ |

(سەرچاوە: بڕوانە پەراوێزی یەکەم)

لە شارەکاندا زۆرجار حیجاب و چارشێو بەرچاوئەکەوێ. ئافرەتە خوێندەوارە نوێخوازەکان تا سێپتەمبەری ١٩٧٩ کە دەوڵەتی ئیسلامی ئێران دەسەڵاتی تەواوی بەسەر شارەکاندا گرتەوە دەست، حیجابیان بەسەرەوە نەبوو. ئاشکرایە کە ئافرەتانی چینی بازرگانەکان، ئەشراف زادە و بەشێکی ئافرەتانی چینی خواروو تەنانەت پێش دەوڵەتی ئیسلامیش چارشێویان بەسەردا دەدا. پیاوانی چینی ئەعیان و ئەشرافەکان شەرم دەکەن ناوی ڕاستەقینەی هاوسەرەکانیان بهێنن و لە جێی ئەوە دەڵێن: (دایکی منداڵان) یاخود (ماڵەوە).

بە شێوەیەکی گشتی ئافرەت سەرباقی ئەوەش تەمەنی زۆرتربێ، لە پیاو بەرەوژێرترە. مۆڵەتی چوونە دەرەوە لە ماڵ (جگە بۆ ئافرەتانی خوێندەوار) بە دەستی مێرد و باوک و برایە. بەڵام گەورەکچ دەتوانن بەرەزامەندی دایک لەماڵ دەرکەون. بە پێچەوانەی گوندەکانەوە، لە شارەکاندا خانووەکان بە دیواری بەرز لێکدی جوێ کراونەتەوە و کاری ماڵەوە زیاتر لە ناوەوەی چوار دیواری ماڵدا دێتە ئەنجام. بەم پێیە جیاوازی ئافرەت و پیاو تایبەتمەندیەکی ژیانی شارە و ئەگەرچی ئافرەتان لە هەموو جێگایەکدا دەبیندرێن، بەڵام ئازادی پەیوەندی هەردوولا، کە نیشانەیەکی دیاری ژیانی لادێیە، لە شارەکاندا بەرچاوناکەوێت!.

### ٢- ئافرەتان، سیاسەت و جەنگ

بە پێی بنەمای پێکهاتەی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتی کۆمەڵگای کورد، بڕیاردانی سیاسی و کاروباری جەنگی بە دەست سەرکردە عەشایەرەکان و ئاغاکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئافرەتان بەشێک لە سوپای عەشیرەت نەبوون، بەڵام لە کاتی هێرشی دوژمندا بەشداری کاری بەرگریکردنیان دەکرد. لە هەل و مەرجی ژیانی عەشیرەتی دا، زۆربەی کات ئافرەتان پارێزەری دەوار و (ران)بوون لە ئاست هێرشی چەتە و باقی دەستدرێژکاراندا.

لەو گوندانەدا کە بنەمایەکی فیودالیان هەبوو، زەوی بە دەگمەن دەخرایە ژێر خاوەندارێتی ئافرەتانی خێزانە (مالک)ەکان یان ئاغاکانەوە ئەگەرچی ئیسلام رێگە دەدات (هەشت یەکێکی) (لە هەشت بەش بۆ پیاو بەشێک بۆ ئافرەت) بدرێتە ئافرەتان، بەڵام ئەم یاسا شەرعی یە بەدەگمەن رەفتاری پێدەکرێ. لەبەرئەوە بەهۆی نەبوونی هێزی ئابووری لەسەر بنچینەی مڵکداریەوە، ئافرەتانی ئەشراف زادە و ئەعیانی خاوەن زەوی نەیانتوانیوە رۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتی ئێخزیدا بگێرن.

وێڕای زاڵبوونی پیاو لە سیاسەتدا، چەند حاڵەتێکی تایبەتیش بەرچاوەکەوێ. نموونەیەکی ناسراوی ئەم سەدەیە (عادیلەخان)، دانیشتووی هەڵەبجە بووە، مێردی (عادیلەخان)، وەسمان پاشای سەرۆکی عێلی جاف بوو کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پلەی قایمقامی یاخود پارێزگاری درابوێ.، وەسمان پاشا کابرایەکی خاو و خلیچک بوو زۆرجاران لە کاتی پێویستدا لەسەر فەرمانی خۆی ئامادەنەبوو. ئیدی هەموو دەسەڵاتی راپەڕاندنی کاروبار کەوتبووە دەست خێزانەکەی. لە سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزەکانیشدا بۆ سەر کوردستانی عێراق ساڵی ١٩١٨ دا، (عادیلەخانم) ئیدی بێوەژن بوو بەڵام (هێشتاکو وەک شاژنی بێ تەخت و تاجی ناوچەکە مابۆوە و دەبوو جەنەڕاڵ و خاوەن پایە سیاسییەکانی ئینگلیز لە کاروباردا راوێژ بەو بکەن). (بڕوانە ئەدمۆنز ١٩٥٨ لاپەڕە . ١٥).

دەوڵەتی ئینگلیز نازناوی پیاوانەی (خانی دلاوەری) بە (عادیلەخان) بەخشی چونکە چەندین زابتی ئینگلیزی لە مەرگ رزگارکردبوو.

نموونەیەکی دی (فاتمەخان) (پێویستە بگوترێ کە نازناوی پیاوانەی «خان» لەگەڵ ناوی ئافرەتانی خێزانە ئەشرافیەکان بەکاردەبرێ)، دوای لە دنیا دەرچوونی مێردەکەی ئەرکی بەڕێوەبردنی هەشت گوندی نزیک رەواندزی کەوتە سەرشان. فاتمەخان بەرپرسیاری پێوەندی لە نێوان دەوڵەتی عێراق و گوندەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا بووە، هەرووەها بەردەوام لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە بە نوێنەر هەڵدەبژێردرا تا لەبری ئەوان لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا دەنگ بدات، ئەمەش لە کاتێکدا کە بەپێی دەستووری یاسا تەنیا پیاو مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی سەرەتایی یاخود پلە دوو دا هەبوو (هەمان سەرچاوە). تەنیا وەک نموونە ناوی ئەو دوو ئافرەتەمان هێنا نەک وەک حاڵەتێکی گشتی. پێویستە بزانین کە کاتێک ئافرەتان دەگەیشتنە پایەی سەرۆک خێڵ یاخود سەرکردەی خێزان، بە تەواوی پەیڕەوی یاسای پیاوانەیان دەکرد، لە هێشتنەوەی یاسای باوک سالاری باودا هەنگاویان هەڵدەهێنا، بۆیە سیاسەت وەک جاران بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی چالاکی پیاوان دەمایەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئافرەتانی شاریشدا، دەتوانرێ چەند نموونەیەکی هاوشێوە بهێنرێتەوە. ئەدمۆنز (١٩٥٨ لاپەڕە ١٥٠) ناوی رابە (رابیعە) ناوێک دەهێنێ کە سەر بە چینەکانی خواروی کۆمەڵ بووە و لە سەرەتای بیستەکاندا سەرۆکایەتی نانەواکانی سلێمانی گرتۆتە ئەستۆ، (رابیعە) لەسەر چەسپاندنی نرخی نان، لەگەڵ شارەوانی دا کەوتۆتە گفت و گۆ و توانیویەتی رێک خستنێکی کارامە لە نێوان هاوکارەکانی دەستەی خۆیدا کە بە نیسبەت دەستەی قەسابەکانەوە بە پلە دوو دەهاتن، بهێنێتە دی.

بەکورتی، بوونی دەیان و بگرە زیاتریش لەم جۆرە ئافرەتە بەنێوبانگانە کە توانیویانە چوارچێوەی کاری ماڵەوە بەجێبهێڵن و بخزێنە بواری چالاکییە سیاسیەکانەوە، بە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری نادرێنە قەڵەم. بەشداریکردنی فراوانی ئافرەتان لە بواری سیاسەت و جەنگدا، تەنیا لە کۆتایی حەفتاکاندا هاتە دی کاتێک گۆڕانکاریەبە دیارەکان لە سترۆکتۆری کۆمەڵگای کورد و رێبەری بزووتنەوە نەتەوایەتیەکەیدا بەدیارکەوتن.

٣- گۆڕانکاری نوێ: شارنشینی و گەشەکردنی توێژی رۆشنبیران

لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵگای لادێ نیشینی کوردستان تا رادەیێکی بەرچاو بەرەو شارنشینی رۆیشت. خێرایی ئەم گۆڕانکاریەبە کۆمەڵایەتیە لە ئەنجامی کۆچکردنی لادێییەکان دوابەدوای چاککردنی زەوی لە دەیەی شەست و شەڕی خودموختاری ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٥ی کوردستانی عێراق زیاتربوو. لە راستیدا ئەو جووتیارانەی کە لە پێشدا پابەندی زەوی و زاربوون دەیانتوانی بەشێوەیەکی ئازاد و، لە نێوان گوند و شارەکاندا هات و چۆ بکەن، بۆ نموونە سەرژمێری شارە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی بیست ساڵدا سەدا سەد و پانزە زیادیان کرد (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢).

(نەخشەی ژمارە ٢: زیادبوونی سەرژمێری شارنشینی کوردستانی ئێران لە ١٩٥٦–بۆ ١٨٧٦)

| ناوی شار | سەرژمێری ساڵی ١٩٥٦ | سەرژمێری ساڵی ١٩٧٦ | زیادبوون لە سەدا |
|---|---|---|---|
| سنە | ٤٠٫٦٤١ | ٩٥٫٨٧٢ | ١٣٦ |
| مەهاباد | ٢٠٫٣٣٢ | ٤٤٫٦٧ | ١١٧ |
| سەقز | ١٢٫٧٢٩ | ٣٠٫٦٦١ | ١٤١ |
| بۆکان | ٥٫٣٠٧ | ٢٠٫٥٧٩ | ٢٨٨ |
| بانە | ٤٫٨٠٠ | ١٥٫٥٥٢ | ٢٢٤ |
| سەردەشت | ٢٫٦٤٥ | ١٠٫٢٠٧ | ٢٨٦ |

سەرچاوە: تەماشای پەراوێزی یەک بکە.

ئەوەی پێوەندی بە ئافرەتانەوە هەبێت، گرنگی سیاسیانەی ناوچەی شارستانی لەوەدایە کە قوتابخانەی کچانیان تێدا بەرچاودەکەوێت، واتە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان لەو قوتابخانانەدا کۆبوونەتەوە و،توانیویانە دەست بکەنە چالاکی نواندنی رۆشنبیری و سیاسی و لەوانەیش خۆبیشاندان. فراوانبوون و پەرەسەندنی توێژی ئافرەتانی شارستانی خوێندەوار بە ئاشکرا

لەسەرژمێری (١٠)ساڵەی ئێراندا بەدیارکەوتووە. بەپێی ژمارەکانی (نەخشەی چوار) ڕێژەی سەدی کچانی خوێندەواری سەروی ١٠ ساڵە لە شاری مەهاباد، لەسەدا (دە)ی ساڵی ١٩٥٦وە گەیشتۆتە لە سەدا سێزدە لە ساڵی ١٩٧٦. لە کاتێکیشدا کە ڕادەی پەرەسەندنی سەرجەمی ئافرەتانی سەروی ١٠ ساڵە گەیشتە لە سەدا ١٣٥ ڕادەی پەرەسەندنی خوێندەواری قوتابخانە دەوڵەتیەکان هەمان ماوە گەیشتە زیاتر لە ٢٢٤و٣ لە سەدا.

**نەخشەی ژمارە ٣ خوێندەواری سەرجەمی ئافرەتانی سەروی ١٠ ساڵ لە شاری مەهاباد (١٣٣٥-١٣٥٥)**

| پلەی خوێندن | سەرژمێری ١٩٥٦ | سەرژمێری ١٩٧٦ | ڕێژەی سەدی زیادبوون |
|---|---|---|---|
| قوتابخانە سەرەتاییەکان | ٤٥٧ | ١و٠٥٠ | ١٢٩/٧ |
| قوتابخانەی ناوەندی | ١٣٨ | ٧٣٤و٠ | ٤٣١/٨ |
| پەیمانگای هونەری و پیشەسازیەکان | | ٩٨ | |
| زانکۆ | ٤ | ٦٠ | |
| کۆی گشتی | ٥٩٩ | ١و٩٤٢ | |
| سەرژمێری گشتی ئافرەتان | ٦و١٤٤ | ١٤و٤٤٠ | ١٣٥و٠ |

(سەرچاوە: تەماشای پەراوێزی دوو بکە)

هەروەها لە ماوەی ئەو بیست ساڵەشدا، ژمارەی خوێندەواران (ئەوانەی تەنیا خوێندنەوە و نووسینیان زانیوە) گۆڕانکاری دیار پیشان دەدات. لە کاتێکدا ڕێژەی ئافرەتان لە ١٣٥٪ گەیشتە ١٤٧٪، ڕێژەی سەرجەمی خوێندەوارانی سێ شاری گرنگی کوردنشین لە نێوان ٤٩٠ تا ١١٠٩٪ ڕۆیشتە سەرەوە، فێربوونی خوێندەواری و پەروەردە لەو ڕووەوە گرنگی هەیە کە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی خەریکی چالاکی سیاسی بوون لەم دەستەیەن (تەماشای نەخشەی ٤ بکە).

«نەخشەی ژمارە ٤: سەرجەمی ژمارەی ئافرەتانی خوێندەواری سەروی ١٠ ساڵ لە سێ شاری گرنگی کوردستانی ئێراندا (ساڵی ١٩٥٦-١٩٧٦)»

| | سەرجەمی ژمارەی ئافرەتان | | | سەرجەمی ئافرەتانی خوێندەوار | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شار | ١٩٥٦ | ١٩٧٦ | ڕێژەی سەدی پەرەسەندن | ١٩٥٦ | ١٩٧٦ | ڕێژەی سەدی |
| مەهاباد | ٦و١٤٤ | ١٤و٤٤٠ | ١٣٥/٠ | ٦١٤ | ٥و٤٨٤ | ٧٩٣/١ |
| سنە | ١٢و٩٥٨ | ٣٠و٦١١ | ١٣٦/٢ | ٣و٠٥٦ | ١٢و١٣٤ | ٤٩٠/١ |
| سەقز | ٣٠٩٤٦ | ٩و٧٥١ | ١٤٧/١ | ٢٦٠ | ٣و١٤٤ | ١١٠٩/٢ |

**ج- ڕۆڵی سیاسی و عەسکەری ئافرەتان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا:**

سیاسەتی دەوڵەتە مەرکەزیەکانی تورکیا، ئێران، سوریا و عێراق لە ناوبردنی کوردەکان بووە وەک نەتەوەیەک. ئەم بەرنامەیە لە چوارچێوەی بە فارسکردنی کوردەکان (لە ئێران)، تەعریب کردنیان لە (عێراق و سوریا) و بە تورک کردنیان لە (تورکیا)دا چۆتە ڕێوە. لە تورکیا (بەتایبەتی لە ساڵی ۱۹۲۵ وە تا ئێستا)، لە ئێران (بەتایبەتی ماوەی ۱۹۲۵ وە تا ۱۹٤۱) و لە سوریاش لە ساڵی ۱۹٦۲ وە سود وەرگرتنی کوردان لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان (جل و بەرگی میللی، هەڵپەڕکێ، مۆسیقا و ئەدەبیات و...هتد) یاساخ بووە، لە عێراقیشدا ئەگەرچی زمان و فەرهەنگی کورد بە شێوەیەکی ڕەسمی سەرکوت نەکراوە، بەڵام لە واقیعدا بەرنامەی تەعریب کردن بەتایبەتی لە ساڵی ۱۹٦۳ وە سەرگەرکەوتووە. لە ئاست ئەم سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەییەدا، کوردەکان بە هەموو هێزێکیان بەرگریان کردووە. ئەو بەرگریکردنەی کە ڕەوتی بنەمای گۆڕانی مێژوویی لە کوردستاندا پێک هێناوە.

**بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد:**

تا نیوەی سەدەی نۆزدەیەم کوردستان لە ژێر دەسەلاتی ئەمارەتە کوردییەکاندا مابۆوە. لە سەدەی حەڤدەیەمدا ئیمپراتۆریەتی بەهێزی عوسمانی و سەفەوی کوردستانیان کردە دوو بەشی ژێر دەستەلاتی خۆیان. لەو دەمەوە ئەمیرە کوردەکان بە شێوەیەکی توند کەوتنە بەربەرەکانی کردنی سیاسەتە دەستەلاتخوازەکانی هەردوو ئیمپراتۆرتەکە، بەڵام توانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردیان نەبوو. ئەوە بوو لە ساڵانی ۱۸٤۰ دا عوسمانی و قاجار دەسەلاتی ئەمارەتەکانیان سەرەونخوون کرد و ڕاستەوخۆ ئیدارەی کوردستانیان بەدەستەوە گرت.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ناوچە کوردییەکان جارێکی دی لە نێوان دەوڵەتە تازەکانی وەک تورکیا و عێراق و سوریا دا دابەشکرا. لەم وڵاتانەدا کوردەکان خەباتی خۆیان لە پێناوی سەربەخۆیی و خودموختاریدا درێژە پێدا. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە. لە سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، سیاسەتی هەر چوار دەوڵەتەکە سەرکوتکردنی کورد بووە.

(خسروشاهی ۱۹۸۳، بۆ باسی دوور و درێژتری مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بڕوانە، نووسراوەکەی جویدە ۱۹٦۱).

زۆربەی خەباتە گرنگەکانی میللی کورد لە پێش جەنگی دووەمی جیهاندا، بەسەرکردایەتی رابەرە فیوداڵەکان (کە هەندێک لەوانە کەسایەتی ئاینیی بوون) هاتۆتە ئەنجام (وەک شێخ عبیداللە، شێخ محمود و...). خانەدان و ئەشرافە شارستانیەکان و چینەکانی خواروتریش لە هەندێک لەو بزووتنەوانەدا بەشداربوون، بەڵام پلەی رابەری هەر لە دەست سەرۆک عەشرەت و وردە بەگەکاندا مایەوە.

لە ساڵەکانی دوایی جەنگی دووەمی جیهانیدا هەندێک ڕێکخراوی سیاسی دامەزران کە دژی عەشرەتگەری و دەرەبەگایەتی وەستانەوە، وەک (کۆمەڵەی ژ-ک کە پاشان بووە حیزبی دیموکراتی کوردستان)، بەڵام وێڕای لاقرتێکردنیان لە رابەرایەتی فیوداڵی ناچاربوون لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵیان ڕێک بکەون یاخود وەدوایان بکەون. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا مەسەلەی چەپ لەناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراقدا کەوتە ژێر هێرشی رابەرایەتی

عەشیرەتی و تەقلیدی بزووتنەوە. لە کوتایی هەمان دەیەدا ڕێکخراوە مارکسی-لینینی‌یەکان دروست بوون ئەم گۆڕان و بەرەوپێش چوونە کاریگەرە سەر تێڕوانینی بزووتنەوەکە لە ئاست ڕۆڵی سیاسی و عەسکەری ئافرەتاندا.

لە ماوەی مێژوویی دوور و درێژی بزووتنەوەی نەتەوایەدا، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ، دەستە و تاقمی ناوچە جۆراوجۆرە کوردنشینەکان بەشداری چالاکی سیاسی و عەسکەریان کردووە. تا ئێستێ لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕۆڵی ئافرەتان لەم بزووتنەوانەدا بە ئەنجام نەدراوە. لە پێناوی پێشکەشکردنی وێنەیەکی هەندێ ڕۆشنی ئەم بزووتنەوانەدا، ئەم وتارە لەو چوار حاڵەتی خوارەوە دەکۆڵێتەوە:

ڕاپەڕینی شێخ مەحمود ۱۹۱۸-۱۹۲٤ عێراق
کۆماری کوردستان ۱۹٤٦، ئێران
شەڕی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ۱۹٦۱-۱۹۷۵
شەڕی سەربەخۆیی کوردستانی ئێران ۱۹۷۹-۱۹۸۵
هەر یەکێک لەم قۆناغانە بە شێوەیەکی کورت لێیان دەکۆڵرێتەوە.

**ئەزموونی یەکەم: ڕاپەڕینی شێخ مەحمود ۱۹۱۸-۱۹۲٤:**

شێخ مەحمود پێشەوایەکی ئایینی بوو کە سەردەمانێک توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەی سلێمانی دا بگرێت، لەکاتێکدا هێزەکانی عوسمانلی لەژێر دەسەڵاتی هێزی ئینگلیزدا تێک شکابوو. ئەگەرچی کاربەدەستانی ئینگلیز دەوڵەتە کوردییەکەی شێخ مەحمودیان بە ڕەسمی ناسی بوو، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتیان سنووردارتر دەکرد. لە ئاکامدا ناوبراو چەندین جار دژی دەوڵەتی بەغدا و حکومەت هەستاو دواجار سەرنەکەوت.

هیچ نیشانەیەکی بەشداربوونی ئافرەتان لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود یان لە دەزگای بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی دا بەدی ناکرێت، بەڵام (حەپسە خانی نەقیب) ۱۸۸۱-۱۹۵۳ کە یەکێک بوو لە خزمانی شێخ مەحمود، پایەیەکی بڵندی بەدەست هێنا.

سەرەتا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هەندێ لەو فەرمانبەرە ئینگلیزانەی بەڕێوەدەبرد کە بە فەرمانی شێخ مەحمود گیرابوون (بڕوانە بارت ۱۹۵۳، ل. ۱۲-۱۲۱). حەپسەخان لە پاشانیشدا ئارمانی نیشتمان پەروەری خۆی درێژەپێدا و لە ساڵی ۱۹۳۰ سکاڵانامەیەکی لەمەر پێشێلکردنی مافی نەتەوەی کورد لە عێراقدا نارە بۆ کۆمەڵەی نەتەوان لە ژنێف (بڕوانە ڕاپۆرتی بیستەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی دائیمی ئیحتلالی کۆمەڵەی نەتەوان، ژنێف ۱۹۳۱ ل ۲۲)، هەروەها لەگەڵ کۆماری کوردستان کە لە ساڵی ۱۹٤٦ لە ئێران دامەزرا هاوکاری دەکرد. حەپسەخان بەشێکی زۆری ژیانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی کەرەسەی خوێندن بۆ ئافرەتان تەرخانکرد. ("حەپسەخانی نەقیب"، ڕۆژی نوێ، ساڵی دووەم، ژمارە یەک مارسی ۱۹٦۱، لاپەرەکانی ٤۳ تا ٤٦).

دەوڵەتە سەربەخۆکەی شێخ مەحمود بە دەستی خاوەن زەوی و ئەشرافی شارستانی و ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە سوپای عوسمانلی هەڵاتبوون، بەڕێوەدەبرا، ئەو دەمە هیچ حیزبێک لە ئارادا نەبوو و خەڵکی گوندەکان بەگشتی سەر بە سەرۆک عەشیرەتەکانی خۆیان بوون (بۆ زیاتر

ئاگاداری بڕوانە یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی ١٩٥٦-١٩٥٨). حەپسەخان ئەندامێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بوو، بەڵام توانی بەرهەڵستی نیزامی باوک سالاری بکا و سەربەخۆ لە مێرد و لایەنە پیاوانەکانی دی کاروباری خۆی بەڕێوەببات.

**ئەزموونی دووەم: کۆماری کوردستان ١٩٤٦**

ساڵی ١٩٤٦ کوردەکان و تورکەکانی ئازەربایجان دژی دەوڵەتی ناوەندی تاران هەستان و کۆماری سەربەخۆی کوردستان و ئازەربایجانیان پێکهێنا. کۆماری کوردستان لە ژێر لیوای حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی پێشەوایەکی میللی بە نێوی قازی محەممەد بەڕێوەدەچوو. ئەو دەمە کوردەکان بۆ یەکەمین جار لە ئێراندا مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بەدەستهێنا، هەموو کاروباری ناوچەکە، ئیداری و یاسایی، پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی دەچوون بەڕێوە. سوپایەکی میللی دامەزراو لە چەندین پێکداداندا لە دژی سوپای دەوڵەتی مەرکەزی بەشداریکرد. حیزب توانی ڕێکخراوی خۆی لە گشت شارەکان و دێهاتە گەورەکاندا پەرە پێدات.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە ڕۆژنامەی ڕەسمی کۆماری بوو هاتووە، هەر دوابەدوای سەقامگرتن و جێگیربوونی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕێکخراوی ئافرەتان بەناوی (یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان) کە جاروبار (حیزبی ژنان)یشی پێدەگوترا، پێکهات. لە ئاهەنگێکدا بە بۆنەی دامەزراندنی کۆمارەوە شازدە کەس قسەیان کرد کە دوانیان ئافرەت بوون. (بڕوانە کوردستان ژمارە ١٠، ٤ فەوریەی ١٩٤٦). بەشداریکردنی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی کۆماری کوردستاندا، لە چوارچێوەی ئامادەبوون لە ئاهەنگەکاندا، ئامادەبوونی قوتابیانی کچ لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی یارمەتی مالی و باقی پێویستییەکانی دی سوپای کورد لە گەلا بڵاوکردنەوەی وتار لە ڕۆژنامەکاندا، سەقامگیر و سنووردار کرابوو. هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە کە شایەتی بدات لەسەر بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی پێشمەرگەدا یاخود گەیشتنیان بە پلەی ڕابەرێتی حیزب و لە ئەستۆگرتنی کاری ئیداری گرنگ. یەکێتیی ئافرەتان لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پابەندی حیزبی دیموکرات بوو. ئافرەتانی چالاکی نێو ئەم یەکێتییە زیاتر لە چینی ئەشرافەکان بوون. هەر یەکێک لە دە گەڕەکی مهابادی پێتەختی کۆمار سەرۆکێکی ئافرەتی بۆ دانرابوو تا ڕێکخستنی ئافرەتانی ئەو گەڕەکە لە ئەستۆ بگرێت. (لە کوردستان، ژمارە ٧٧، ١ ئاگوستی ١٩٤٦، ل٤ دا، ناوی ئەو ژنانە بڵاوکراوەتەوە). لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوی ژنان پەرەی پێدەدرا (بەگوێرەی بانگەوازێک کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوکراوەتەوە یەکێتیی نیازی بە حسابدار، خەزنەدار، مونشی و سندوق دار بو-ژمارە ٨٠، ١٢ جونی ١٩٤٦ ل١)، لە چاپەمەنی کۆماردا وا دەردەکەوێ دەوری ژنان لە چالاکی سیاسی دا زۆرتر و بەرینتر نەبوو.

لە ئەنجامی بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی شێخ مەحمووددەوە، پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری چالاکی سیاسی ئافرەتاندا بەرچاو دەکەوێت، ڕەنگە بەشێکی ئەم پێشکەوتنە بگەڕێتەوە بۆ گواستنەوە لە سەرکردایەتی فیودالییەوە بۆ ڕابەرایەتی حیزبێکی خاوەن بەرنامەی داڕێژراو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکو کەند و کۆسپ زۆربوون: نەخوێندەواری، بیر و بڕوای لەکارکەوتووی باوک سالاری، کۆنەخوازی ئایدۆلۆژی و سیاسی حیزب لەو کۆسپانە دەژمێردران، لە

خوارەوە چەند نموونەیەک لە بۆچوونی ئەو سەردەمە دەهێنینەوە: ئافرەتێک کە وتارێکی بە مەبەستی (ئامۆژگاری بۆ ژنان) نووسیبو: لای وابوو کە ئافرەتی باش ئەو ئافرەتەیە بتوانێت هاوسەرێکی ملکەچی مێردەکەی بێت. (بڕوانە کوردستان، ژمارە ٢٧، ٢ی مارس ١٩٤٦ ل٣). یاخود لەو لیستەیەدا کە ناوی ئەوانەی تێدا نووسراوە یارمەتی مالی حیزبیان داوە (ئەم لیستەیەش لە کۆبوونەوەیەکی ئافرەتاندا دەخوێنرێتەوە)، لە ٤١ کەس، ٣٤ کەس لەوانەی یارمەتیان داوە بە ناوی مێردەکانیانەوە خراونەتە لیستەکەوە، بۆ نموونە (یای ئاغای صالحی شاطری)، (کوردستان ژمارە ٢٩، سی مارسی ١٩٤٦ لاپەڕە ٤). شتێکی ئاشکرایە لە بارودۆخێکی ئاوا مێژوویی‌دا، چالاکی سیاسی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن ئافرەتانەوە بڕیاری لەسەر درابێت، جێگەی نەدەبۆوە. پێویستە لەوە ئاگادارببین کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ تەمەنی کردو لە دوای هێرشی هەمەلایەنەی (شا) لە دژی کوردان، ئیدی حکومەتی خودموختار دەوامەی نەکرد. (لەبارەی مێژووی کۆماری کوردستانەوە، بڕوانە ئیگلتن ١٩٦٣).

**ئەزموونی سێهەم: بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٥**

کوردەکانی عێراق لە سالی ١٩٦١وە دەوور و درێژترین بزووتنەوەی چەکداریان دژی دەولەتی ناوەندی دەستپێکرد. لە ماوەی ١٢ سالْ شەڕی ناوبەناودا، زۆربەی ناوچە گوندییەکان لە ژێر دەسەلاتی کوردەکاندا مایەوە.

رابەرایەتی بزووتنەوەکە لە سیٚ سالی یەکەمی خۆیدا بە دەست مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە بوو، بەلام بارزانی توانی رێبەرایەتی چەپی مەکتەبی سیاسی بخاتە لاوە و لە ژێر فەرمان ڕەوایی راستەوخۆی خۆیدا سەر لە نوێ پارتی رێک بخاتەوە.

سیاسەتە پارێزگارخوازیە زالەکان بەسەر بزووتنەوەکەدا، کە لەژێر کاریگەری ئەو سەرۆک فیودالی-عەشیرەتیانەی دژی چاککردنی کۆمەلایەتی و سیاسی لە ناوچە (رزگارکراوەکانی)دا بوون، رۆژ بە رۆژ زیادی دەکرد. بەم جۆرە لەگەلْ ئەوەشدا دەسەلاتی کورد ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو. لەم ناوچانەدا بەرنامەی خەبات لە دژی نەخوێندەواری، دابەشکردنی زەوی، پەروەردە و فێرکردن و لەم بابەتانە یان پیادەنەکران، یاخود شێوەیەکی شێلگیرانەی بەخۆیەوە نەگرت. بەلام پارتی دەیویست روالەتی نوێخوازانە و پێشکەوتنخوازانەی خۆی بپارێزێت. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا هەندیٚ کۆمەلەی جوتیاران، قوتابیان و لاوان، نووسەران و یەکێتیی ئافرەتان، بە بەشێک لە پێکهاتووەکانی حیزب دەژمێردران (بڕوانە وانلی ١٩٧٠، ل٢٤٨-٢٤٩).

بە هەر شێوەیەک بیٚ، ئافرەتان جگە لە ئارایشتکردنی تیرامی عەشیرەتی دەسەلاتدار بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان دا دەورێکی دیکەیان نەبوو. تەنیا ئەوە نەبیٚ لە بارەی ئافرەتێکی کورد-ئاسووری‌یەوە بەناوی (مارگرێت) کە گەشتووە پلەی فەرماندەیی کۆمەلێک پێشمەرگە، راگەیاندنێکی زۆر بلاوکراوەتەوە. مارگرێت لە هەلْ و مەرجێکی نادیاردا کوژرا.

بە قسەی شایەتێک، ئافرەتان لە شەڕی ١٩٧٥ دا بەشدارنەبوون. راستییەکەی ئەوەیە ژنان فێری چەک هەلگرتن و شەڕکردن نەکرابوون. (ودسن Woodson ١٩٧٥ل٣٧٨)، بەلام هەندیٚ زانیاری پێویستیان دەدا بەو ئافرەتە شارستانیانەی پێوەندیان بە هێزی بەرگریەوە کردبوو (ل٣٨٢

هەمان سەرچاوە). وەک دەردەکەوێ یارمەتی و هاوکاری (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) لە پێوەندی لەگەڵ جەنگدا، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و بەنهێنی بە ئەنجام دەگەیشت.

دەکرێ ئەندامێتی لە دەزگای رابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، پێوانەیێک بێت بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە چالاکی سیاسیدا، بەلام هیچ نیشانەیەکی بوونی ئافرەتان لە ئاستی رابەرایەتی سیاسی و باقی لایەنەکانی رێکخراوەیی دا بەدی ناکرێت، ئەمەش سەرسورهێنەر نیە، چونکە لە دوای لێک هەڵبرانی ساڵی ١٩٦٤ لە دەروونی پارتی دا، پارتی تەنیا کوتەکێک بوو کە لە دەستی رابەرایەتی عەشیرەتی کۆنەخوازدا، مایەوە. (بۆ رەخنە لە ئەم سیاسەتانە، بڕوانە پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٧).

**ئەزموونی چوارەم: بزووتنەوەی خودموختاری کوردستانی ئێران ١٩٧٩-١٩٨٥**

کوردەکان لە شۆڕشی دژ بە پاشایەتی (٧٩-١٩٧٨)دا چالاکانە بەشداربوون. رێبەرێکردنی بزووتنەوەی دژ بە رژێمی شایەتی لە کوردستاندا بەدەست هێزەکانی چەپ و ناسیۆنالیستەکانەوە بوو. کاتێک رژێمی ئیسلامی لە تاران دەسەلاتی بە دەستەوە گرت زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بە دەستی کوردەوە بوون. کوردەکان خوازیاری خودموختاری بوون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵ دا، بەلام رژێمی خومەینی ئەوەی سەلماند کە لە رژێمی پێشوو ناوەندخوازترە -سانترالیست- خومەینی لە ٢٨ی مورداد ١٣٥٨ -١٩ئاگوستی ١٩٧٩- دا بڕیاری شەڕی دژی بزووتنەوەی خودموختاری دەرکرد. وێڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا بڕیاری تەقەوەستان درا، بەلام دەوڵەت لە مانگی مای ساڵی ١٩٨٠دا جارێکی دی هێرشی بردەوە سەر کوردستان، ئەم هێرشە دڕندانەیە بە بەشداریکردنی ئەرتەش، سوپای پاسداران، پۆلیس و جاشەکان دەستی پێکرد و تا ئەمڕۆیش بەردەوامە.

مەسەلەی شۆڕش و بزووتنەوەی خودموختاری سەرانسەری کۆمەڵگای کوردستانی زیاتر بەرەو مەیدانی سیاسەت راکێشا. ئافرەتانیش چ لە بواری چالاکی سیاسی و چ لە چالاکی پێشمەرگایەتیدا بەشداری یەکی وەهایان کردووە کە لە مێژووی هاچەرخی کوردستاندا بێ ئەوونەیە.

**١- شێوەکانی خەباتی ئاشتی: پاییزی ١٩٧٨ تا (مورداد) ١٩٧٩**

لە هەنگامەی روخانی رژێمی شادا، خەڵکی کوردستان چەکیان هەڵگرت. شوێنەکانی پۆلیس و ژاندارم و سەربازگەیەکی ئەرتەش بە دەستی شۆڕشگێڕە کوردەکان چەک کران، هەروەها لە عێراق و شوێنەکانی دیکەوە چەک دەهات و بە ئازادی لە شارەکانی کوردستاندا دەفرۆشرانەوە. دەوڵەتی ئیسلامی تا موردادی ١٣٥٨/ئاوگوستی١٩٧٩ و لە ئابانی ١٣٥٨/نۆڤێمبەری ١٩٧٩ەوە تا مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٠ لەم شارانەدا دەستەلاتێکی نەبوو. چالاکی ئافرەتان زیاتر شێوەی ناچەکداری بەخۆیەوە گرتبوو: وەک خۆپیشاندان، مانگرتن و رێ پەیمایی و رێکخستنی ئافرەتانی کرێکار و خاوەن خێزان، قوتابیانی ناوەندی بەهێزی سەرەکی ئەم جۆرە چالاکی یانە دەژمێردران و مامۆستا و فەرمانبەرانی دەوڵەت و ئافرەتە خێزاندارەکانیش پێوەندیان پێوە دەکردن.

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا رووداوێکی گرنگ لە مەریوان رووی دا، کوردە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەت و دەست و پێوەندەکانی قیادەی موەقەتە (نیشتەجێی گوندی دزلی) و ئاغاواتی ناوچەکە

لە سەرەتای مانگی مای/گوڵان-دەوری شاری مەریوانیان گرت و داوایان لە مامۆستا و تێکۆشەرە چەپ و ناسیونالیستەکان کرد خۆیان بدەن بە دەستەوە. پاشان هەڕەشەیان لە دانیشتوانی شار کرد و ترسی ئەوەیان خستە دڵەوە ئەگەر تێکۆشەرەکانیان نەدەن بە دەستەوە، ئەوا هێرش بۆ ناو شار دەبەن. ئەو دەمەی بازاڕییە کۆنەخوازەکان (دوکاندار و بازرگان و لەم بابەتە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتییانە لەگەڵ خۆفرۆشەکاندا کەوتنە گفتوگۆ، قوتابییانی کچ لەگەڵ سەرجەمی ئافرەتانی دیکەدا بەرەو بازاڕ کەوتنە ڕێ. ئەوان پێشنیاری خۆبەدەستەوەدانیان ڕەت کردەوە و رایان گەیاند کە خۆیان بەرگری لە شارەکەن. بار و دۆخەکە بەخێرایی گۆڕا. ئەو چەکانەی لە شاردا بوون بە وردی و دیقەتەوە دابەشکران، سەنگەر ئامادەکرا و بە هێرش بەرانبەریان راگەیاند کە شار خۆی نادات بەدەستەوە. ئەوە بوو لایەنگرانی دەوڵەت خۆیان لە روو بە رووبوونەوەیەکی ئاوها کێشایەوە و بۆ رۆژی دوایی ناوچەکەیان چۆڵکرد.

لەو دەیان خۆپیشاندانانەی لە شارە کوردەکاندا ڕێکخرابوون ئافرەتان رۆڵی گرنگیان گێڕا. خۆپیشاندەرەکان، ناڕەزایییان لە ئاست دەست درێژکاری تاران بۆ سەر ئەو ئازادییانەی لە ماوەی شۆڕشی ٧٩-١٩٧٨دا بەدەست هێنرابوون و لە دژی بێ‌موبالاتی دەوڵەت سەبارەت بە داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد و هەروەها لە دژی هەوڵ و کۆششی دەوڵەت لە پێناوی داگیرکردنەوەی کوردستاندا، دەردەبڕی. نزیکەی دووسەد ئافرەت لە ڕێپەیمایی یەک حەوتوویی نێوان سنە و مەریواندا کە ٩٠ کیلۆمەتر دەبێ بەشداریان کرد.

دوای ئەوەی هێزی دەوڵەت لە مانگی ئاگۆستی ١٩٧٩دا بە ئامانجی لە بن دەرهێنانی بزووتنەوەی خودموختاری شارەکانی داگیرکردنەوە، ئاخوندێکی جەللاد بە مەبەستی تۆقاندنی خەڵکی لە یەک بە یەکی ئەو شارانەدا فەرمانی گوللەبارانی خێرای گیراوەکانی دەرکرد. هەر ئەودەم لە سنە، نزیکەی دوو سەد ئافرەت بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە ئاست ئەو کوشتارانەدا، وێڕای هەستانیان بە مانگرتن لە دابەرەی دادگوستەری، داوای ئازادکردنی گیراوەکانیشیان کرد. ئەگەرچی ئەمانە بە گوللە وەڵامیان درایەوە، بەڵام خۆیان بەدەستەوە نەدا و مانگرتنەکەشیان لە بینای ئوستانداریدا درێژە پێدا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کەسانی چالاک لە ئافرەت و پیاو ناچاربوون شارەکان بەجێ‌بهێڵن، بەڵام بەرگریکردن دژی هێزە داگیرکەرەکان لە سەرجەمی شەڕی دوور و درێژی چوار مانگەدا بەردەوام بوو. لەم ماوەیەدا، چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان لە شارەکانی سەقز، سنە و باقی شارەکانی کوردستاندا پێکهات. (کۆمەڵەی ئافرەتانی شۆڕشگێڕی سەقز) لە نێو دەیان ڕێکخراوی سیاسی شاری سەقز و سەراپای کوردستاندا، شوێنی تایبەت و جێگەی بڕوای زۆر کەسان بوو. (شورای ژنانی سنە) زیاتر چەپی بوو، وە بەهێزێکی سیاسی چالاک حسێبی بۆ دەکرا. زۆربەی ئەندامانی ئەم دوو ڕێکخراوە چالاکە لە گروپە چەپەکاندا ئەندام بوون. دوای ئەوەی دەوڵەتیش دژی بزووتنەوەی خودموختاری هێرشی هێنایەوە، ئەو ڕێکخراوانەی پێشتر ناویان هات توانەوە.

### ٢- بەشداری لە شەڕی بەرگریدا:

ئەو ئافرەت و پیاوانەی چالاکی سیاسیان دەنواند بە مەبەستی چیا و گوندەکان لە شارەکان وەدەرکەوتن. لەم ناوچانەدا باردۆخی ئەو سەربازە هێرش بەرانەی لە تارانێ را هاتبوون باش

نەبوو. لە هەمان کاتیشدا بوو کە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، ناسراو بە کۆمەڵە، بە ئاشکرا کەوتە چالاکی نواندن. کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی کۆنسەرڤاتیڤ، خاوەنی مەزنترین هێزی عەسکەری بوون، ئەمەش لە کاتێکدا کە تەواوی ڕێکخراوە سیاسییە سەراتسەرییەکانی ئێرانیش لە بزووتنەوەی بەرگری کوردستاندا بەشداربوون. بە درێژی ئاگربەستی نۆڤێمبەری ١٩٧٩ هەتا مانگی مای ١٩٨٠ قوتابیانی کچ وەک هێزێکی گرنگی سیاسی لە خەباتی ئاشتیخوازیانە بۆ خودموختاری لە چالاکی نەکەوتن. ئەگەرچی لێکدان لە نێوان کورد و دەوڵەتدا لە هەندێ شوێن بەتایبەتی لە (کامیاران) بەردەوام بوو، بەڵام ئافرەتان ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگیان نەکرد. لە سنە ڕێکخراوێکی تازەی ئافرەتان بەناوی (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ژنانی کوردستان) دامەزرا. چەندین گروپی سیاسی، بەتایبەتی لە سنە، شێوەی بەکارهێنانی چەکیان فێری ئافرەتان کرد. لە ماوەی دووەمین هێرشی دەوڵەت تاکو مای ١٩٨٠ هەندێ ئافرەتی کورد لە نەبەردی بەرگریکردن لە شاری سنەدا بەشداربوون. دوای ئەوەی دەوڵەت دەسەڵاتی شارەکانی گرتەوە دەست لە هەموو شوێنێک ئافرەت و پیاویان دەگرتن و گوللەبارانیان دەکردن (ناوی گوللەباران کراوەکان لە چاپەمەنیە دەوڵەتیەکاندا بڵاودەکرانەوە).

شەڕ لە کوردستاندا بە بێ وەستان لە مانگی مای ١٩٨٠وە بەردەوام بوە. بە هۆی زۆرهێنانی دەوڵەت بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێراندا، زۆربەی کەسانی چالاک لە ئافرەت و پیاو بە مەبەستی حەوانەوە لەناوچە ڕزگارکراوەکاندا، هاتنە کوردستان. یەکێک لە گۆڕانکارییە گرنگەکانی ساڵی ١٩٨٣ ڕێکخستنی ئافرەتانی ئەندامی کۆمەڵە، لە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەدایە. ئافرەتان دوای دەورەی فێرکاری چونە ناو کاروباری عەسکەرییەوە. زانیاریەکی ئەوتۆ لەمەڕ ڕادەی بەشداری ئافرەتان لە کاری عەسکەریدا بەدەستەوە نییە، بەڵام لیستەی ناوی کوژراوەکان، شایەتە بۆ ڕادەی بەشداری کردنی ئافرەتان لە بواری عەسکەریدا. بەپێی ئەوەی لە بڵاوکراوەی پێشڕەودا (ئۆرگانی ڕەسمی کۆمەڵە) لە ژمارەی ٦ وە تا ٨ کە لە سێ مانگەی بەهاری ١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە ٨٨ پێشمەرگە گیانی خۆیان بەخت کردووە کە ناوی ٩ ئافرەت (لە سەدا ١٠) لەناو کوژراوەکاندا بەدی دەکرێت. یەکێک لەو ئافرەتانە ڕابەری سیاسی گروپێک بووە. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەر کورتە مێژووی ژیانی سێ لەو ئافرەتانە بەدەستەوەن، دوو کەسیان خەڵکی سنە بون و سێیەمیشیان خەڵکی دێ بووە. لەمانە یەکێکیان وێڕای ئەوەی فێری یارمەتیە سەرەتاییەکان ببوو، شارەزایی لە کاروباری پزیشکیش هەبوو. بەم پێیە بێجگە لە ئەنجامدانی ئەرکە سیاسی و عەسکەریەکانی لە ئاست گروپەکەیدا، بەرپرسی گەیاندنی یارمەتیە سەرەتاییەکانیش بوو.

باسکردنێکی کورتی ژیان نامەی (باشی شکرایی)، کیژی حەڤدە ساڵەی خێزانێکی هەژاری گوندی لە ناوچەی مەریوان، پیشاندەری هەندێک تەنگ و چەڵەمەی سیاسی بوونی ئافرەتانە، بەتایبەتیش لەناوچە گوندیەکاندا. (باشی) لە کاری بێ بڕانەوەی ماڵ و بەدڕەفتاری باوک و برای کە ژیانیان لێ تاڵ کردبوو، ناڕازی بوو. ئەم کیژە لە ئەنجامی گوێ گرتنی لە گوتاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، کە بە مەبەستی چالاکی سیاسی دەچوونە گوندەکانەوە، ئاگاداری لەسەر بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵ و چەوساندنەوەی ئافرەت پەیداکرد. هێندەی نەبرد بووە یەکێک لە بەرگریکەر و لایەنگرانی کۆمەڵە و لەناو ئافرەتانی دێکەدا کەوتە بانگاشە بۆ بیروباوەڕیان. لەو

دەمەدا کۆنەپەرستانی دێ داوایان لە بنەماڵەکەی کرد بیدەن بە شوو، تاکو بەوجۆرە رێ لە بەردەم چالاکیە شۆڕشگێڕی‌یەکانیدا بگیرێ، بەلاّم (باشی) خۆی تەدا بەدەستەوە و لە زستانی ۱۹۸۳دا ئاوایی جێهێشت و چووە ناو پێشمەرگان.

کۆنەپەرستان و مەلای دێ، وەدوای کەوتن و داوایان لە پێشمەرگان کرد تا ئافرەتەیان بۆ بگێرنەوە. لە دانیشتنێکدا کە پێشمەرگەکان بە ئامادەبوونی خەڵکی ئاوایی و بنەماڵەی (باشی) رێکیان خستبوو، (باشی) رایگەیاند حەز دەکات درێژە بدات بە کاری شۆڕشگێڕی و نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ گوند، ئەوە بوو خوێندنەوە و نووسین فێربوو، پاش تەواوکردنی دەورەی فێرکاری سیاسی و عەسکەری رەوانەی بەرەی جەنگ کرا. (بڕوانە پێشڕەو، ئاپریلی-مای ۱۹۸۵).

د- ئاکامی باس:

زانیاریەکانی نێو ئەم وتارە، ئەوە پیشان دەدات کە ستروکتوری کۆمەڵگای کورد، لە جۆری باوک سالاری تەقلیدی‌یە و زۆربەی کات ئافرەتان تیایدا سەمەندۆکی ئاکاری ماڵ و لە ژێر چەپۆکی پیاوان دان و بەشداریکردنیان لە سیاسەت و شەڕدا بەمیرات لێ قەدەغە کراوە.

ئەو چوار نموونەیەی لێرەدا لێیان کۆڵدراوەتەوە ئەوە دەردەخەن کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەڵێکی گونجاوی لە هەردوو قەڵەمڕەوی ناوبراو، (سیاسەت و جەنگ)، بۆ ئافرەتان رەخساندووە، بەلاّم رێژەی بەشداریکردنی چالاکانەی ئافرەتان بەندە بە ماهیەتی رێبەرایەتیەوە. هەرکات سەرکردەی بزووتنەوە لە رووی سیاسی و ئایدۆلۆژی‌یەوە کۆنەخواز بووبێت، بارودۆخی باو گۆڕانکاری‌یەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و چوار دیواری ماڵ کونجی قەناعەت بووە تا ئافرەتان لاقی خۆیانی تێدادرێژبکەن (بۆ وێنە ئەزموونی-یەک و سێ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بە پێچەوانەوە، هەرکات سەرکردایەتی گەشبینتر بووبێت (ئەزموونی دوو)وە خاوەنی سیاسەت و ئایدۆلۆژیەکی شۆڕشگێرانە بووبێت (وەک کۆمەڵە لە ئەزموونی -٤-)دا، ئەوا بزووتنەوەکەیش دژی جەمسەری بارودۆخی باو هان دراوە و ئیمکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە سیاسەت و جەنگدا بە پلەی جیاواز فەراهەم کراوە.

رۆڵی بڕیاردەرانەی ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی سیاسی شتێک نیە تایبەت بێت بە کوردستان. لەڕاستیدا کوردستان لەم رووەوە زۆر لەو کۆمەڵگایانە دەچێت کە لە هەل و مەرجی گۆڕانکاری شۆڕشگێرانەدان. بۆ نموونە، لە بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکانی ئەفریقادا، بەشداریکردنی ئافرەت لە چالاکی سیاسی و عەسکەریدا رووبەڕووی نارەزایی‌یەکی زۆری سەرجەم خەڵک و بە تایبەتیش (پیاوان) بۆتەوە. دیارە لەم حاڵەتەیشدا ئاقاری ئایدۆلۆژی رۆڵێکی بنەمایی لە کێش و قووڵی لێدانی ئافرەتاندا دیتووە (بڕوانە Urdang، ۱۹۸٤ ل:۱۵۷-۱٦۳).

هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی درێژخایەنی بزووتنەوەی میللی لەسەر شوێنی ئافرەتی کورد، کارێکی هاسان نیە، ئەوەش نکۆڵی لێ‌ناکرێ بریتیە لەوەی کە بیروڕا کلێشەیی‌یەکانی پیاو لەمەڕ بێ‌توانایی جەستەیی و فیکری ئافرەتانەوە بەرهەڵستی کراوە، بەلاّم هێشتاکو تا وەدیهێنانی گۆڕانکاری بنچینەیی دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵ، رێگایەکی دووری لە پێشەوەیە. ئەزموونی شۆڕشە بە ئاکام گەیشتووەکان، ئەوە دەسەلمێنێ کە بنەبڕکردنی نایەکسانی کارێکی تا بڵێی پڕ چەرمەسەری‌یە. (بگەڕێرە بۆ سەرچاوەی سەرێ ل

١٦٦، لەمەڕ ئەزموونی ئەفریقاوە، هەروەها لە بارەی شۆڕشی ڤیتنامەوە تەماشای Eisen ١٩٨٤، لاپەڕەی ٦.٥ بکە) ڕاستە کە پێوەندی نێوان ژن و پیاو لە کاتی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەدا تووشی گۆڕانی گرینگ دەبێ، بەڵام مەسەلەی ڕەگداری دابەش بوونی کار لە نێوان ژن و پیاودا کە بەرهەمی هەزاران ساڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابورییە، ڕێگەنادا دەوری ژن و پیاو لە کۆمەڵدا لە بنەماوە بگۆڕدرێ.

کۆتایی!

یادداشت: ١: سەرژمێرەکان لەم سەرچاوانە وەرگیراون:

Ministry of Interior Public Statistic: National and province statistics of the first cenus of IRAN, vol:1. November 1956. Number and Distribution of the inhabitants for Iran and the census provinces. August 1961. Separate reports for each city or census district and province are found under city or provinens name.

* جمهوری اسلامی ایران: سازمان برنامه و بودجه. مرکز آمار ایران: سرشمار عمومی نفوس و مسکن، آبان ١٣٥٥، کل کشور. شماره ١٨٦، دی ١٣٥٩ ڕاپۆرتی سەربەخۆی هەر شار و هەر ناوچەیەکی سەرژمێرکراو و ئوستانیش، لەژێر ناونیشانی شار و ئوستاندا هاتووە.

٢- ژمارە هاتووەکان لە سەرژمێری ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٧٦ شاری مهاباد وەرگیراون (بڕوانە یاداشتی ١) ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٦ لە تەختەی شەشەمەوە ل ٢١، وەی ساڵی ١٩٧٦ لە تەختەی ژمارە ١٠، ل ٣٢ وەرگیراون و حسێب کراون.

٣- ژمارە دراوەکان لە سەرژمێری ساڵانی ١٩٥٦، ١٩٧٦وە دەرهاتوون (تەماشای یاداشتی ١ و ٢ بکە).

## سەرچاوەکان:

بە ئینگلیزی و فەرانسایی:


1- In English and French

Barth, Fredrik

1953 Principles of Social Organization in Southern Kurdistan. Oslo: Universitets Etnografiske Museum.

Eagleton, William

1963 The Kurdish Republic of1946. London: Oxford University Press.

Edminds, C.J.

1958 The Place of the Kurds in the Middle Eastren Scene. Journal of the Royal Central Asian Society 45 (2):141-153. April.

Hansen, Henry Harold

1960 Daughters of Allah: Among Moslem Women in Kurdistan. Translated by Reginald Spink. London: Allen and Unwin.

1961 The Kurdish Womens Life: Field Research in a Moslem Society, Iraq. Kobenhaun: Nationalmuseet.

Jwaideh, Wadie 1960 The Kurdish Nationalist Movement: Its Origins and Development. PH.D. dissertation, Syracuse University.

Khosrowshahi, Manoucher

1983 Management of Communal Conflict in the middle East: The Case of the Kurds. PH>D>dissertation, North Texas State University.

McDowall, David

1985 The Kurds. Report No. 23. London: The Minority Rights Group.

Nikitine, Basile

1956 Les Kurdes, Etudes Sociologique et historique. Paris: Imprimerie Nationale.

O'Ballance, Edgar

1973 The Kurdish Revolt, 1961-1970. London: Faber and Faber.

Urdang, Stephanie

1984 Women in National Liberation Moveements. In: African Women South of the Sahara, ed. by Margaret Hay and Sharon Stichter. Pp. 156-169. London: Longmans.

Vanly, Ismat Cheriff

1970 Le Kurdistan Irakie, Entite nationale: Etude de la Revolution de 1961. Neuchatel: Editions de la Baconniere.

Woodson, LeRoy

1975 We who face death. National Geographic 147(3):364-387. March.

به فارسی و کوردی:

- نووسەرێکی نامەعلوم:
(حەپسەخانی نەقیب)، ڕۆژی نوێ، ساڵی ٣ ژمارە ١ لاپەڕەی ٤٣-٤٦.
- ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بەغدا، ١٩٥٦-١٩٥٨.
- پارتی دمکرات کردستان-کمیته تدارکاتی، «ارزیابی خط مشی شورش کرد» (ژانویە١٩٧٧) لە کتێبی مبارزه ملی و مبارزه طبقاتی، انتشارات اسماعیل شریف زاد. ١٣٥٦، ل١٥٥-٢٥٥.

بڵاوکراوە:

- کوردستان، ڕۆژنامەی کۆماری کوردستان ١٣٢٥-١٣٢٦.
- کوردستان، بڵاوکراوەی حزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران ١٩٧٩-١٩٨٥.
- پێشڕەو، بڵاوکراوەی کۆمەڵە-ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ٨٥-١٩٨٣
- ڕۆژی نوێ، بڵاوکراوەیەکی مانگانە، چاپی سلێمانی/ عراق ١٩٥٩-١٩٦١.

***

تێبینی:

نووسەری ئەم وتارە، خاتوو سەحەری قارەمان لە نزیکەوە ئاشنای کورد و زمانەکەیەتی و (بەباشی زمانی کوردی قسە دەکات و پێی دەخوێنێتەوە). لە نزیکەوە چالاکانە بەشداری (بزووتنەوەی خودموختاری کوردستانی ئێران)ی

کردووە و ئاگاداری بەشداریکردنی ژنانی کوردە لەو بزووتنەوەیەدا، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە (گرنگی بدات بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئافرەتی کورد).*

سەحەرخان ئێستا لە دانیشتگای وێندەسۆرەی کەنەدا کاردەکات، لە داهاتوودا دوو پرۆژەی تری بۆ ئافرەتی کورد تەرخانکردوە. یەکەمیان ئافرەتان لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا ١٩٤٦، دووەمیان لێکۆڵینەوەیەکی فراوانە لە بابەت بەشداریکردنی ئافرەتی کورد لە سیاسەت، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتی‌دا، بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی ئافرەتانی وڵاتە مسوڵمانەکان.

ئەم وتارەمان لە زمانی فارسی‌یەوە کردۆتە کوردی دەقە ئەرووپییەکەشیمان وەکو سەرچاوەی دووەم بەکارهێناوە، نووسەر خۆی بەووردی بە وەرگێرانەکەی ئێمەدا چۆتەوە و لە زۆر شوێندا ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان دەقە کوردیەکە و دەقەکانی دیکەدا پەیدی بکرێ، بە خواستی نووسەر خۆی بووە.

* ئەوەی لە نێوان کەوانە چکۆلەکاندا هاتووە، لە نامەی نووسەر بۆ وەرگێری لێکۆڵینەوەکە، وەرگیراون.

* شایانی باسە لەکاتی وەرگێڕانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ سەرنجم لا دروست بوون، کە دەکرا نووسەر لە باسەکەیدا جێگەی بۆ تەرخان کردبان و، وا بەکورتی لە خوارەوە یادداشتیان دەکەم.

– مادام نووسەر باسی ژیانی ئافرەتانی لادێنشین و شارستانی کوردی کردووە، لەجێی خۆیدا بوو باسی نەریتی بێوەژن پۆشی و مەراسیمی تازەیەباری بکات و جیاوزی و لێکچوونەکانیان بەپێی ژیانی ئەو دوو ژینگەیە روون بکاتەوە.

– مەسەلەی شیردان/یان نەدانی بە منداڵ چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد و جیاوازی ئەم بڕیارە لە گوندەوە بۆ شار چۆن دەردەکەوێ و کاریگەری لەسەر داوڕۆژی منداڵ لە چ ئاستێکدا بەجێ دەهێڵێت.

– ئایا بۆچی ئافرەتان بەشێک نەبوون لە ئەرتەشی هۆز (عشیرە)؟؟

– ئایا وەدەرەی ئامۆزشی‌ی -کۆمەڵە- و لەو رێگەیەوە (بەسیاسیکردنی کچانی کورد)، دواجار چ جۆرە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی ...هتد بۆ ئەو ئافرەتانە دەهێنایە ئاراوە؟ وە ئایا لە روانگەی کۆمەڵناسی‌یەوە ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی سەرەتایی ساغ و سەلیم بوو، یان نە؟؟

– پێم وایە لە خەباتی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا ئافرەتی کورد دەورێکی گەورەی لە مەیدانی پۆست و نامەهێنان و بردن، لەشارەوە بۆ چیا و بە پێچەوانەوە -گێڕاوە. ئەمە بابەتێکە دەبوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی کرابا.

**وەرگێر**

## باسێ جەفارۆڤا:

# هەرچۆنێک بێت من هەست بە پەراگەندەیی خۆمان دەکەم

وەرگێران و ئامادەکردنی: ئارام عەلی

ئەو چەند سەد هەزار رۆڵانەی گەلی کورد کە لەم ۲۰۰-۳۰۰ ساڵەی دواییدا پەرەوازەی ئیمپراتۆری روسی ببوون، لە چەند ساڵی دوای شۆرشی ئۆکتۆبەردا هەندێ مافیان پێدراو توانیان قەوارەیەکی سیاسی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی (کوردستانی سور) دا بۆ خۆیان پێک بهێنن و تا رادەیەک ئازادتر و شادتر لە براکانیان بژین. لەو ماوە کەمەدا زۆر دەسکەوتی بەنرخ بە دەست هات، چەندان دامەزراوە و قوتابخانە و پرۆژەی کولتوری و رۆژنامە و رادیۆ سازکران و وزەیەکی زۆر بۆ پێشخستنی زمان و کولتوری خرایە گەڕ. بەمەش بەشێکی زۆری خەڵک، کە پێشتر ژیانی کۆچەری و خێڵەکی دەژیان، هۆشیاربوونەوە. چەندان شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و زانایان تیا هەڵکەوت.

بەڵام بەداخەوە ئەمە زۆری نەبرد. شۆڤینزمی ئازەری و سیاسەتی نامرۆڤانەی ستالین و سەرکردایەتی ئەو دەمەی سۆڤیەت، نەک هەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردییان هەڵوەشاندەوە، بەڵکو هەر کۆمەڵێکیان بۆ ناوچەیەک راگواست ، ئەوەیش کە لە ناوچەکەدا مایەوە، هەروەک بڵێی زەوی قوتیان ئەدات، ئاوا وەکو کورد نەدەمان، لە ئازەربایجاندا هەندێکیان بە ئازەری ناونووس دەکرد و هەندێکی تریشیان بە یەزیدی.

ئینجا لەبارودۆخی ئاوا نالەباردا کە کەس نەیدەتوانی وەکو کورد خۆی بناسێنێت چجای ئەوەی باسی ئەدەب و هونەر و شتی تری کوردی بکردایە، ئەوەشی خواستی خۆپێشخستن و یا بەهرەیەکی هەبوایە دەبوو فامیلیای بگۆڕێ یاخود کار و بەرهەمەکەی لە خزمەتی «نێونەتەوەیی» و نەتەوە زاڵەکاندا بوایە وەکو هونەری ئەو نەتەوانە پێشکەش بکرایە. هەر بۆیە تا ئێستاش گۆرانی و مۆسیقا و هەڵبەست و بەشەکانی تری ئەدەب و هونەر هەر بەشێوە سادە و سەرەتاییەکەی جاران ماوەتەوە و زۆر لەوانەی کوردستان دواکەوتوترن.

بێگومان برا کوردەکانمان بەسەر نۆ کۆمار (ئێستا وڵاتی جیاجیا) کە قورەکە زۆرتر خەست دەکاتەوە، دابەشکراون و لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و گورجستان زۆرترین ژمارەی کوردی تیایە.

کوردەکان لە گورجستان ژیانیان باشترە، هەرچەند لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا دوای ئەوەی ناسیونالیزمی گورجی هەراشتر بوو تەنگیان پێ هەڵچنراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەوێ ئازادتربوون و رێگەی زۆر جمرجۆڵیان دەدرا، بۆ نمونە لە گورجستاندا تاکە شانۆی کوردی و تیپی مۆسیقا و چەندان گۆرانیبێژی وەکو (خانێ زازێ) و هونەرمەندییان هەیە. لەناو هونەرمەندا بەتایبەت نیگارکێشاندا خاتوو (باسێ جەفارۆڤا) یان هەیە کە ناوبانگێکی باشی لە سۆڤیێتی جاراندا هەبوو.

باسێ جەفاروڤا کچە کوردێکی هونەرمەندە، لە تبلیس پایتەختی گورجستان لەدایک بووە، قوتابخانەی ناوەندی ژ-١ی گورجی تەواوکردوە، پاشان پەیمانگا (تێخنیکۆم) ی هونەری بەناوی یا.نیکولادزێ و لە سالی ١٩٧٢ شدا ئەکادیمیای هونەری تبلیسی تەواوکردووە. باسێ یەکەم هونەرمەندی کوردی پسپۆر و پیشەگەرە لە سۆڤیەت و، یەکەم ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی سۆڤیەتە، یەکەم هونەرمەندی کوردە، کە تابلۆکانی لە هەندەران پیشاندرابێت.

باسێ رێگە شکێن بوو، تەنیا لە دوای ئەوە وە لیڤا ئوتیبیان، ئەنتۆن میرزاییڤ، مراز مگۆیان، ئەندو چلدارگوشی و مارینا ئوزمانیان و هی تر چونە ئەکادیمیای هونەری و خوێندیان.

لەگەڵ ئەمەشدا هەتاکو ئەمرۆ کورد لە دامەزراوە داهێنەریەکاندا زۆر کەمن. ئەوە خۆ باسی کۆمارەکانی تری یەکێتی سۆڤێت ناکرێت، کە زۆرتر کوردەکانمان حەز بە مێژوو، فیلۆلۆگیا، پزیشکی و ئەندازیاری دەکەن.

- واتە لای ئێمەی کوردی سۆڤیەت نەریت و حەزکردنی لە هونەر نەبووە؟ ئەی چۆن تۆ تەنیا ئەم رێگەیەت هەڵبژارد؟

- یەکەم راست نیە بوترێت کە ئێمە نەریت و ترادیسیونی وامان نەبووە، بە پێچەوانەوە بومانە. زۆر لە مێژە کیژی کورد خەریکی مافور و قاڵی چنین بووە. من پێم وایە کە ئەمە هونەرێکی زۆر نایابە و من خۆم زۆر بە دڵخۆشییەوە مافوری دیوار دەچنم.

دووەمیان، لە قوتابخانە مامۆستایەکی زۆر باشی نیگارکێشانمان هەبوو (مارکۆ پۆلۆنیکا شڤیلی)، کە پێدەچێت شتێکی لە من رابینیبێت و کارێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی خۆشەویستی نیگارکێشان لەلام ببزوێنێت. ئەیزانی کە لە ماڵەوە (هەروەکو لە زۆربەی ماڵە کوردەکاندا) هەلومەرجی لەبارمان نییە، هەر بۆیە لەدوای وانە وتنەوەدەیبردمە لای خۆی و ناچاری دەکردم نیگاربکێشم و فێری دەکردم چۆن جوانی و رەنگم خۆش بوێت. من زۆر قەرزاریاری ئەوم.

- باسێ، هێندەی من دەزانم زۆربەی زۆری هونەرمەندە کوردە پیشەگەرەکان دەرچوی تبلیسن، چۆن ئەمە روندەکەیتەوە؟

-لەوانەیە، ئەو ناوەندەی تیایدا دەژین وای کردبێت. تبلیس هەمیشە جێگای شاعیری مەزن، ئەکتەر و مۆسیقار و هونەرمەند بوە. دیارە خودی ئەتمۆسفێرەکە سروشی پێداوین.

سەبارەت بە ئێمەی کوردیش، دەبا لە بیرنەکەین کە لەم بیست ساڵی دواییدا لە گورجستان بایەخێکی تایبەتی بە پێشخستنی کولتوری کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەلایەتی-ژیاری کەمایەتی کوردی دراوە. ئێمە ئەمرۆ لەبیرمان دەچێتەوە، بەلام ئەو هەلومەرجەی کە بو لاوی کورد هەیە، ئەو مافانەی کە بۆ خوێندنی دانیشگا بە ئێمە دراوە و تا ئێستاش هەرماوە، رۆڵێکی گەورەی لە بواری سازکردنی ئینتیلیگێنسیای نوێی کوردی و پسپۆر لە بواری جیاوازدا هەیە.

وابزانم مافی وا لە هیچ کۆمارێکی تر نەبووە.

- بەلام وابزانم ئێستا لە گورجستان ئەو مافانە نەماون؟

- بەڵێ، بەلام لە رێی ئەو مافانەوە کە هەبوون ئەمرۆ لە تبلیسی ژمارەیەکی زۆری کورد -نیگارکێش، مامۆستا، ئەندازیار، رۆژنامەنوس و پزیشکن.

- ئەمە راستە. بەلام ئەوەش راستە کە زۆربەیان لە بواری خۆیاندا کارناکەن. بە تایبەتی نیگارکێشەکان. وا بزانم دیسانەوە تۆ تاکە کوردێت کە لە بواری هونەردا کاردەکەیت. ئەوەندەی

من بزانم زۆربەی نیگارکێشەکانی تر هەر یەکەی بە شتێکی ترەوە خەریکە و وردەوردە تواناى پیشەگەرییان ون دەکەن.

– زۆر بە داخەوە، ئەمەش راستە. کوڕەکانمان "پارە پەیدادەکەن". گوناهی کێیە؟ ژیان لەمەدا گوناهبارە! هەمویان خاوەن خێزانن و منداڵیان هەیە و دەبێت بژێویان بۆ پەیدابکرێت. دانیشتن بە دیار تەختەی نیگارکێشانەوە کەس تێرناکات. من لێیان تێ دەگەم. بە پێی ئەزمونی تایبەتی خۆم دەزانم (خۆشیان دانی پیادەنێن)، کە زۆر سەختە و بەتاسەوەن بۆ نیگارکێشان و ئەگەر بهاتایە گوزەرانیان باش بوایە، ئەوا زۆر بە دڵخۆشییەوە نیگاریان دەکێشا، بەڵام...

هۆیەکی تری گرنگی "بێ چالاکی" هاوڕێ نیگارکێشەکانم ئەوەیە: ئێمە هەروەکو پەراگەندە واین. کە نرخی داهێنان و دەست رەنگینیمان نییە. بە زمانی شانۆ -بینەرمان نیە (من مەبەستم لە بینەری کوردە) ئەمانەوێت پێشانگا بکەینەوە و بەرهەمەکانمان بخەینە بەردەمی دادگای گەل. بەڵام نازانین چۆن بیکەین خۆ ناشتوانین هەموان بۆ کارخانەکەمان یانماڵەوە بانگ بکەین.

زۆر بەتاسەوە یادی ئەو سێ پێشانگایەی نیگارکێشە کوردەکان دەکەمەوە کە لە تبلیس لە ساڵانی (۸۸،۸۱،۸۰) دا سازکرا. لە بیرمە کە چەندان سەعات لە هۆڵەکەدا دادەنیشتم و تەماشای خەڵکم دەکرد، لەوانەیشە هەمرو ئەوانە لە هونەر باش تێ نەگەن، بەڵام ئەوانە خەڵکی خۆمان بوون و لەوانەیە ئەوان لە کارەکانماندا شتێکی نزیک لە خۆیان و ناسراویان دۆزیبێتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەو سەختیانەشم لەیاد ناچێت کە لەبەردەم رێکخستنی پێشانگاکاندا قوتدەبوونەوە،بەڵێ ئێمە گەلێکین کە دەوڵەتمان نیە، بەڵام ئێمە هێشتا ئەو گەلەین کە بەشێکی زۆری پەرەوازەی زۆر جێگەی جیهانە و مەڵبەندی کولتوری و فیدراسیۆنی لە زۆر وڵاتی دونیا هەیە. بەڵام بە داخەوە دەربەستی ئێمە نین و هیچ یارمەتییەکمان نادەن. ئێمە تەنیا یەک شتمان دەوێت: ئەویش تەنیا ئەوەی بەرهەمی داهێنانمان بە گەل بگات. یاخود ئایا ئێمە مافی ئەوەمان نیە؟... چەندە دەتوانرێت لە قازانی خۆماندا بکوڵێین؟ چەندە دەتوانرێت هونەر و داهێنانمان بۆ کەسوکار و هاوڕێکانمان بێت؟ ئایا هەمان شت ئاراستەی ئێوەش نەبۆتەوە؟ ئایا ئێوەش پێویستان، ئەگەر تەنیا پشتگیری دەروونیش بێت، بە یارمەتی فراوانی کۆمەڵی کوردی نیە؟ من خۆم لە شانۆی گۆرجی دەوڵەتی کاردەکەم و زۆرباش دەزانم چەند بە سەختی شانۆگەری دەکرێت. تەمە تەنانەت لەوێ کە تەنیا بۆ دەرهێنانی بە دەیان تەکنیکی کاردەکات. ئێوەش هەروەکو ئێمە کاردەکەن -دەستەیەک دڵسوتاو- بە بێ یارمەتی و پشتگیری. هەتاکەی دڵسۆزی بەشتان دەکات؟...

رۆژنامەی "گۆلۆس کوردا-دەنگی کورد" (کە بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەم) بە دانەی کەم دەرناچێت. خوا بکات کە ژمارەیەکی زۆر کورد بیخوێننەوە، بەتایبەتیش ئینتیلیگێنسیا و هیوام وایە کە ئەم گوتانەی من بۆیان ببێتە بیانو بۆ تێ رامان: کولتوری نەتەوەیی لە هەمرو جێگایەک پێویستی بە یارمەتی هەیە؟ کەواتە پشتگیریمان بکەن!

هەتاکو ئێستا لەناوماندا کەسانێ وا هەن کە خۆشیان بە "سەرکردەی میللەت" دەزانن، رادەگەیێنن کە گوایا ئێمە پێویستمان بە کولتور نیە... من نامەوێ لێرەدا لەسەر ئەوە بئاخەفتم، بەڵام زۆر ئومێدەوارم کە کەس لە کوردان لە دوایانەوە نەڕوات. ئەمە رێگەی سەر بەفەتارەت دانە.

پێدەچێت، کە بەتایبەتی هەڵوێستی ئاراهی خۆمان بەرامبەر خۆمان و ئەو پەراگەندەیی و لاتەوازەییەمان وای لێ کردوین کە لە گەلێ لە کۆمارەکانی سۆڤێتدا سەما، مۆسیقا، کەرەسەی خۆ جوانکردن و ئارایشتی ئافرەتانمان، جلوبەرگ، مافور و قاڵی و چەندان شتی ترمان ون بکەین، نەخێر -لێیان دزیوین و بۆ خۆیانیان بردووە و بەناوی خۆیانەوە پیشانیان دەدەن، کەچی تەواوی ئێتنۆگراف، مێژووناس، زمانەوان و کەسانی تری کولتوریمان بێ دەنگن. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێت، کە لە زۆر جێگە ناخوازن ئینتێلیگێنسیای کوردی داهێنەر سەر هەڵبدات و پێشیان باشترە کە ئەو تاک و تەرایەش هەیە و لە ئینیستیتوتەکانی ئەکادیمیای زانستی کۆمارەکاندا کاردەکەن، بەرهەمەکانیان "کە ناوبەناو دەری دەکەن لەسەر برایەتی" نەتەوە جیاوازەکانی وڵاتە ...فرەنەتەوەییەکەمان" لەگەڵ کورد دا بێت و یاخود "لێکۆڵینەوە" لەسەر هونەری کوردەکانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت بەبێ "گوێدانە" ژیانی ئەوبەری کلۆڵی و هەژاریمان لەم وڵاتەدا.

- ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە و دەبێت ئاخاوتنی تایبەتی لەسەربکرێت... باسێ، ئەتوانم پرسیارێکی تایبەتیت لێ بکەم؟ چ خەون و ئارەزوویەکت هەیە؟

- زۆر حەزدەکەم پێشانگایەکی تایبەتی بکەمەوە و بەرهەمی ساڵانی پێشوم کە لە ژێر کاریگەری تراگیدیای شاری هەڵەبجەی کوردستانی عێراق و ۹ ی نیسانی* تیلیس دا لەدایکبوون، پیشانی بینەران بدەم. هەروەها بە ئاواتەوەم ئەلبومی مافورە دیوارییەکانم دەربکەم.

زۆر بەشادمانییەوە بەڵێنی سازکردنی پێشانگایەک بۆ نیگارکێشە کوردەکان لە لایەن مەڵبەندی کولتوری کوردی لە مۆسکۆ بیست. ئەمە کارێکی زۆرچاکە.

* لە ۹ ی نیسانی ۱۹۸۹ دا لە تیلیس تانک لە دژی خۆپیشاندەران خرایە گەڕ و بە دەیان کەس لە مەیدانی سەرەکی شاردا بەدەستڕێژ شەهیدکران.



# شازادەی بێ تاج (عادیلەخانم)



عادیلەخانم کچی (عەبدولقادر بەگی ساحیبقران)ە، لە ساڵی ١٨٥٩ لە شاری سنە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٨٩٥ شوو بە عوسمان پاشای کوڕی مەحمود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف دەکات و لە هەڵەبجە دادەنیشێ. لە کتێبی «کورد، تورک، عەرەب»دا ئیدمۆنز دەڵێ: «عادیلەخانم یەکێک بوو لە کەسایەتیە هەرە دیار و ناودارەکانی هەڵەبجە، شازادەیەکی بێ تاج-ی شارەزوور بوو. ئێمە هەموومان پێمان دەووت- Lady- ».

عادیلەخانم ئافرەتێکی زۆر لێهاتوو و چالاک بووە لە هەڵسووڕاندنی کاروبار، تەنانەت پێش مردنی مێردەکەشی، عوسمان پاشا، هەموو کاروبار لەدەست ئەودا بووە.

دوای هاتنی ئینگلیز بۆ کوردستان، عادیلەخانم کە ئەوکات بێوەژن بوو، ڕۆڵێکی گرنگ و چالاکانە دەبینێ لە کاروبار بەڕێوەبردن و لەلایەن حکومەتی ئینگلیزەوە. نازناوی «خان بە هادور»ی پێدەبەخشرێ کە نازناوێکی بەرزی هیندییە. ئیدمۆنز لە هەمان کتێبدا دەڵێ: «ژەنەراڵ فرێزەر ویستی ببکات بە کۆماندان».

عادیلەخانم لە ساڵی ١٩٢٤، لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانێکی نزیک هەڵەبجە دەنێژرێ.

کورتیله چیرۆک

# مەرگ... ستان

زایەر عەبدوڵلا

(ئەم کورتیله چیرۆکانه هەڵبژاردەی کۆمەڵەیەکن، ئومێده لە دەرفەتێکی نزیک بە چاپیان بگەیەنم)

«١»

لەنێو حەمامە بچووکە پەردە دارەکە، خۆی رووت کردبووەوە و تەمای بوو خۆی بشوا، بە تازەوە ئاوی شلەتێنی بەسەر و قژە درێژەکەی دادەکرد... سەرەتا: وایزانی بۆنە خۆشەکە هی سابوونە بە دیاری هێنراوەکەی فریادی دەسگیرانیەتی، هێدی هێدی دەستی شل بوو، تا پتر بۆنەکەی هەڵدەمژی زیتر هەستی لاسەنگ دەبوو... هاواری کرد دەنگ لە قورگیا خنکا... دوا بیرکردنەوەی:

- حەیف و مخابن سەربازێکی خوێری و چاوحیز بەم شێوەیە دەیبینێ!!؟

***

«٢»

هەردووکیان، سەری پێنجەمین ساڵە یەکتریان دەبوغزاند، لەنێو ئاپۆرە و حەشاماتی خەڵکدا و لە گەراجی سلێمانی هەریەک بە لایەکدا عەوداڵی هەواڵێکی خاوخێزان پرسین بوون... لەپڕ، ڕوو بە ڕووی یەکتر بوونەوە:

(یەکتریان لە باوەش گرت و لە «باوکە رۆ»یان دا؟

***

«٣»

سێ رۆژ خانە خوێنەکەی تۆزپیان کردبوو، ئەمیش وەک سەگێکی بە غەک دوور بە دووری لە ماڵەکە ڕادەما و جار جارە نوزەیەکی تکا ئامێزی بۆ دەکردن. هەرکە بارە ئاساییەکە تێکچوو... ئەم لەوەڕین نەکەوت و دوور بە دووری ئاوایی ڕووە و

ئاسمان هەر دەوەڕی... هەموو بوونەوەرەکانی نێو شار، مرۆڤ و ئاژەڵ، گوڵ و گیا توانەوە و کەوتنە سەرزەوی، ئەم بە قەڵەمباز بەرەو وێرانە ماڵ بووەوە و لەبەر دەرگا حەپەسا دەورووبەر خامۆش تەنیا گوێی لە گریانی کۆرپە تازەکە بوو ملی نا چووە ژوورەوە و مەلۆتکەکەی بەدەم هەڵگرت:
(بە نیازی ململانێ و مانەوە بە راکردن لە شار دەرچوو»

***

«٤»

خەجاو دوێنێ شمەکی بووکێنی بۆ هاتەوە، باوڵێکی گەورە پڕ بوو، تەنانەت پەڕۆ سپییەکەی شەوی پەردەشی تێدا بوو... جەژنی رەمەزان دەگوازرایەوە، وەلێ کە ئاوایی بووە شاری مردوان... چەکدار بە نێو دێ وەربوون سەرباز بە دوایانەوە، چەکدارێکی تازە زاوا بەسەر لاشەی خەجاو قەڵەمبازێکی دا و باوڵی تایانی هەڵگرت و گەڕاوە نێو پیکەبەکەی پێی هاتبوون:
(ئێوارە بە دەستی بەتاڵ لە بووک بەژوور نەکەوت)

***

«٥»

لە سەرەوەڕا، لەنێو فڕۆکە... دێی شێخ وەسانانی لەبەر چاو بوو، بنیادەم، پشیلە و سەگ، دار و درەخت هەمووی هەڵدەوەرین، ئەم یەکسەر باوکی هاتەوە یاد (باوکیشی لە «١٩٧٤/٤/٢٤» یەکێک بوو لەو فڕۆکەوانانەی قەڵادزەی شەهید کرد) بە بزەیێکی سەرکەوتنەوە منگاندی:
- بابە وەرە بە چاوی خۆت ببینە، ئاخۆ لە کورد کوشتن کامان پاڵەوانترین؟ من یان تۆ؟!!

***

- ئاداری ١٩٨٨

# کورتیلە چیرۆک

سابیر ڕەشید

## ١- گوڵێلک

دالاشە برسیەکان هەڵنیشتنە سەرگیانی مروڤێک، لاشەکەیان هەموو خوارد تەنها ئیسکەکان مایەوە... لەکاتی خواردنی جەرگی دا دلۆپە خوێنێکی پاک و بێ گەرد لە زەویەکەدا روو چوونە خوارەوە... دوای چەند ساڵێک لە هەمان جێگای لاشەکەدا گوڵێلێک بەدەم خۆر دەگەشایەوە.

## ٢- کەپر

خێزانێک لەبەر دوژمنداری ئاواییەکەیان بەجێهێشت... لە شوێنێکی دوور گیرسانەوە و کەپرێکیان بینا کرد... دوای ماوەیەک دوژمنەکانیان بەسەریان دادان، بەڵام ئەم کات پیاوەکانیان لەوێ نەبوون، بەڵکو هەر یەکێکیان خەریکی ئیشی خۆی بوو... ئەوانیش بۆ ئەوەی بێ هیچ ئەنجامێک نەگەڕێنەوە، ئاگریان لە کەپرەکە بەردا... بەڵام دوای دامرکانەوەی ئاگرەکە، کەپرێکی تریان بینا کردەوە... بڕیاریشیان دا ئیتر ببن بە ئێشکگری گیانی خۆیان و کەپرەکەیان.

## ٣-بەردەوامی

هەموو ساڵێک هەر لە هەمان کات و شوێندا کەللەسەرێک لەژێر بەفرەکەدا سەردەردێنێ، تا جارێکی تریش لەگەڵ هەوای ناوچەکەدا خۆی رادێنێتەوە و دەبێتەوە مرۆڤ. ئینجا روو دەکاتە ئاوەدانی. لەو شوێنەدا کە یەکەم کەللەسەری تیا شاردرایەوە لە مێژوودا.

## ٤- چیرۆک

ئەگەر چیرۆکنوسیش نەبیت دەتوانی ئەم چەند سەرەداوە بکەی بە چیرۆکێکی ئاسایی، چونکە کارەساتەکە زۆر لەوە درێژترە کەمن بە چەند دێرێک بۆت بنوسم..

بە کورتی (لاشەی کچێکی خلتانی خوێن، تەمەن چواردە پانزە بەهار، جێ پەنجەی درندەیەکی بەشێوە مرۆڤ... شێوەی ڕاکشانەکە ئەوەی دەنواند کە بە زۆری کچێتی لێدزراوە...) چی تریش بە خەیاڵتا دێت و بیخەیتە سەر ئەم بەسەرهاتە ئەوا ڕاست دەکەی.
سەرەتا و گرێ چن و کۆتاییەکەی لە مێشکی خۆتدا بە یەکەوەیان بلکێنە ئەوسا لەوە دڵنیابە کە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی لێدەرچی!.

٥- بەراورد
لە تەلەفزیۆنەکەی چایخانەدا بینی سەگێک خۆی ئاخنیە باوشی ئەم ژنەی کە پاڵەوانی فیلمەکەبوو... ئەمیش دەستی بەسەرداهێنا و بەیەکەوە نانیان خوارد و خۆیان شت و بە یەکەوەش نووستن... تاد. کە لە چایخانە هاتە دەرەوە و بەرەو ماڵەوە کشا لە گوفەکەکەی نزیک ماڵیان بینی زەلامێک لە خلتانی خوێنا وەردراوە... بە هەڵەداوان خۆی گەیاندەوە ماڵەوە... تا خەویشی لێنەکەوت ئەم دوو دیمەنەی لە تۆمارگای مێشکیدا بەراورد دەکرد.

٦- ئەکتەر
خولیای هونەر کەوتبووەسەری، بەردەوام بن هەنگڵی لە گۆڤار و ڕۆژنامە بترازێ جێنی چی تری لێ نەدەبووەوە، هەمیشە لاسایی هونەرمەندە مەزنەکانی دەکردەوە، دوای ئەم سەر ئێشە و سەرقاڵیە هەر بە کۆمپارسی مایەوە، بەڵام دڵی بەوە خۆش بوو دوای داوەتکردنی دەرهێنەرەکەیان دەورێکی سەرەکی پێ بەخشرا... کەچی دوای دوو مانگ پرۆڤە پێیان ڕاگەیاند لەبەر چەند هۆیەکی هونەری شانۆگەریەکە پیشان نادرێ.

٧- پەراوێز
ئەمجارەیان زۆر لە جاران بە هەوەستر دیدەنی کرد، ئەو گۆڤارەشی پێ بوو کە بابەتەکەی تیا بڵاوکرابووەوە، بە نازێکەوە لاپەڕەی یەکەمی وتارکەی خۆی خستە بەردەمی مامۆستا، جەنابی مامۆستاش هەتا دواپەڕەی هەڵدایەوە تا گەیشتە پەراوێزەکان و یەکە بە یەکەی خوێندەوە و گۆڤارەکەی فڕێ دایەوە پێشی و پێشی گوت: «تۆ کەی واز لەم جۆرە نووسینە بێ تام و چێژانە ناهێنی... کاکە ئاخر لاوازە

و خۆشت نازانی چی دەڵێی». کاکی نووسەر بە دڵشکاوی هاتە دەرەوە و بە هاوڕێکەی گوت: «ئێ خۆ مامۆستا گەلێ لە نووسینەکانی من رازیە و بەردەوام پێشم دەڵێ، ئافەرین، ئەم کردارەی ئەمجارەی یانی چی...!»... «دیارە ئاگاداری ئەوە نیت کە تۆ لە پەراوێزدا پێش ئەو ناوی ئەو مامۆستایەت بردووە کە دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێ...»

## ٨-دژەکان

دز و جەردە و پیاوکوژان چ تەما بەم وڵاتەی نەکەن دارتەل و وزەی کارەبا و مس و فافۆن و چینکۆ و ئاسن و لاستیک و ئۆتۆمبێل و شیش و دار و ماشینی قیرتاو و تانکەر و بۆڕی ئاو و سۆندە و چیمەنتۆ و بلۆک و کارگە و شۆفەڵ و لۆری و قەلابە و داوودەرمان و ئامێری نەخۆشخانە و تا کونە شوشە و کاغەز و قونکە جگەرە و نازانم چی تریش...؟ کردیانە پوول و بۆ ئەو دیوی سنووریان بەرێ کرد... «کێ بەرپرسیارە ...... کێ ......» وەک شێت و هار رووی پرسیاری لە خەڵکەکە دەکرد... هەندێک گاڵتەیان پێدەکرد و بە شێتیان دەزانی...... هەندێکیش وەک خەنجەر دەخزایە گیانیان... بەڵام لە ئاخ هەڵکێشان بەو لاوە چی دیکەیان پێ نەدەکرا و لەدەست نەدەهات... گەبشتە نوێنەرێکی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشرە ئینگلیزیەکەی هەمان پرسیاری لێکرد، ئەویش دڵنیای کرد کە زۆربەی کەسانی نەتەوەکەی دژی تەکنەلۆژیان... خۆخۆرن...... هەڵپەرستن...... دوژمنی ئەوەی خۆیانن...... پشوویەکەی هەڵکێشا ئەوەندەی پێکرا بڵێ «باش نییە خاک وخۆڵی وڵاتەکەمیشیان نەفرۆشت؟!... مەرج بێ کە پەرلەمانم دامەزراند تۆڵەی هەموو شتێکتان لێ بکەمەوە...».

## ٩- کۆچ

ئەگەرچی هێشتا نەبووبووە گۆرەپان، بەڵام منداڵ ئەوە نازانێ و کردبوویان بە بارێگەی خۆیان. دوای تۆزێ راکردن و هاتن و چوون. یەکێکیان لەم لاوە گۆیەکی لە ژێر تەپۆلکە خۆڵینەکەدا دەرهێنا و بە شاگەشکەییەوە منداڵەکانی تری بانگ کرد و هیچیان نەیانزانی چییە! یەکێکیان کە لە وانی تر چەتوون تر بوو دەستی دایە ئەم ئەڵقەیەی کە بەسەرێکییەوە نووسابوو، هەوڵی دا رایکێشێ. یەکێکی تر لەم لاوە و، ئەوەی تریان لەولاوەو و ئیتر بووە راکێش راکێشان تا لەپڕ لەگەڵ

دەنگی تەقینەوەی گزیەکە هەریەکەیانی بەلایەکدا بەردابەوە و قاقای پێکەنینیان بوو بە دووکەڵ و رۆندکیش بە گۆزەپان.

**۱۰-تروسکایی**

ئەو دوو دەستەی هەزاران لوغمی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان پێ دەرهێنا ئێستا براوەن... ئەو دوو چاوانەی بە ئاواتیان بوو ئەم خاکە ئاڵتوونەی بێ تەقەمەنی پێ ببینێ ئێستا نابینان.. چاویکیان تارمایی پێ بەدی دەکرێ... ئەگەر بگاتە دەرەوەی وڵات رەنگە تروسکاییەکی پێ بەدی بکا... دەیان جار سکالای بەرزکردەوە... سەرەنجام بە خەم ساردی مایەوە، بێ پول، بێ بژیو، بێ توانا... ئەوەندەی قازانج بوو لە ئەرشیفی ئێستگەکان بە پاڵەوان ناوی تۆمار کرا.


## لە بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو:

ئەنفال ئاشکراکردنی هێرشێکی عێراقی بۆ لەناوبردنی کورد
نووسینی: **کەنعان مەکیە**
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: **خالید نازدار زادە**

تیوری... لە خوارەوە بۆ سەرەوەچوون و بە باوەڕنەکردنی زانیاریی.
بەشی دووەمی بزووتنەوەی کورد لە تۆماری ئەرمەنییەکاندا.

# کێڵ

فەرەیدون سامان



لە گیانی سامالێکی زیوین دا
چاوت هەڵێنا...
لە ناخی ئەو ئاسمانە بێ کۆتایی یە
ئەستێرەی گەش
ڕۆشنایی بۆ چاوەکانت هێنا
لەوەرزی ئامۆ بوون و مشەختی
ڕۆژانی رەش
لە تینوویەتیدا مەمکی گەواڵەت هەڵمژی
لە ساتەکانی تەنیاییدا
زریانت کردە باوەش
ناڵە و هەناسە دووری
لە گۆڕی مەنگی ماتەمینی دەنیژی
بووی بەرەگی
ئەو درەختە سووتاوەی
کە جاران پێشوازی
زەماوەندی گەڕانەوەی تۆی دەکرد
- ئەوە خوێنی چۆڕاوی تۆیە...
سرووشت لە بەری کردووە
تەناتەت لە شەوە تاریک و نووتەکانیشدا
خۆزگە هەرگیز ئاوانابێ
ئەوە خوێنی چۆڕاوی تۆیە...
- لە هەموو شەوێکی کش و مات
مانگ و ئەستێرەکان ئاوا دەبن
منی ڕێبواریش دێمە لات...
کاتێ پێم دەڵێی
کێڵی سەرگۆڕەکەم بخوێنەوە......
من چاوەڕێم...
جارێکی تر گەر ژیامەوە
دیسان بە خوێنی گەشمەوە
لە ئاسۆی دەم کەلی ئازادی هەڵدێم



恋人達と魚 —— 31×94cm
Lovers and a Fish

## چوار هۆنراوە

جەلال مەلەکشا

### درۆ

بەم هەورە قسرە
نە ئاسمان ئەزێت و
نە قاقڕ بەشینکە ئەخەملێ!
گوڵم! وا مەتۆڕە
لە نیسێ بە ئەولاوە نیە
تریشقەش ئەگەرێ
وەکو دەوڵە، بەس دەنگە بۆشە!
ئەمن شەو نەخەوتم
هەتا ژوانی پیلان
لە سرتە و چپەی گەردەلوول و هەور تێنگەیشتم
دژی خاک ئەدوان
گوڵم! وامەتۆڕە!
درۆیە، فریوێکی نوێیە
لە چاویان وەشێرە
چ بۆن و بەرامەت لە کۆشە!

٧٠/٤/٥

### گازندە

لێتان توورەم
لەگەڵتانا
یەک ڕەنگ ژیام
بە شادیتان، شاد ئەبووم و
لە ماتەمتانا، ئەگریام!
بەڵام کاتێ



クルドの女——7x84cm
Kurdish girl

قوڵپەی گریان
ئەوکی هەنسکی پێگرتن
ئێوە کردتان بە شابلۆغان!
ئێستاش-
- دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە
هەروەک دڵەکەی جارانە
هەرچەند تووڕەم
پڕ لە خۆشەویستیتانە!

۷۰/٤/۱۰

# گورگەناو

زات ناکەم رازی دڵ بدرکێنم!
سەگی ئەم شارە
لانگیرە و بۆنی دەم و دڵ ئەکات
سەگی ئەم شارە
گۆشت و خوێنی دڵ
تەنانەت شیعر و گۆرانی ئەخوات!
زات ناکەم، بڵێم
چەندم خۆش ئەوێی
زیتەی چاوی گورگ
لەم گورگە ناوە
دڵ ئەتۆقێنێ!
لە سەرانسەری ئەم وەرزەتاڵ و زەرد و ژاکاوە
بۆ حەشاردانی گوڵی هەستی خۆم
شک نابەم شوێنێ!

# کۆتایی کابووس

مەحمووە دەوڵەت ئابادی
سەرۆ و بەرۆژ کردوویانە بە کوردی

سەرەنجام مووجیزەکە روویدا، رێک لە رۆژی ۱۸ی ژولای ۱۹۸۸ی زایینی. لە ئێران، لە تاراندا. بڕیاری ۵۹۸ ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پەسەندکرا.

هەواڵەکە لە رادیۆوە دەبیسم. دەڵێی لەخەو راچەنیوم، تازە لە گوندەکەی قەراغ شار، کە لە چنگ مووشەکەکانی عیراقی بووەتە پەناگام، گەڕاومەتەوە. پرۆسەیەکی نوێ دەستپێکراوە.

چەندە سەیرە، وا دەمێکە دەمەوێ راپۆرتێک لەمەڕ ئێش و ئازار و خۆراگری خەڵکی نیشتمانەکەم لەناو شۆڕش و جەنگدا بنووسم، ئێستاش لە پڕێکا، مزدەی ئاشتی، مووجیزە......

نا، باسی تاوتوێ و پەرێشانی دەساڵەی گەلێک لە ناخ و دڵی وشەدا ئۆقرە ناگرێ. مەگەر چۆرێک و بە پەلە، هەروەک: سەرئەنگوستێک خۆی، جەواڵێک خۆی. شتێک لە بابەتی نەخشەی خەیاڵەکانی دایکم لە خەونەکانیدا. سەردەمایەک خەونی بە دوو پشکەوە بینیوە. لەسەر خشتی کەلاوە کۆنەکانی کاروانسەرایەکدا ژنێک دوو پشکێنکی بوو. کە جەنگ دەستپێکرد، باوکم هەڵیدایێ: « خەونەکەت هاتەدی، ئافرەت! »

– ئەی چی لێهات، فلانی؟

نازانم عیباد لەچی دەپرسێ. لە جەنگ و ئاشتی، یان لەوکارەی بەڵێنم دابوو بۆی بدۆزمەوە؟...... عیباد گەچکاری بێکارە. لە کاتی مووشەک بارانەکاندا لە قەراغ شار، هاو خانووی بووم. عیباد لە ماڵێکی راسپاردەدا دەژی کە خاوەنەکەی چەند ساڵێ لەمەوبەر ناچار بووە، وڵات جێ بێڵێ.

شوێنی بچووک هەزار کە موکوڕی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە مرۆڤ دەسبەجێ دەستیشان دەکرێ. کاک «فەرهەنگ»یش بە خۆی و وەعزدانەکانی سەردەمی شۆڕش، وەک «گا»ی ئێوچوان قەرەبەشی لێهات. خەریک بوون بۆی هەڵدروون کە بۆی چووقاند و چوە دەرێ.

– ها فلانی، ئەی چی لێهات؟

عیباد جگەرە دەکێشێ. دیسان کۆتر و بێ تووکتر بوو. لە کاتی شۆڕشدا، پاڵەوانێک بوو. کەچی ئێستا بەس بەوە رازیە سەری بە سەلامەت دەرچووە. هیچ وەڵامێکم بۆی نییە. قەولبوو بچمە دەرەوەی شار سەرێنکی لێبدەم و شیری مانگاش بکڕم و لەگەڵ خۆمی بێنم. بەلام نەکرا. پشکی شیری (پاستووریزەکراو) کەمتریش بووەتەوە. خۆ ئەم مامەلەق لەقەی ئێمەش نە تایەی ماوەونە – سوکان–. بۆ بێکار ریبەکەی عیبادیش سەری دۆست و ئاشنایانم داوە. بەلام هیچم بەدەستەوە نەهاتوە. لەوە غافڵم کە عیباد سەری لێداوم و هاتوە لەمەڕ ئاشتیو جەنگم لێ بپرسێ و دەیەوێ بزانێ لەمەودوا، کاروبار وەڕێ دەکەوێ یان نا؟...... لەمەوپێش خۆی گوتبووی: هەموو کارخانەکانی وڵات ئیفلیج بوون. بەلام ئێستا هەواڵی ئیحتمالی ئاشتی وای لێکردووە هیوای

کارپەیداکردنی لاژیندوو بیتەوە و منیش نابێ نائومێدی کەم. دەڵێم:« بەڵێ هەرچۆنێک بێ، ئەگەر ئاشتی بێ، ئەم وێرانیانە، ئاوەدان دەکرێنەوە و کاریش وەڕێ دەکەوێ. ئینجا دەپرسم: لە دووپشکان چ خەبەر؟ چیتر بە منداڵانیان وەنەداوە؟».

– «نا، بەڵام برا بچووکەکەم هێشتا لە پێخەفی برینە کیمیاوییەکانی هەڵنەستاوەتەوە!».

لەیەکتری جیا دەبینەوە. قەول دەدەم سەرێکیان لێبدەم. بەڵام نەک بۆ کڕینی شیر، چونکە وا دەنگۆیە کە نەخۆشی ئاژەڵ زیاتر بووە. ڕۆژنامەکانیش هەواڵی پیسبوونی سەوزەوات رادەگەیەنن..... پزیشکی یەکێک لە دەرمانگاکان، سێ ساڵ لەمەوبەر دەیگوت نەخۆشێکی گولیی (جزام) هاتبووە دەرمانگا داوای حەبی سکچوونی دەکرد: «زەقاوزەق بەشەقامەکاندا دەخولێنەوە».

**

لە شەقامدام. خۆرەتاوی دۆزەخ بەربۆتە سەر و کەللەمەوە. لەبیرمە عیباد لە چەند و چۆنی پەسندکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ هیچ چەڵتەی لێنەدا. وەک بڵێی هەر ئاگای لێنەبێ. هەوایەکی چەندە نەگبەتییە سەرەنجام تەکسیەک رادەوەستێ. شوفێری تەکسی ونەفەرەکانیش هەر هەموویان لەمەڕ سیاسەت و دراو دەدوێن. پشتی دۆلار و بازاڕی ڕەش شکاوە. من تازە تێدەگەم کە لە مێژوو دواکەوتووم. ئاخر کاتێ زۆر تەنگە بە تەنگەی مێژووەوە دەڕۆم، تووشی تەنگەنەفەس دەبم و دڵم دەگوشرێ. ئەمەش گەلێک ئاساییە، کاتێ نەتوانی کاربکەیتە سەر مێژوو، ئەوە لەژێر لەشی سەنگینی ئەودا دەپلشێیتەوە و دەخنکێ. کە (سەجاد)م بینی وەزعی لەم بابەتە بوو. تەنانەت لە کردنەوەی ئاسانترین گرێی ژیانیشی دامابوو. تا وای لێهات بیر لە فرۆشتنی گورچیلەیەکی خۆی بکاتەوە. دەیگوت شەوانی بۆمبارانەکان، حەبی ڤالیۆمی داوەتە منداڵەکانی تا بیورێنەوە و دەنگی تەقینەوەکانیان لەبیر بچێتەوە. ئەوسا بە دیاریانەوە دانیشتووە و دەستی کردووە بە جگەرە کێشان و بیرکردنەوە لە هەواڵی ڕۆژنامەکان کە نووسیبوویان: «پیاوێک ژن و سێ منداڵی خۆی کوشتن و خۆی هەڵواسی». ئەوسا دەیگوت:« وا هیلاک دەبم. نازانی چەندە منداڵەکانم خۆش دەوێن. ئاشقانە خۆشم دەوێن.»... ڕووی لێم وەرگێڕا و بە ورتەوە گوتی:«بریا نەزۆک لە دایک بوویام، بریا هەر لە دایک نەبوویام».

(سەجاد) ئێستا ئیتر باسی فەلسەفە ناکا. منیش نامەوێ تەنگە بە تەنگەی مێژووەوە بڕۆم. هەر لەبەر ئەمەشە کە لە خۆم بێگانە دەبم. بێگانە لە ماڵی خۆمدا. تەنیا ژەنیم لەگەڵ خۆمدایە. چۆن دایکێک دەتوانێ منداڵەکانی لە کاناڵی چڵپاو بخا و دەست بە تەوقی سەریانەوەبنێ و هێندە لەبن قوڕاوەکە رایانگرێ، تا دڵنیابێ خنکاون؟!. تا پزیشکە دەروونناسەکان گوتیان:« دایکەکە، شێت نەبووە.» منیش نیگەرانی (سەجاد) و خێزانەکەی ئەوم و لە نائومێدی و دڵساردی خەڵک تۆقیوم.

کابرای تەنیشتم دەڵێ:« (مارک)یش دابەزیوە. چل تووەمەنیش ناکا.»

– «خۆم بە چاوی خۆم بینیم، کاتێ کابرا هەواڵی داشکانی دراوی بیست، قوچی پێبوەهات. گەنجێکی بیست و حەوت- هەشت ساڵە، لە ناکاو نۆ ملیۆن تومەنەکەی پشتی شکاند. چاوی وەک سپینەی هێلکەی لێهات:

– «لە بازاڕی زێڕفرۆشەکانم بیست، زۆریان دەسبەجێ بۆی ڕاکشاون، سەکتەی کامڵ».

– «بازاڕیش لە جێی خۆی چەقیوە. هەروا چەک و سەفتەیە کە خەرج ناکرێ و سەروە ساحێبی

خۆی...... »

- «کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەش راوەستاوە. کڕیارەکان لە مامەڵەکانیان پەشیمان بوونەتەوە».

ئەو ئەفسەرەی تائێستا نوقمی دونیای دەروونی خۆی بوو، لە کاتی دابەزیندا دەبزڵێنێ:«لە مەیدانی (حسن آباد)دا کابرا بە ئاشکرا دەڵێ: کێ ئەم شتە کۆن و بێ کەڵکانە دەکڕێ؟ هەر ئەمڕۆ سبەینێیە کە موودێلی یابانی ئەمریکی سەراوژوور دەبێ».

- «وا باڵوێزخانەی- کانادا-یش خەریکە دەکرێتەوە!». ئەوەی کە دابەزیوە دەڵێ: باڵوێزخانەی ئەمریکاش دەکرێتەوە». شوفێری گەنج زەردەخەنەی دێتە سەرلێو و ریشە تەنکەکەی دەخورێنێ، نوکتەیەک دەگێڕێتەوە و پێی لەسەر بەنزین دادەگرێ. لە کۆتایی شەقامەکە، دادەبەزم.

هەست دەکەم چەکێنکی نادیار دڵم دەهاروژێنێ. خۆرەتاوە و قیری جادە لە تینوان حەفە حەفیەتی. بەڵام لە چارەی خەڵکدا هەستێکی جیاواز بەدی ناکرێ. ئەوەی دیار و بەرچاوە هەمان تاڵ و ترشی و سەر لە بەرۆکی خۆدا بوونی رۆژانەیە. تاڵ و ترشی خوو پێوەگرتن. وەک بڵێی هیچ شتێکی گرنگ رووی نەداوە. هەواڵی دامرکانی جەنگێکی وێرانکەر بڵاو بۆتەوە و رەنگدانەوەی هەرە زۆر لەناو ئەو خەڵکەی کە یەکەیان دژی جەنگن بریتییە لە دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی دراو و شتی تری لەم بابەتە و لەوانەیە پرسیارێکی نادیاریش هەبێ:

- «بەراست؟... هەروا نە خافڵەت! لە پڕێکا ئاشتی؟».

دەزانم پرسیارێکی وا، هێندە ئاخایەنێ. خەڵک زۆر سەیر گۆڕدراون و بێ خەیاڵن. دەڵێی هیچ شتێک پەیوەندی بەوانەوە نییە. سۆراخی (عەلی یاسە) دەکەم کە چەند ساڵێکە نەمدیوە. بەڵام دڵنیام کە یەکێکە لە پێنچکە نەگۆڕەکانی (حزب الله). دەبیسم کە هەنسکی گریان لە گەروویدا، پەنگی خواردۆتەوە. هەنسک و سکاڵا ونەختێکیش هەستی شکست و بەخۆدا شکانەوە. خەنجەری لێدەی خوێنی لێنایە. لە شکستی (فاو)یشدا، دەبیسرا: یەک دوو سەرکردەی سەقەت، خۆیان کوشتوە.

سەرۆکی ئەنجومەن و جێگری فەرماندەی گشت هێزەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە: دەبێ پتر لە جاران سەرنج بدرێتە ژیانی خێزانی شەهید و بریندار و دیل و ئەو کەسانەی لە شۆڕش و شەڕدا، سەرمایەیان خستۆتەکار و هەروەها ئەو کەسانەی ژیانیان پێنگەیشتووە. چونکە رژێم لە ئاست ئەواندا، خۆی بە بەرپرس و مولتەزیم دەزانێ». هەروەها: «خەڵک بە پێی بڕیار و فەرمانی -ئیمام- شەڕیان کردووە و دیسان بەپێی بڕیار و بۆچوونی ئیمامیشەوە (ئەگەر بە پێویستی بزانێ) وەستانی شەڕ قەبووڵ دەکەن». مامۆستای زمانی ئینگلیزیش لەو بڕوایەدایە کە:« بەراستی ئاشتی نیعمەتە! ». شاعیر دەڵێ:« بزانە چیمان بەسەر هاتووە کە هێندە بە ئاسانی شان دەدەینە بەر هەموو ئەم رووداوە سامناکانە و هیچ ناڵێین. کە دەبیسین هەزاران شەهید و نزیکەی ئەم ژمارەیەش سەقەت و دیل و ونبوو و...... شارەوێرانەکان و نزیکەی پێنج سەد ملیارد زیان، هەر هێندە زەینمان بە خۆوە خەریک دەکەن کە دەبیسین قەبوولکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ و دەسپێکردنی راگرتنی شەڕ.». دەپرسم: «یانی وەک ماستمان لێهاتووە کە هەر کاتێ پەنجەیەکی لێدەینێ و دەری بێنێ، خێرا شوێنەکەی پڕ دەبێتەوە؟».

- «نا! جیاوازییەکەی لەوەدایە کە شوێنی ئەو پەنجەیە لەسەر زەین و رۆحمان دەمێنێتەوە. سەد خۆزیا ئەم شوێن پەنجەیە، ئەم دەوڵەمەندییە تاڵەی ئەزموونەکان لە ئایەندەدا بەکار بێنن».نازانم، لە

خۆم دەپرسم ئاخر بە کامە شێوە گەلێکی سیستماتیکەوە؟ چۆن؟ بە کامە زەمینە و کام زینی تەیار و بە کارەوە؟...... شاشەی تەلەفزیۆنەکە، یەکەمین نوێژی هەینی دوای پەسندکردنی بڕیارنامە ستایش لە فەرمانبەری و گوێ ڕایەڵی و خۆبەستنەوەی خەڵک بە فەرمانەکان، دەکا. دایکم دوو ساڵ بەر لە مردنی، کە لە تازیەی (قلز)ەکانی دانیشتووی دەوروبەری تاران گەڕایەوە لێوی خۆی گەست: «دایک و باوکی شەهید هەر فرمێسکیان بە چاودا نەهات. سەریان بەرزکردۆتەوە و گوتوویانە بەم زووانە کوڕی دوو هەمیشیان دەنێرنە شەڕ، تاشەهید ببێ: «وەفیدای سەری ئیمام بێ». هەواڵم هەبوو کە (قلز)ەکان و خزمەکانی تری لادێیمان کە لە دەوروبەری شار نیشتەجێن، بەر لە شۆڕشیش موشتەرییەکانی هەمیشەیی شەوانی (مهدیە، تهران)(۱) بوون.

وابزانم (میلان کۆندرا) نووسیویەتی: «هەر ڕژێمێک تەنیا ئەو مکانیزمانە دەخاتەکار، کە پێشتر لە دەروونماندا هەبوون». نازانم. دایکم بۆ شەهیدکان دەگریا. دایکم هەر بۆ ئەوە خەلق کراوە کە لەسەر گۆڕەکان بگری وفاتیحا بخوێنێ. دوای دوو ساڵ کە سەری نایەوە، ئاهەنگی ناشتنی شەهیدان لە شەقامەکاندا کەمتر و کەمتر بوو، بەڵام (حجلە)(۲) هەر هەبوون و هەن. لەو ڕۆژانەدا (بەهشت زهرا)(۳) پڕ بوو لە هات و هاوار و ئاپۆرەی خەڵک و گوڵ و دروشم و شەهید و ڕەشپۆشەکان. گەرەکی شارەکانیش سەر ڕێژی ئەستێرەبارانی چرای حجلەکان بوو.

لەسەرەتای شۆڕشدا، هێزی لاو پتر لە ٤٠٪ی خەڵکی ئێرانی پێکهێنابوو. لە هێکڕا ئەم گەنج و تۆلازانە، لە زنجیری دیکتاتۆر ڕاپسکان و کە هاتنە ناو شەقامەکان، خۆیان هێندە بە هێز و بێ هاوتا بینی کە پێیان وابوو هیچ بەربەستێک نییە، ئەوان ئەتوانن لەسەر ڕێی خۆیان وەلای نێن. تەنیا شتێ کە سەخت بوو، درک پێکردن و ناسین و شێوەی وەدەستهێنانی ئامانجە ئالۆزکاوەکە بوو. ئەوەش هەر ئەو شتە بوو کە بەرلەوە دەرفەتی تێفکرینی بۆ هەڵنەکەوتبوو و ئێستاش پەلەپەلی لە هێکڕا هاتبوو، هیچ دەرفەتێکی نەدەدا. مێژوو سەر ڕێژ ببوو و گرفتی تر ئەوە بوو کە لەو ڕاپەڕین و تەقینەوەیەدا، لایەنگیرییە جۆراوجۆرەکانی گرووپی لە ئارادا بوون، ئەویش هێندەی نەخاباند و گەیشتە قۆناغی دژ بە یەک پڕوپاگەندەکردن و بەرهەڵستکاری فیزیکی و کەسایەتی و بگرە ڕەوانی: «لێیان گەڕێن، یەکتری دەخۆن!». ئەمە دەقی ئەو وتەیەیە کە ئەوکات لە زاری ڕامیار کارێکی ئەمریکییەوە هاتەدەر و دواتر دووبەرەکی و چەند بەرەکی هاتەدی و تەقاندنی یەکەمین فیشەک، خاڵی کۆتاییەک بوو لە ئاست ڕەوتی خاوی ڕێککەوتنی لاوەکان لەناو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی- شۆڕشگێڕی و فەرهەنگییەکانی بەر لەشەڕ. شەڕیش جۆگەلەیەک بوو دەهات تا بێتە شوێن ڕەوتی هەردەم بە پەلەی سێلاوی کۆمەڵ. لە ڕاستیدا، شەڕ هاتبوو تا هەموو کەس و پتر لە هەمووان، لاوەکان بخوا. هێزی لە دەروون هەڵقوڵاوی خەڵک لە دڵی سی ساڵ زوڵم و زۆرداری بەرچاو و شاراوەی دا کە خۆی لە شێوە و ڕوخساری لاوەکاندا دەنواند، وێدەچێ لەرزی خستبێتە گیانی دوژمنانی گەلەکەمانەوە. بە هەڵگیرساندنی بڵێسەی شەڕ، ئەم شێوە ڕوخساری ئەشق و لاوییە، ڕژایە نێو زەلکاوێک کە لە هەڵوشینی هێز و شیانی گەل تێربوونی نەبوو. بەر لەویش، سەرەک وەزیری ناشایستی شۆڕش، جەنابی «بازرگان» گوتبووی: «ئێمە بارانی ڕەحمەتمان دەویست، کەچی سێلاو هات!».

لاوەکان سەر ڕێژ لە هێز و توانا و سۆزوقین، جەبهە بێ سامانەکانیان پڕ کرد و «شەهید بوو» بوو بە نیشاندەری جوامێری و دەستە بە دەستە، وەک ئەوەی بۆ دیداری دڵبەر بڕۆن، وەڕێ کەوتن.

تێهەڵکێشێکی پێکهاتوو لە وڵاتپارێزی و سۆزی شۆڕشگێڕی، ڕوحیەتی عیرفان و ئایین، لەژێر بەیداخی سەوزی «تشیع»دا سنووورە پڕ خەوشەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی لە کەنداوەوە تا بەرزاییەکانی کوردستان داپۆشی و گوتیان شۆڕش لە شەڕدا دەپشکوێ. پەیڤی جەنگ بوو بە وشەیەکی پیرۆز و کار و ژیان بوون بە شەڕ. دوژمن هێرشی هێنابوو و خەڵک ورد و درشت لە پێنخشکەی بەرفراوانی تانکەکانی عێراقیدا، گیانی پاکیان خستە ژێریانەوە. بۆ ئەوەی شەرەف و ئابڕووی مرۆڤ بە تاڵان نەچێ: «دوژمن نابێ لە ماڵی مندا بێ!». سۆزی ئەم دیوی جەبهەکانیش لە خەتی پێشەوەی جەبهەکان کەم شکۆتر نەبوو. هەرکەسێ هەرچی هەبوو و نەیبوو (بێجگە لەوانەی وڵات و ئایینیان بە ژمارەی حسێبی بانقەکانیانەوە لە دەرەوەی وڵات بەسترا بوو.) بە سینگێکی فراوان و دەستێکی کراوەوە دەیبەخشی وەک ڕۆژەکانی شۆڕش: «گروپی خوێنی من +O ـە کاکە!».

لەو ڕۆژگارەشدا، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خاوەن بیروبۆچوون هەبوون کە دوور لە هەڵپە هەڵپ و تینوێتی سۆز و هەڵچوون، توانیان بە وردی چوارچێوەی وێرانکەر و سامناکی ئەو کارەساتە ببینن و چەند کەسێکی تریش (گەلێک کەم) بۆچوونی خۆیان لەسەر شۆڕشەوە هێنایە سەرزار.

دژایەتی لەگەڵ شەڕ، بوو بە تاوان و شەهید و شەهید بوونیش بوون بە دوو پەیڤی پیرۆز و کەوتنە سەر زاران. «بە هیوای دیدار، لە بەهەشتدا.»

هەشت ساڵێکی پێچوو تا لە پەیامە مێژووییەکەی ڕێبەری شۆڕش و فەرماندەی گشت هێزەکاندا نووسرا:

– «خەڵکی خۆشەویست و شەریفی ئێران! خۆتان دەزانن کەمن لەگەڵ ئێوە پەیمانم دابوو تا دوایین دڵۆپی خوێن و دوایین هەناسەم دژی دوژمن بجەنگم، بەڵام بڕیاری ئەمڕۆ (قەبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨) تەنیا و تەنیا بە هۆی لێکدانەوەی بەرژەوەندی بوو و تەنانەت بە هیوای ڕەحمەت و ڕازی بوونی (ئەو) لە هەموو گفتەکانی خۆم پاشگەز دەبمەوە و ئەگەر تنۆکە ئابڕوویەکم هەبوو بێ، ئەوە لەگەڵ خودا دا، سەودام پێکرد.»

– «مەگەر بە فتوای «ئیمام» نەبوو کە بەرەوپیری شەهید بوون هەنگاویان نا؟ دەی باشە. ئێستاش هەر بە فتوای ئیمام، بەرژەوەندی لەوەدایە کە نەچن.»

– «لە (اصفهان) خێزانی شەهیدەکان نارەزایی خۆیان دەبڕیوە».

عەبدی شوفێر پیکاپ ئەم پروپاگەندانە بڵاودەکاتەوە. عەبدی، تەواو دژی شۆڕشە. جاران برایەکەی کرێکاری کۆمپانیای (ایران ناسیونال)(٤) بوو. خودی عەبدیش هەر لە سەرەتای شۆڕشدا بە دوای هێنانی کەلوپەل و شتی جوان جوان دا چوتە سووریە و تورکیە و تایلەند... ئێستاش «عیباد» گوتەنی: «پێشکەوتووە!». جۆری قسەکردنی عەبدیش وا نیشان دەدا کە دەستی لە کاری ڕەشدا هەیە. وەک کڕین و فرۆشتنی: کۆپۆن، شیری قووتوی منداڵان، هێنان و بردنی ئەو خواردەمەنیانەی چنگ ناکەون و بڵاوکردنەوەی شتی قاچاخ و...... عیباد دەڵێ: «کاک عەبدی زۆریش مرۆڤێکی دەستکراوەیە. دەست و باڵی خێزانی خاڵی کە لە خوزستانەوە و لەبەر شەڕ ئاوارەکراون هێشتا نەیهێشتووە پەکیان بکەوێ.»

لە ڕۆژانی مووشەکبارانی تارانیشدا، عەبدی ماڵ و خێزانی خۆی سواری پیکابەکەی کردووە و ملی ڕێگای (مشهد)ی گرتۆتەبەر. لەوێش خانووی بۆ بە کرێ گرتوون و هاتۆتەوە لای ژنی دووەمی خۆی. بێوەژنێکی لاو کە بەقسەی عیباد «تازە یەکساڵە کەوتۆتە تەپکەیەوە... بۆ هەر

کەسێک خەراپ بێ، بۆ عەبدی شوفێر پیکاب خەراپ نەبووە. سەیری پیکاپەکەی مەکە. چاکی خەرکردۆتەوە». عەبدیش لەو بڕوایە دایە کە مرۆڤ نابێ لەم وەزعەدا کارێکی وابکا، لەپێ بکەوێ. هەر بکەوێ دەتخۆن! بهێنەپێش چاوی خۆت ئەگەر من مرۆڤێکی دەست و پێ سپی بام، چیم بەسەر دەهات؟ لە ...١٨ کرێکاری کۆمپانیای (ایران ناسیونال) ....٦ ماون! چیان لێهات؟ بۆ کوێ رۆیشتن؟ زۆریەیان چوونە جبهە و شەهیدکران. ئەوانی تریش یا لە کار دەرکران، یا پارەیەکیان درایە دەست و وەدەرنران. ئەوانیش یان بوون بە جگەرەفرۆشی سەر شەقامەکان یان بڵاوکەرەوەی شتی قاچاخ! لە ملایەشەوە گرانی و بازاری رەش ئێستا هەر ئەم (پیکان)ـە فریشقەیە نرخی گەیوەتە، یەک ملیۆن و دووسەد هەزار تومەن. بۆیە دەبێ وریا بی کە لە پێ نەکەوی.

هەر بکەوی دەتخۆن. دەبێ کەسێکیش چاونەترس بی. من لە مووشەکیش ناترسێم!».

عیباد چاوێکم لێدادەگرێ و «ئاخر وەرزی مووشەکباران، بۆ عەبدی وەرزێکی چاک و لەبارە!» ئەوسا خەریکی کردنەوەی دەرگای قەفەزی کۆترەکان دەبێ و کۆترەکان بەرەو حەوشەکە لە شەقەی باڵ دەدەن و ئەویش بە شەرمێکی منالانەوە دەڵێ: «لە بێکاریدا براگیان، خۆم بەم کۆترانەوە دەخافڵێنم.».

شەرم و شوێ بۆ چییە؟ پەنامان هێناوەتە ناوماڵەکەی عیباد. یەک دوو رۆژە بارانی مووشەک راوەستاوە و توانیومانە خۆمان لە باکوورەوە بگەیێنینەوە تاران، تا هەندێک کەلوپەلی نێوماڵ هەلگرین و بچینە دەوروبەری پایتەخت. تازە دەکرێ هەست بەوە بکرێ کە ئەو ئاوارانەی بەشێک بە پەیکەری ولاتەکەمانن چیان چێژتووە. با پێمان وابێ کە خەڵکی ئێمە بە گشتی میوان راگر وروخۆشن. هەروەک لە سەرەتای ساتەکانی مووشەکباراندا خەڵکی شاری (آمل) لە ماڵەکانیان وەدەرکەوتن و هاتنە سەر رێگای تاران راوەستان، تا ئەو کەسانەی لەبەر بارانی مووشک دەرپەڕیون، ببەنە ماڵی خۆیان، هەرچەندە توانای میوانداریيان نەبوو: «هەر شەوێکە برای ئەندازیار، خۆ هەزار شەو نییە!».

لە پشوودانە دوو سێ رۆژیەکەدا بە پێخۆشحاڵی راوەستانی مووشەک وازی، رووومان لە تاران کردەوە. چی دەکرێ؟ کاتێ مرۆڤ میکانیزمی جولانەوەکان ناناسێ، ناچار دەبێ پەنا بەرێتە بەر (انشاء الله وماشا الله و خەیاڵ پلاوکردن. خەیاڵ پلاوەکەی ئێمەش بە رق و قینی راستەوخۆی گەمەراکێت لەبار چوو. ئیتر هیچ چارەیەکمان نەبوو بێجگە لەوەی لەگەڵ چەند خزم و ئاشنایێک پەنا بەرینە بەر ماڵی عیباد، کە قەفەزی کۆتکرەکان و کۆلیتەی مریشک و کەڵەبابەکان دەوری حەوشەکەیان تەنیبوو. ئەوسا دەمە و ئێوارە بوو. عیباد کۆترەکانی بەرەڵلا دەکردن. تا نەختێ باڵ بوەشێنن و خێزانەکەیشی بە داوێنی چارشێوەکەی مریشکەکانی بەرەو کۆلیتەکەیان بەرێ دەکردن. ئەو مریشکانەی گەلێک ئازیز بوون. چونکە رۆژێ پێنج شەش هێلکەیان دەکردن و دەبوون بە خواردەمەنی زگی منالەکانیان «فتری کچەکەم خەریکە هەڵدەوەرێ- ئازین- خان، دەبینی؟ بۆ چارەسەربوونی خێرم لە خۆ گرتووە» دایکی منالەکانیش بەرلەوەی لەگەڵ هاتنی تاریکی شەو بچێتە مزگەوت و گوێ لە وەعزی مەلا بگرێ و نوێژی عیشا بکا، دەبا مریشکەکانی دەکۆلیتەکە کردبان.

هێشتا قسەکانمان تەواو نەبووە کە کۆمەڵێک منداڵ خۆ دەژووری داوێن و لە هەیوانەکە رادەوەستن و چاو دەبڕنە ئاسمان، ئاخەتی رێنچوونی مووشەکەکان لە ئاسماندا بەرەو تارانی مەزن بلۆزێنەوە و چاویان بە دوادا رێکەن:

«ها ئەوەتا، لەوێ پێنج بوون. پێنج!».

«نەخێر! شەش بوون، شەش. بە خۆم ژماردم! ئێستا دەنگیان دەبیسی......».

زەوی تێنک دە رمێ، یەکجار، دووجار، سێ و چوار... دیسان. زەبن ئەستێرکێکە و هێنانە بەرچاوی راستەوخۆ تەقینەوەکان، تاوەکەی دەشلەقێنێ. هەرکەسێ لەلای خۆیەوە و بە ئاسوودەیی هەناسەیەک هەڵدەکێشێ. هەناسەیەکی پڕ لە هەستی ناحەز و گەیبوی ئەم مەبەستە: «باش بوو بەسەر ئێمەدا نەکەوت!» ئێستاش ئەو کەسەی نەختێ مێگێزی هەیە دەبێ دانیشێ و بۆ منداڵەکان روونکاتەوە کە هەندێک لە مووشەکەکان دووجار دەتەقنەوە و هەندێکیشیان چروک دەردەچن و......

دەبێ جگەرەیەک داگیرسێنێ و گوێ بداتە قسەی ژنان کە بە یەک دەنگ دەدوێن و هەموشیان لەو بڕوایەدان: «بۆمباو راکێتەکان، لەم مووشەکانە چێتر بوون» ئەوسا دەبێ هەوڵ بدات بەسەر ئەعسابە جوارەکەتدا زاڵ بێت. چونکە هەروا هەواڵ دەگا، کە ژمارەی ئەو کەسانەی لەترسی مردندا دەفەوتێن، لە خودی ئەو کەسانەی بە مردن دەمرن کەمتر نییە و قسەوباسی هەموو رۆژێک روونکردنەوەی ئامێتە بە خەیاڵی کارەساتەکانی دوێنێ و منداڵەکان. منداڵەکان جلوبەرگی جەژنیان پۆشیوە و کەمتر تووشن. ئەوان ئیتر هەر بەوەندە رازین کە نابێ لە تاران بن و لە شوێنێکدا کۆبنەوە. چونکە بە درێژایی رۆژەکانی بۆمباران و گەمە مووشەکدا، پتر لە سێ چوار کۆمەڵی ئەو منداڵانە بوونەتە قوربانی ئەم تاوانە. جا چ لە قوتابخانە و چ میوانیەکانی رۆژی لە دایکبوونیاندا.

هەر دوا بە دوای ئەم کارەساتانەش بوو کە پارەیان لە دایک و باوکی منداڵەکان وەرگرت بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکاندا، پەناگا، چێ بکەن. لە پلانی پەناگاکانیشدا، خشخشۆکەشیان دانابوو تا هەر کاتێ دەنگی ئاژیر بیسرا...... کارەبا لەگەڵ دەنگی کچی عیباد دەکوژێتەوە. دووپشک پێیوەداوە، دەنگی تەقینەوەیەکی تر و تێکدارمانێکی تر. ژنەکان هێرش دەبەن، لە پایەک پێدەکەن و عیباد کچەکەی لە باوەش دەگرێ و بەرەو ئۆتۆمبیل رادەکا.

گێژم. حەز دەکەم بێهۆش بکەومە لایەک و هەڵنەستمەوە، خۆم بە فەرمانبەر و کارتێکردووی جۆرە جەورێک دێتە بەرچاو کە لە هەموو ژیانمدا هەرگیز ئاوابێ دەرەتانیم تاقی نەکردۆتەوە. هەر لەو رۆژەکە پەنامان بردۆتە ماڵی «فەرهەنگ» چەندین جار ویستوومە نامەیەکی بۆ بنووسم و لە بارەی ئەوە بدوێم کە مرۆڤ چەندە بێ نرخ و بێ مەرتەبە بووە و تەنانەت کەسایەتی لە ئاست مەرگدا قووتبوو ئەوەشی لێسەندراوە. سەرە رمی مەرگ رەها دەبێ تا قوربانیەکانی خۆی خافڵگیر بکا. جا ئەو قوربانیە چ ژنێکی ئاوس بێ کە لە سەرەی کڕینی خواردەمەنی بێتەوە، چ پیاوێکی لاواز و تێکسمراوی هونەرمەند کە لە سەردابی ماڵی باوکیدا خەریکی دروستکردنی ئامێرێکی لووس و جوانی مۆسیقا بێ، یان تەنانەت ئەو دزانەی شەوانە دەخزێنە ناو ماڵێکەوە، بەو گومانەوە کە دراو، یاخود زێڕی تیایە. هیچ جیاوازیەکی نییە. لەمپایەکە، پێدەکەم و لە سووچێکی سەردابەکەدا، لە پشت مێزە بچکۆلەکەی «فەرهەنگ» دادەنیشم و نیگام لەسەر لاپەرەیەکی نیوە تەواو دەچەقێ:

«نووسین، بۆچی؟......»

بێ ئۆقرەیی و بێ سبەینێیی. هەموو بیر و خەیاڵەکانم دەبنە پێخۆری ئەو گومانە پڕ ئازارانە کە لەوانەیە، سبەینێ و سبەینێیەکانی تر روو بدەن. هەرگیز لافی خۆش بینم لێنەداوە، بەلام ئەم بەد بینەی ئێستاش گەلێک شێواز و چوارچێوەی گرتۆتە خۆ و شوێنەواری وێرانکارییەکانی لە خودی

کارەساتەکان کەمتر نیبە. وای بۆ دەچم: ئەگەر مووجیزەیەک روونەدا، ڕەنگە ئەم شەڕە کە پێشکەوتووترین چەکەکانی تێدا بەکار دەهێنرێ، هەموو ناوچەکە، بە جارێ هەڵلووشێ (مووجیزەکەش رووەدا. پاش سێ مانگی تر، رێک لە رۆژی هەژدەی ژولای ١٩٨٨. لە ئێران، لە تاران) ئەوسا تاران جارێکی تر دەلەرزێ. لە پلیکانەکانەوە سەردەکەوم، رێچکەی مەرگ، هێشتا لە ئاسماندا دیارە و ماوەتەوە. عیبادیش چاوەکانی دوو کاسە خوێنن. سەراسەری ئەو شەوە بە دوای تیمارکردنی کچەکەیدا غاری داوە. ئەندامەکانی ماڵەکەیشی، ترسی دووپشکیان ڕنیشتووە. چەندین جار بیسراوە کە ئەوانەی لەبەر مووشەک و بۆمبا، رایان کردۆتە دەرەوەی شار، لە بیابانەکاندا، تووشی درێشەی مار و دووپشک هاتوون. دەترسێن چاویان لێک نێن و نەختێ رازێن. عیبادیش شیش و کەلبەتان بە دەست، لە دووپشکەکان دەگەڕێ و هەموومان دەزانین کچەکەی بە «مۆرفین» هێور بۆتەوە و خەوتووە. ئەمشەو...... جارێکی تر، تاران دەتەقێتەوە، دیسان و دیسان جارێکی تریش.

– «کاکە، نرخی مووشەکێک دەکاتە چەند دۆلار؟»

نازانم، بەڵام دەتوانم بە عیباد (کە ئێستا سەری لە کونی بۆڕیەی سۆپەکە ناوە) بڵێم کە ئێمە، هەم پارەی مووشەکەکان دەدەین و هەم بە تەقینەوەی خودی مووشەکەکانیش دەمرین. پتر لە جاری جاران، لە سیاسەت بێزار و دابڕاوم، بەڵام دەتوانم بڵێم لەم شەڕەی بە مل دا هاتوو ئێمە ویران بووین و کارگەکانی چەکسازی، ئاوەدان. ئەمریکا هێندە لێمان نزیک کەوتەوە، کە بەبێ ڕیشمانەوە نووسا. هێزەکانی شۆڕشەکەمان هیلاک و دوو دڵ و ئەوانی تریان نائومێد و لەبەین چوون. ئینگلستان و ئەورووپا بە گشتی لەم جەنگ و ئاشتییەدا، هەر خەریکی هەڵسەنگاندنی دەسکەوت و پشکی خۆیانن. ئیسرائیل وا خەریکە بە کلکی گوێز دەشکێنێ و جەژنی خوێنین ڕەمەنیمان بە ناردنی پەیامی پڕ لە سۆزەوە لێ پیرۆز دەکا!

– «دەیدۆزمەوە. دەیبینی!»

عیباد بە خۆی و دوو دانە دووپشکەوە کە خۆی لەو بڕوایەدایە، نێر و مێن، لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوێ ودەڵێ: «گاز، بەتڵی گازی سەفەری!» هاوسەرەکەی دەڵێ: «دەبێ بکوژرێن و لەسەربرینەکە دابنرێن. خۆیان دەوای ژەهری خۆیانن.» بەڵام عیباد دەیەوێ دووپشکەکان بکاتە کەباب. لەم نێوانەدا، برایەکەی عیباد وەژوور دەکەوێ و هەواڵ دێنێ کە برایە بچووکەکەیان لە جەبهە بە بۆمبای کیمیایی بریندار بووە. منیش چاودێری چاوە شەرمنەکانی عیبادم کە لەبەر ترووسکەی رق دەدرەوشێنەوە. ئاوڕ لە براکەی نادانەوە و دووپشکەکان لەسەر شیش و بە کەلبەتان لەسەر ئاگر رادەگرێ، تا بەتینی ئاگر ببرژێن و تەقێ دەپرسێ:

«خۆ شەهید نەبوو؟» و جارێکی تر زەوی دەلەرزێ.

**

سەرەڕای هێرشی دووبارەی عیراق، باس و خواسی ئاشتی بوتە شتێکی جیددی، لە هاوسێکەمانەوە هەواڵ دەگا کە: «خزمەکانی مێردەکەم بایی بیست ملیۆن تومەن دۆلاریان کڕی کە وڵات بەجێ بێڵن و روو لە هەندەران کەن. کاتێ نرخی دۆلار شکا، بە چەشنێ لە کەللەیان دا، کە هەر بە ڕاستی دەیانویست بچنە ناو شەقامەکان و هاوار بکەن: شەڕ! شەڕ! تاسەرکەوتن.» دەبیسم ژنی تەعمیرکاری تەلەفزیۆنی گەڕەکەکەشمان لەگەڵ بیستنی هەواڵی هێرشی دووبارەی عیراق، لە

خۆشیان کەوتۆتە چەقەنە لێدان. مێردەکەی ئەویش هەموو ژیانی خۆی کردبووە دۆلار و کڕینی ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن. شاگردی نەمایشگای ئۆتۆمبیلیش دەڵێ: «هەڵبەت نرخی ئۆتۆمبیل دابەزیوە، بەلام خۆ تا کۆتایی دونیا ناکرێ خوێن بە خوێن بشۆردرێ. هەر چۆنێ بێ کۆتایی هەموو شەڕێک ئاشتییە!». مامۆستا لەکار لابردراوی زانستگاش دەڵێ: «بۆچی ئێستا؟ نەدەکرا دوای ڕزگارکردنی (خرمشهر) ئاشتی بکرابا؟ چ دەبوو ئەگەر ئێمەش سەربڵند بایین؟ دەمەوێ بزانم شەڕ لە پێناو چیدا؟ بەلام ئێستا کە کراوە، بۆچی بەسەر شۆڕی؟ نەدەکرا بەسەر بڵندییەوە بە ئاشتی بگەین؟».

وەلێ ئاوارە جەنگییەکەی کرمەشانی کە گەفەشامی دەفرۆشێ، لەو بڕوایە دایە: «سیاسەت برا، سیاسەت! ئێمە چوزانین؟ هەر ئەوەبوو ئێمە ماڵ کاوڵ بین. شەڕ لەسەر لێڤی مەلا بوو. تاران تەنیا گەفەشامی فرۆشێکی کەم بووا».

ئاوارە، ژن و سێ منداڵ و ئۆتۆمبیلێکی «پەیکان»ی هەیە. ژنەکەی دەڵێ: «هەر هیچ نەبێ کوڕ و کچەکەم دەچنە زانستگا. هەردووکیان لە ڕووی هۆشیاری و ژیرییەوە بلیمەتن.» منیش بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ سەرێکی عیباد بدەم. دەترسم دڵم دەلەرزێ. چاکی بۆچووبووم. عیباد ڕەشپۆشە و جگەرە دەکێشێ. برا بچووکەکەی لەسەرەتادا وەبەر باری تۆپەکان کەوتبوو، جاری دووهەم بریندار کیمیایی و ئەمجارە........ عیباد خۆڵەمێشی جگەرەکەی دەتەکێنێ و دەپرسێ: «ئەگەر قەرار وایە ئاشتی بکرێ، ئیتر ئەم گردارییەی عێراق چ مانەیەکی هەیە؟ هێرشی عێراق بۆ سەر خاکەکەمان بۆ چییە؟» هەنسکم قووت دەدەم کە: «دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە چەندە چەپەڵن. ئەم شێتانە پێیان وایە، ئێمە گەلێکی فەوتاوین!». لە هەمانحاڵدا وای بۆ دەچم: مەبادا ئەمەش فێڵێکی نوێی سیاسی بێ، بەلام بە عیباد دەڵێم: «بە هەڵکەوت منیش لەو هەرزە دام. بەڵێ دەبێ هەمیشە ئامادەی بەرگری کردن بین، بە هەرحاڵ نابێ باج بدەین.» بەلام بە بیرم دێتەوە کە ئیتر قەرار نییە شەڕ درێژەی هەبێ. ئیتر بۆی نییە دەفتەرە بچکۆلەکەم دەربێنم تا ناونیشانی کارێکی بەردەست بدەم بە عیباد نیگام دەچەقێتە سەر دیواری ماڵ و ئەو دوویشکانەی عیباد بە دەمبروزەوە لە دیواری داون و بە زەردەخەنەیەکی ژەهراوییەوە دەڵێ: «ئەنتیکا» هاوسەرەکەیشی چا دێنێ و دەڵێ: «ئاگات لێیە. عیباد لەبەر بێ ئیشی چی دەکا؟».

لە دەرەوەی ماڵم و ماندوو و شەکەت لە نێوشەودا دەخولێمەوە و قسەی شاعیرەکەم دێتەوە یاد: «دەتوانی بیر لە چیرۆکێک بکەیتەوە کە پاڵەوانەکەی مووشەک بێ؟» نا. ناتوانم. لەو شتەی کە دژی مرۆڤە، تەنیا دەکرێ نەفرەتی لێ بکرێ. تەنیا نەفرەت. حەزدەکەم بیر لە چیرۆکێک بکەمەوە کە پاڵەوانەکانی دوو سەربازی ئێرانی و عێراقی بن. دوو سەرباز کە لە کۆتایی شانۆیەکەدا و لە گژماوی خنکێنەری کەنداوی فارس دا، یەکتر ڕزگار دەکەن. ئەوسا لە خۆم دەپرسم: «هەر ئێستا نووسەرە عێراقییەکە، ئەو نەفرەت لێکراوەی تر، بیر لەچی دەکاتەوە؟

لە لقە زەیتونێک؟

**٢ ئاگۆستی ١٩٨٨**
**تاران**

## پەراوێزەکان

١- مهدیە تهران: مزگەوتێکی گەورەیە لە باشووری تاران. هەر لە کۆنەوە تا ئێستا شوێنی وەعزاندنی مەلایەکانی ئێران بووە.
٢- بهشت زەهرا: گەورەترین گۆرستانی تارانە.
٣- ایران ناسیونال: کۆمپانیای ئۆتۆمۆبیل سازی و کەرەسەی ئۆتۆمۆبیلە لە ئێراندا کە دوای شۆڕش و دابڕانی پەیوەندی ئابووری ئێران لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پەکی کەوت و....
٤- حجلە: جۆرە کۆتەڵێکە بۆ شەهید و جوانەمەرگ دروستی دەکەن، بریتییە لە تاقچەیێکی ڕەشپۆش کە بە دەیان لەتە ئاوێنە و مۆم و گڵۆپی داگیرساو و وێنەی شەهید یان جوانەمەرگەکە دەیرازێننەوە.

**تێبینی:**
ئەم گوتارە لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری (دنیای سخن)دا بڵاوکراوەتەوە. هەروا ئەم گوتارە و دوو بابەتی تر و چاوپێکەوتنێکی دەوڵەت ئابادی پێکەوە، لەلایەن چاپخانەی (آرش) لە ستۆکهۆڵم چاپکراون.
کاتێک هەردوو سەرچاوەکەمان بەراورد کرد، بۆمان دەرکەوت کە لە چاپەکەی (دنیای سخن)دا دوو پەرەگرافی پەڕیوون. وێدەچێ گۆڤارەکە کە لە تاران دەردەچێ، ئەم دوو پەرگرافەی مەقسەست کردبێ.



# ئاخاوتن لەگەڵ کوردێک

ئامادەکردنی: مهاباد کوردی

ئەم ناونیشانەی سەرەوە ناوی نامیلکە شیعرێکی شاعیرێکی یۆنانی «ئەدۆنیس بۆدۆریس» ە و لە ساڵی ١٩٨٩ لە شام بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.
پێش ئەوەی بچینە ناو باسکردنی هۆنراوەکان و هێنانەوەی چەند نموونە لێیان، بە پێویستی دەزانم، گەر بەکورتیش بێ، باسی ژیانی شاعیر بکەم، بە تایبەتی پێشەکییەکەی شاعیر زۆر شتی ناو دڵ و دەروونی ئەومان بۆ روون دەکاتەوە، لەبەر ئەوە هەندێ لە پێشەکییەکەی لەم وتارەدا دەهێنینەوە.

**کورتەژیانێکی شاعیر**

* ئەدۆنیس بۆدۆریس، شاعیرێکی هاوچەرخی یۆنانی، پێشکەوتوخواز و خاوەن بیرکردنەوەو ووردبوونەوەیەکی مرۆڤ دۆستانەیە.
* لە دوورگەی «سیرۆس»ەی یۆنانی ساڵی ١٩٦٠ لە خێزانێکی کرێکار لە دایک بووە.
* پاش خوێندنی ئامادەیی، رووی کردۆتە ئەسینا و لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بواری رۆژنامەگەری دا کاری کردووە.
* لە ساڵی ١٩٨٠ بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی لە بواری کۆمەڵناسی‌دا چۆتە دەرەوەی وولات. لە پایتەختە ئەوروپییەکان ئاشنایی لەگەڵ پەنابەرە کوردەکان، و کۆچکردووەکان لە تورکیاوە پەیدا کردووە لە ئێش ئازاری ئەوان تێگەیشتووە و بووەتە دۆستێکی دڵگەرمی گەلی کورد.
* ئەدۆنیس بۆدۆریس گەلێ وتار و رێپۆرتاژی لە رۆژنامە و گۆڤارە یۆنانییەکان سەبارەت بە دۆزی کورد نوسیوە. هەروەها دیوانە شیعرێکی تریشی هەیە بە ناوی «تیشک»ەو لە یۆنان ساڵی ١٩٨٥ لە چاپ دراوە.

**پێشەکی شاعیر**

شاعیری یۆنانی بەم جۆرەی خوارەوە دەست بە پێشەکیەکەی دەکات:
کاتێ بۆ یەکەم جار تابلۆیەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە کوردستانم چاوپێکەوت، بۆ ماوەیەکی درێژ تێی رامام، پاشان لەسەر نەخشە لە رەسەتی میللەتێک دەگەڕام کە ژمارەی لە ٢٤ ملیۆن تێپەردەکات. لە ماوەی حەوت ساڵاندا پەیوەندی خۆم لەگەڵ شۆڕشگێرە کوردەکان بە قووڵی توند کرد، ئەم ماوەیەش باوەڕبکەم کورت نییە، درێژیش نییە، بۆ ناسین و فامکردنی داب و نەریت و ژیانی خۆ راگرانەیان.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەستم بە ئازایەتی کرد، بۆ ئەوەی پێنووس هەڵبگرم و، ئەم هۆنراوانەتان بۆ بنووسم، لێم ببورن.....!

ئەم هۆنراوانە بە خورسکی لە دڵم، وەک ئاوی نێو تاشەبەردی چیاکان لە ناخەوە هەڵقوڵاوە. ناچمە کوردستان لە شەوانی درێژی زستاندا، کاتێ پیاڵە چایەکان گەرموو تۆزێوەکانیان گەرم دەکردینەوە. پاش کودەتای سەربازی‌ولە تورکیا لە ساڵی ۱۹۸۰»، لە مێژووی ئەم جەنگە کودەتاییەم توژیەوە لە دەمی ئەو لاوە ئاوارانە، گەلێ شت دەربارەی فێر بووم، هەروەها هەڵوەستم کرد لەسەر ئەو هەموو ئازارانەی کە لە گرتووخانە و زیندانەکاندا چەشتبویان. ئاشنابیم بە زیانی سەختی گوندەکانیان ئاشنا بووم. ئەمانە هەموویان وایان لێ کردم کە شەرم دامبگرێ و گوشەگیر بم و بیر لە دەنگێ بکەمەوە. ئەڤین لە خاکی کوردەکان، دولبەرە چاوەڕوانکەرەکانی ئەوێ و گوڵ کێویەکان و کزلانەکانی دیاربەکر و ئەو وتووێژانەی کە لە چایخانەکاندا لە ئارادان.... ئەمانە گشتیان لە مێشکزلەمدا چەندەها دیمەن و تابلۆی دەولەمەندیان کێشا. لە میانەی ئەوانەوە بە خەیاڵ چوومە هەر دەرێکی نیشتمانەکەتان، وەک ئەوەی کە بە گەشتێکی گەڕیدەیی چووبم بۆ «وان»، کە دەریاچەکەی لەبەر چاوم درێژ دەبێتەوە.... یاخود لە دەرگایەک ئەدەم لە «نوسەیبین».... لە سلێمانی لە دۆستێک ئەگەڕێم.... یان لە ئاوی مەهاباد ئەگەرێم...! یان لەسەر پشتی ئەسپێکم لە ناو چیا سەرکەشەکانتان، بە دوای هەندێ لە پێشمەرگەکانتاندا وێڵم یان لە کوچە و کزلانەکانی هەکاری، ئاشنایی لەگەڵ ئەو جۆتیارانەدا پەیدا دەکەم کە لە کار دەگەڕێنەوە...

لەوانەیە بابەتەکەم بە ئەندیشە و رۆمانسیەتی خۆم گەورە کردبێتەوە، بەڵام من بەم جۆرە کوردستان ئەبینم، و بەم جورەش لەگەڵی ئەژیم....!

هەواڵەکانی جەنگ لە کوردستان رۆژانە لە یۆنان بڵاو دەبنەوە، و بە خێراییەکی سەرسوورهێنەریش، هویە نوێکانی راگەیاندن دەیانقۆزنەوە. بەڵام ئەم هەواڵانە تێنوویەتی گەلی یۆنانی ناشکێنن کە دەخوازێت دەربارەی هەر شتێک زانیاری هەبێت لە کوردستاندا روویدات. پێویستە زیاتر لەمە بڵاو بکرێتەوە و زیاتر بنوسرێت.

ئەزموونەکانی گەلی یۆنانی دژ فاشیزم و بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوەکانی خۆ بەستنەوە بە ئیمپریالیزم، داب ، داب و نەریتێکی رەگ داکوتاون لەم گەلەدا. هێزە پێشکەوتنخوازەکانی هاریکاری هەموو ئەوانە دەکەن کە بەرهەڵستی ئیمپریالیزم دەکەن. بۆ نموونە لەسەر ئەم هاریکاری کردنەش کەم نییە سوپاستان دەکەم کە رێگەتان پێ دام. هەرچەندە لەسەر کاغەزیش بێ.. رقی چینایەتی خۆم دەربڕم، هیوا و ئاواتەکانی خۆم دەربڕم دژ بە وانەی کە لە ئازادی و سەربەستی بێ بەشی کردن. کاتی ئەم هۆنراوانەم دەنووسی، بە گوێرەی توانا خۆم بە کورد دادەنا.

هەستم بە گوندەکانتان، و ئاوەکانتان و دایکەکانتان، ماڵەکانتان و جەنگەکانتان دەکرد.... کەر سەرکەوتو نەبیم لە دەربڕینی ئەم هەستانە، رێگەم پێدەن تاوەکو داوا لە گشت بزووتنەوە کوردییەکان بکەم بۆ ئەوەی لە دژی زۆرلێکردن و لە پێناوی کوردستانێکی ئازاد- هەڵبەتە بە گوێرەی تێگەیشتنی من- خەبات بکەن...!

........................(...)

لە وانەیە ئەم هۆنراوانە جوان بن، لەوانەشە حراپ.. زۆر خراپیش بن، بەڵام چونکە لەبەر ئەوەی شوێنی خۆم لەگەڵ ئێوە هەڵبژارد، بەم شێوەیە بۆ بەشدار بوون و شوێنێکی تریشم هەڵنەبژارد، جا بۆ

ئەمە داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم....!

ئەدۆنیس بۆدۆریس

**چەند نموونەیەک لە هۆنراوەکانی شاعیر**

هەڵبەتە زۆربەی زۆری هۆنراوەکان باسی ستەمدیدەی گەلی کورد دەکەن. بێجگە لە سروشتی رازاوەی کوردستان و چەند بابەتێکی تریش کە بوونەتە هەوێنی هۆنراوەکان. شاعیری یۆنانی لە هۆنراوەکانی« بێ دەنگیمان بسووتێنن » دەڵێت:

حیساب تێکەڵ بوو
قوربانییەکان بێ ژمارەن و
شێخ سەعیدەکان
ئاژمێردرێن و .
جەللادەکان،
بێ کۆتایین و
خاکی تۆش،
درێژبوونەوەیەکی بێ کۆتاییە..!
ئێمەش..
لە «ئەسینا»
لە «سیلانێک»،
لە «کرێت»
هەواڵەکان لە رادیۆوە دەبیستین

هەر لە هەمان هۆنراوەدا دەڵێت:

لەم کاتژمێرەدا ئەی «سەردار»
لەم کاتژمێرەدا ئەی «سێدار»
لەم کاتژمێرەدا ئەی هەڤاڵ،
کۆترێکمان بۆ لە کوردستانەوە بۆ هەڵدەن


وا دیارە سووتانی «بیوک قەیا» ی کوردستان زۆر سەرنجی شاعیری راکێشاوە بۆیە پڕ بە دەمی هاوار دەکات:

دەبێ کوردەکان رزگار بن....!
دەبێ شکستی بە ئیمپریالیزم بهێنرێت....!
دەبێ هەربژی
«بیوک قەیا»....!

لە شوێنێکی تردا شاعیر باسی تەنگوچەڵەمەکانی ژیانی مرۆڤی کورد دەکات، ئەو مرۆڤەی کە لە پێش چەندەها سەدەوە و تا ئێستاش چارەنووس و بەشی تەنیا هەر ستەم و زۆرلێکردن بووە. ئەمەش

تەواوی هۆنراوەی مانای ژیان»:
بە شەرەفم، هەرچەندیش بترسێم.
بترسێم، لەبەر ئەوەی بەشەرەفم...!
لەبەر دەستی جەللادەکان هەر دەژلێم و
شکانی ئێسقانەکانم دەبیسم،
لەبەر ئەوەی بە شەرەفم...
شەوان، لە زیندانی تەنیایی
جوانترە لە رۆژانی جەللادەکان!
ئاشنای ئازارەکانی گەلم
کە هەرگیز چۆکی دانەداوە،
بە چاوانی تەڕی فرمێسکاوی،
بەفری چیاکان ئەبینم.
ئەچمەوە لە بەرامبەر بەیتەکانی«جگەرخوێن»
کە پڕن لە ئیمان.
ئەم داستانە بێ کۆتاییە ئەی هەڤاڵ...!

*تێبینی: بۆ نوسینی ئەم ووتارە سوود لە نامیلکە شیعریەکەی شاعیر وەرگیراوە: حدیث مع کردی، للشاعر الیونانی ادونیس بودوریس، ترجمه: دحام عبدالرحمن، الطبعه الاولی، دمشق/ دار الکتب العربی ١٩٨٩.*



# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 4 - 1992

Editor in chief

*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Technical Editor

*Dylan Dersim*

Sweden

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 4 - 1992

